PDF4Kurd

تیپی شانۆی سالار

ۆڤاری شانۆ

کتێبی ژمارە (6)

# ئەزموونکاریی لەشانۆدا

## کۆمەڵە وتارێکی شانۆیی

شۆڕش محەمەد حسێن

سلێمانی / 2007

www.pertwk.com

**لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ**
**ژمارە** (6)
خاوەنی ئیمتیاز: **ئەحمەد سالار**
سەرنووسەر: **ئەرسەلان دەروێش**

- **ناوی کتێب: ئەزموونکاریی لەشانۆدا**
- **ناوی نووسەر: شۆڕش محەمەد حسێن**
- **بابەت: کۆمەڵێ وتاری شانۆیی**
- **دیزاین و بەرگ: یادگار ئەورەحمان**
- **چاپی: یەکەم**
- **چاپخانەی تیشک / سلێمانی**
- **تیراژ:** 600 **دانە**
- **ژمارەی سپاردن: (        )ی ساڵی** 2007

* شێتییە گوزارشت لە هەستێکی نویٚ بکەین بەشێوەیەکی باوو و کۆن .. چونکە بیرۆکە لە شانۆی ئەزموونگەریدا لەوەدا نییە کە هەبێت، بەڵکو لەوەدایە کە ببێت..."

جاری

*بەتەنها ئەزموون دەتوانێت شانۆ لەو هەموو شتە زیادانە رزگار بکات کەتێکەڵی بوون کەکۆمەڵە بۆماوەییەکی نەزۆکن و توانای گەشەیان نییە"..

گرۆتۆڤسکی

www.pertwk.com

***بەبێ ئەزموونی شانۆیی، ئەزموونی هونەری خاو دەبێتەوە، واتە لەناو دەچێ و نابێتە هاوچەرخ، لێرەوە ئەزموونی شانۆیی پێویست و حەتمی بوو بۆ ئەوەی شانۆ رووبەڕووی چەق بەستن و لەناو چوون نەبێتەوە ...**

**برێخت**

*** شانۆی پاشەڕۆژ شانۆیەکی روانین دەبێت ...**

**گۆردن کریگ**

# ناوەرۆك


پێشەکی ...... دانا ڕەووف 7
فەلسەفەی ئەزموونی شانۆیی 11
خوێندنەوەی‌نمایشی ئەزموونگەریی 21
نوێخوازی لەشانۆی سەدەی بیستەم 29
دەربڕینگەرێتی لەشانۆدا 37
نواندن لەشانۆی گرۆتۆڤسکی 49
شانۆی ئارتۆو میتافیزیکای‌زمان 57
جوڵە لەشانۆدا 65
تۆماشفسکی و زمانی شانۆییە نوێکەی 71
ماکبێس تاریکترین تێکستەکانی شکسپیر 79
گرۆتۆڤسکی لەیادی کۆچکردنیدا 87
دەمامك جوانکارییە یان شێواندن 95
–شانۆی‌گریك ڕەگێکی ئاینی و ڕوخسارێکی ئاهەنگسازی 103
شانۆی ( نو)ی ژاپۆنی باوەڕێکی ئاینی وئەفراندنێکی هونەری 113
شانۆی مەرگ لەلای کانتۆر 121
ئارسەرمیلەر میراتگری کەلەپوری شانۆی جیهانی 127


www.pertwk.com

نوێترین ئەزمونی پیتەربروك 135
ئاریان منوشکین و گۆڕینی شانۆ بۆ شیعرێکی بێگەرد 141

# پێشەکی

هیچ کاتێك هێندەی هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوو گفتوگۆ لەسەر زاراوەی "ئەزموونکاریی"لەشانۆی کوردیدا نەکراوە. لەو سەردەمەدا ئەزموونکاریی هەوڵدانێك بوو بۆ دابڕان و دۆزینەوەی ڕێگاو تێڕوانینی نوێ لەناو شانۆی

كوردیدا .ئەو هەوڵدانانەش هەم پیشاندانی شانۆنامەكان بوو بە شێوازێكی پراكتیكی نوێ و هەم هێنانەكایەی شێوازێكی نوێ بوو بۆ گفتوگۆكردن و لێكۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەوتە شانۆییە.

بێگومان كۆمەڵێك زۆر بەتووندی بەرگرییان لەم تەوژمە دەكرد و هەندێكیش دژی وەستابونەوە و بەهەموو شێوەیەك بەرهەڵستیان دەكرد،بەهانەی ئەو كەسانەشی كە دژی ئەزموونگەریی دەوەستانەوە لەشانۆی كوردیدا،ئەوە بوو كە بەلاسایخوازی و فۆڕمی بێ ناوەڕۆك وێنەی ئەبستراكتی دوور لە واقیع و زۆر شتی تری لەمجۆرە ئەو كارە شانۆییانەیان تاوانباردەكرد.

بەڵام ئەزموونگەریی بووە هێزێكی بزوێنەر و ئەوانەشی بەرهەڵستیان دەكرد ،وورده وورده بونە بەرگریكار و شانۆی كوردیش هەرگیز جارێكی تر نەگەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی.

ئەمڕۆ لە كوردستاندا سەرلەنوێ ئەم پرسیارانەو هەندێك پرسیاری هەنوكەیی تریش لێرەو لەوێ سەری هەڵداوەتەوە، زۆر كەسیش بە بەردەوامی ئاماژە بۆ ئەو ڕۆژگارە دەوڵەمەند و ڕەوتە گەرموگوڕەی شانۆی كوردی دەكەن .

بێگومان ئەم قۆناغە شایانی لێكۆڵینەوە و ئاوڕلێدانەوەیەكی جدی و فراوانە،دەكرێت لێكۆڵینەوە لەسەر هۆكارەكانی،تەوەرەی گفتوگۆكان،ستایلی نمایشەكان،ڕۆڵی بینەران،وتارە ڕەخنەییەكان،خودی نمایشەكان و بارودۆخە ڕامیارییەكەی ئەو كاتەی كوردستان و تەنانەت ڕۆڵ و دەسەڵاتی هونەر و هونەرمەندانیش بكرێت.

ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە چەند قەڵەمێكی دڵسۆز دەیانەوێت سەرلەنوێ و بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پرسەكانی ئەو ڕۆژگارانە سەرلەنوێ زیندووبكەنەوە،پرسیاری نوێ بوروژێنن و بەدوای هۆكارەكانی قەیرانی شانۆی

کوردیدا بگەڕێن،بێگومان نووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردنی بابەتی شانۆیی جۆراوجۆریش،رۆڵێکی لەبەرچاو دەگێڕێت و ئاسۆیەکی دەوڵەمەند فەراهەم دەکات بۆ خولْقاندن و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و سەرلەنویٚ بەگەڕخستنەوە و چالاککردنی بزوتنەوەی شانۆی کوردی.

"ئەزموونکاریی لەشانۆدا"کە شانۆکار کاك"شۆڕش محەمەدحسێن"،وەك کۆمەڵە وتارێك هەڵبژاردوون و وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، بیرخستنەوەیەکی گونجاوی ئەو رۆژگارانەیە و لەهەمانکاتیشدا هەنگاوێکی باشیشە بۆ گەڕانەوەی پرسەکانی ئەزموونگەریی لە شانۆی کوردیدا. کتێبەکە کۆمەڵیٚ وتاری جیاواز لە ڕووی ناوەڕۆك،ئاست و دیدی ئەزمونگەرییەوە سەبارەت بە شانۆ لەخۆدەگرێت و هەر یەکێك لەو ووتارانەش کەم یان زۆر پێگە و پێداگرتنێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی وتاری ئەزموونگەرییە لەشانۆی جیهانیدا.

کاك شۆڕش محەمەد حسێن بە زمانێکی پاراو و بە هۆشمەندییەوە ووتارەکانی وەرگێڕاون و ئامادەیکردوون و لەم کتێبەدا کۆیکردوونەتەوە.

هەڵبژاردنی ئەم باسانە بۆ خۆی پیشاندانی جیاوازییەکانە لەناو ڕەوتی شانۆی جیهانیدا،هەروەها دوپاتکردنەوەیەکی تری مێژووی دێرینی ئەزموونگەریی و بەردەوامبوونی هەمیشەییەتی. چونکە شانۆی ئەزموونگەریش هێندەی مێژووی شانۆی جیهانی دێرینە و بەڕای من سەرەتاکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی کۆنی گریکی و هەر لەو سەردەمە دێرینەشەوە شانۆ پێیناوەتە ناو گۆڕانکارییە بەردەوام و هەمیشەییەکانییەوە.

سوپاس بۆ ئەم کتێبەی کاك شۆڕش،تەمەنادەکەم بەرهەمی جوانتر و دەوڵەمەندتری بەدوادابێت.

**دانا ڕەووف**
**سەرەتای ئابی** 2006
**ستۆکهۆڵم**

www.pertwk.com

# فەلسەفەی
# ئەزموونی شانۆیی

www.pertwk.com



# فەلسەفەی ئەزموونی شانۆیی

زاراوەی ئەزموونگەریی زاراوەیەكی زانستییە "داروین" وەك چەمكێكی رزگار بوون لە تیۆرە كۆنەكان و لە هەوڵێكیدا بۆ دۆزینەوەی راستییە نوێیەكان لە نیوەی چەرخی نۆزدەدا لە تیۆری "گۆڕان"دا بەكاری هێناوە.

هەروەك چۆن"كلۆدبرناد" لە لێكۆڵینەوەكەیدا "پێشەكییەك بۆ تاوتوێكردنی زانستیی پزیشكی ئەزموونگەریی"بەهەمان واتا بەكاری هێناوە.

ئەم چەمكە بەسەر بواری هونەری شێوەكاری لە سێیەكی كۆتایی چەرخی نۆزدەدا پراكتیك دەكرێ كە خۆی لە تەوژمی "ئینتباعییەت" دەنوێنێ، كە لەسەردەستی "مانێ" و "مۆنێ" دروست بوو، بەرزگار بوونیان لە رێچكەی وێنەكردنە كۆنەكان و دۆزینەوەی هۆكارە نوێیەكان كە پشتی بەكاریگەریی رووناكی رۆژ بەستووە لە ئاوەژووكردنەوەیدا بەسەر سروشت .. ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ دەركەوتنی لێكۆڵینەوە زانستییەكان لە بواری "رەنگ"دا و بەمەش رێخۆشكرا بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئینتیباعیەتی نوێ لەسەردەستی "سیزان " و "سورا" لەسەرەتای چەرخی بیستدا و لە پاشان دەركەوتنی بزاڤی نوێی تر لە هونەری وێنەكێشاندا وەك سەرهەڵدانی بزاڤی وەحشییەت لەسەردەستی "ماتیس"و "تەكعیبیەت" لەسەردەستی "پراك"و "پیكاسۆ" و تەجریدیەت"ئەبستراكت" لەسەردەستی "كاندنسكی" و ئایندەخوازی "المستقبلیة" لەسەردەستی "مارنیێتی"و تەعبیریەت لەسەردەستی "كوكوشكا".

ئەمانەش بوونە هۆی سەرەتایەك بۆ دروست بوونی تەوژمە تەجریدییەكانی تر كەلە خاڵی كۆتاییەوە دەستی پێدەكرد بۆ پەرەپێدانی ئەم هونەرانە جا یا بە شۆڕشكردن بێت بەسەریاندا یا وەك پەرەپێدەرێك بۆی.

لەبواری وێژەشدا ئەم زاراوەیە لەلای "ئەمیل زۆلا" بەكاریگەربوونی بە تیۆرەكانی "داروین" و "كلۆد برنارد"دەركەوت. كە بووە هۆی ئەوەی زاراوەی "رۆمانی زانستی " بەرهەمبێنێت. لەمەشدا لە تیۆرە كۆنەكانی ئەدەب رزگار بوو كە كۆمەڵە تیۆرێكی بەستراوە بوون بە "كلاسیكیەت" و "رۆمانسیەت".

هەروەها ئەزموونگەریی لە فەلسەفەدا لە كۆتایی سییەكان و سەرەتای چلەكانی چەرخی حەڤدەدا لەلای "دیكارت" بە جەخت كردنی لەسەر "خود" دەركەوت و تیۆرەكەی لەسەر ئەو كۆجیتۆیە دامەزراند كە دەڵێ :"من بیردەكەمەوە كەواتە من هەم".

لە راستیدا لە بواری شانۆشدا لە كۆتایی چەرخی نۆزدەدا زاراوەی ئەزموون لە شانۆیی "ئوبوی پادشا"ی "ئەلفرێد جاری"نرا كە شەوی "10"ی دیسەمبەری ساڵی "1896" پێشكەش كرا. كە بووە نموونەیەكی باڵای شانازی خاوەن بزاڤەكانی ئایندەخوازی و دادائیەت و سوریالیەت و تەوژمەكانی ئەبسۆرد و چەندین تەوژمی نوێی تر.

ئەگەر بەكارهێنانی زاراوەی ئەزموون لە بواری وێژەو هونەرە جیاوازەكاندا "سەدو پەنجا" ساڵ تێپەڕنەكات، ئەوا هەمان چەمك دەكرێت بەسەر سەرەتای زانست و هونەرو فەلسەفەكان، لەسەرەتاكانی یەكەمیانەوە پیادەبكرێت. بەو پێیەی كە هەموو دۆزینەوەیەكی نوێ لە تەكنیكی كۆن رزگار دەبێت ئەوە ئەزموونە، بەواتایەكی تر ئەزموون كەرەستە جیاوازە كۆنەكان تێدەپەڕێنێ و گەشەی پێ دەدات یاخود ئەو زناكانە دەدۆزێتەوە كەلەگەڵ سروشتی

سەردەمدا دەگونجێت، تا زانست و هونەرو فەلسەفەكان لەگەڵ پێشكەوتنی مێژوودا گەشەبسێنن، بەڵام ئەگەر ئەوەی دۆزرایەوە بووە موڵكی زەمەن و تەكنیكێكی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەو دەمە دەچێتە خانەی رابردووەوەو دەبێتە كەلەپوورو وشەی ئەزموونی لێ دەتەكێتەوە.

بەم واتایە شانۆی ئەزموونگەریی دەبێتە ئەو شانۆیەی كە بەسەر سیستەمی شانۆی " باو" یاخی دەبێت، بەو پێیەی كە سیستمێكی شانۆیی ناتوانایە لە هاوەڵی كردنی رەوتی مێژوو. هەربۆیە شانۆی ئەزموونگەریی لە بواری بنەماكانی گەمە شانۆییەكەدا لە هۆشیارییەكی مەبەستگەراوە هەوڵی دۆزینەوەی رێگەی نوێ دەدات.. وەك هەوڵێك بۆ تێپەڕاندنی كەرەستە جیاوازەكان و گەشەكردنی بەجۆرێك لەگەڵ گەشەی كۆمەڵ و جووڵاندنی بگونجێ.

بۆئەوەی كاری شانۆیی كارێكی ئەزموونگەریی بێت دەبێت لەیەكێك لە بنەماكانی گەمە شانۆییەكەدا یا لەسەرجەمیدا وەك:" دەقی شانۆیی ، دەرهێنان ، دوواندن ، پێوەندی تەختەی شانۆ بە بینەران و زناكەكانی تری نمایشی شانۆییدا "داڕشتەیەكی نوێی بۆ بدۆزرێتەوە.. داڕشتەیەكی ئەوتۆی نوێ كە سەرجەم ئەو داڕشتە شانۆییە ناسراوانە تێپەڕێنێت كە لە "ئەرستۆ"وە تا ئەمڕۆكە پێمان گەیشتووە.

بەنموونە دەبینین " تسبس" یەكەم ئەكتەری بۆ پرۆسەی شانۆیی زیاد كردو "ئەسخیلۆس" ئەكتەری دووەم و "سۆفۆكلیس" ئەكتەری سێیەم..

هەربۆیە ئەم سیانە بەزیادكردنی ئەكتەر بۆ پرۆسەی شانۆیی دەبنە خاوەن ئەزموون و بەو پێیەش بەزیاكردنی "ماسك و جلوبەرگ و پێڵاو و چەندین

www.pertwk.com

زیادەکاری نوێی تر" پرۆسەی شانۆییان گەشەپێدا، بەڵام ئەمرۆکە لەو ڕوانگەیەوە تەماشا ناکرێت، بەڵکو ئەمان ئێستا کەلەپووری شانۆی کۆن پێکدەهێنن و چوونەتە خانەی رابردووەوە.

## ئەزموونێکی زۆر

لە ڕاستیدا شێوەیەکی دیاریکراو یاخود میتۆدێکی دیاریکراو بوونی نییە بۆ پێکهێنانی ئەزموون لە شانۆدا، لەو بوارەشدا مێژوو چەندین ئەزموونی زۆرو جیاوازی لە خۆگرتووەو هەر ئەزموونێکیش لەوانە لەوی تر جیاوازە، ئەمەش بەهۆی ئەو بەرنامە و میتۆدە هونەرییەوە کە هونەرمەند کاری پێ کردووە لەگەڵ ئەو ڕوانینە تایبەت و جیاوازەی کە بۆ جیهان هەیبووە.

بەنموونە ئەزموونگەریی لە نواندندا لەلای"ستانسلاڤسکی" دەرکەوت ئەو دەمەی سوودی لە یاساکانی زانستی دەروونی وەرگرت و هەوڵی پراکتیککردنیدا لەسەرشانۆو لە پاشاندا"لیستراسبرگ" ئەم چەمکەی فراوانتر کرد، لەلای "برێختیش" ئەزموونگەریی لە ڕێگەی چەمکە جوانکارییەکەی بۆ جیهان بەدەرکەوت کە چەمکێکی ماددییە.

هەروەها ئەزموونگەریی لە بواری پێوەندی ئەکتەر بە بینەرانەوە "مایرهۆڵد" بنیاتی نا، ئەوکاتەی وای لە ئەکتەرەکان کرد کە لە نێوەندی بینەراندا بجووڵێنەوە. لەم بوارەشدا "بیسکاتور" کاریگەر بوو بە "مایرهۆڵد" و پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ بینەراندا دروست کرد.

"ئیفرنیوفیش" لە نمایشدا گرنگییەکی تایبەتی بەلایەنی بینین دا.. بەو پێیەی وشەکان رۆڵێکی یارمەتیدەر دەگێڕن لەسەر شانۆ، چونکە زۆرتر بەچاو دەبینین وەك بەگوێیەکانمان ببیستین.

لەبیستەکانی چەرخی بیستەمیشدا "مایرهۆڵد" تیۆرەکەی لە جوڵەی سەر تەختەی شانۆدا گەشەپێداو ناوی نا "بایۆمیکانیکی" کە جۆرێکە لە جۆرەکانی راهێنانی وەرزشی و ئەکرۆباتیکی بۆ ئەکتەر و ئامانج لێی گەشەپێدانی تواناکانی ئەکتەرە، واتە پشت بەستن بە یاسا میکانیکییەکان لە هەوڵێکیدا بۆ دۆزینەوەی توانایی گوزارشتی شانۆیی نوێ جگە لە وشە.

## شانۆی روانین

" ئەلکسەندەر تایرۆف" بنەماکانی هونەری لە شانۆدا کۆکردەوە و وای دەبینی کە گروپی شانۆیی دەبێت لە سەماکاری باڵێ و گۆرانیبێژی ئۆپێراو یاریزانی سێرك پێك بێت .

هەروەك "مایرهۆڵد" جەختی لەسەر جووڵە دەکردەوە کە لە ئەکتەر گرنگترە، سەرجەم ئەم بنەمایانەشی لە شانۆی "روانین"دا کۆکردەوە... وەك چۆن "گۆردن کریگ" پێشبینی کردبوو ئەو دەمەی وتی : "شانۆی پاشەڕۆژ شانۆیەکی روانین دەبێت".

"کریگ"خۆی هەوڵی هێنانەدیی ئەم کۆجیتۆیەیدا لە چوارچێوەیەکی شاعیرییەوە، بەڵام شکستی هێنا ... هەروەها ئارتۆ "کە بە باوکی شانۆی نوێ ناودەبرێت و تیۆرەکەی لە شانۆدا لە چەندین ئەزموونی شانۆیدا سوودی

www.pertwk.com

لیَ وەرگیراوە" هەوڵی هێنانەدی هەمان شتی دا لە روانینێکی وەحشیانەوە، بەڵام بەهەمان شێوە شکستی هێنا.

ئارتۆش درێژکراوەی "جاری" بوو و لە ساڵی (1927) دا شانۆیەکی بەو ناوەوە دامەزراند، بەڵام شکستی هێنا لەوەی کە روانینەکەی لەسەر شانۆ بەرێگە توندوتیژەکەی پێشکەش بکات.

لە پاشاندا و لە چلەکانی چەرخی بیستەمدا " یۆنسکۆ" هات بۆ ئەوەی جارێکی تر گوزارشت لە بۆچوونەکانی "جاری" بکات ئەودەمەی "کۆلێژی باتافیزیکی " ی دامەزراند، تا تەوژمی شانۆی ئەپسۆرد لە نیوەی چەرخی بیستەمدا دروست بوو.

ئەوەی جێی ئاماژە کردنیشە ئەوەیە کە شانۆی ئەپسۆرد لە هەندیَ خاڵدا نەبێت وەك "تێکشکاندنی زمان و نمایشکردنی روانینی عەقڵی ناوەکی و خەون و نەستەکانی مرۆڤ لەسەر تەختەی شانۆ" لەگەڵ روانینەکانی ئارتۆدا کۆك نەبوو.

بەمجۆرە دەبینین کە شێوەو شێوازێکی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی ئەزموون لە شانۆدا نییە، چونکە هەیە جەخت لەسەر بەهای ئەکتەر دەکات لە نمایشی شانۆیی هەروەك "ستانسلاڤسکی "و"لی ستراسبرگ" و "گرۆتۆفسکی" ئەنجامیاندا و هەشە دەیەویَ ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا بە بووکەشووشەی شانۆیی بشوبهێنیَ وەك هەوڵدانی "گۆردن کریگ".. هەروەها تاقیکردنەوەکانی "ئاپیا" جەختی دەکردە سەر گرنگیی "رووناکی" لە نمایشی شانۆییدا.. ئەمە و تاقیکردنەوەکەی "ڤاگنەریش" گرنگیی رۆڵی مۆسیقای لەکاری شانۆدا دەرخست، ئەمە جگە لە تاقیکردنەوەکەی "برێخت" لە گرنگیدان بە تەکنیکی نمایشی "داستان"کە پاشان گەشەی پێدا بۆ

تەکنیکی شانۆی دیالەکتیکی ... هەروەها دەبینین "بسکاتۆر " لە ئەزموونە شانۆییەکانیدا لە "بەرلین" بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە تەکنەلۆژیای نوێ بەست، لەبەرامبەردا "گرۆتۆڤسکی" لە شانۆکەیدا ئەوەی رەتکردەوە کە پشت بەهۆکارە نوێیەکانی تەکنەلۆژیا و هونەرەکانی تر ببەستێت ... چونکە لای ئەم دەرهێنەرە ئەکتەر بەکرۆکی هونەری شانۆیی لە قەڵەم دەدرێ .. هەروەك چۆن "جولیان بیك" هۆڵ و دیکۆری شانۆیی بەشێوە باوەکەی رەت دەکردەوە.

بەم پێیە ئەزموون لە شانۆدا بریتییە لە گەڕان بە تەکنیکە ناسراوەکاندا لە پێناوی تێپەڕاندنیان و بۆ دۆزینەوەی میتۆدێکی شانۆییە کە هاوکاری لە گەشەدانی تواناکانی شانۆدا بکات لە ڕێی دانانی چەند بنەمایەکی نوێ لە هونەری شانۆدا لەجێی ئەم بنەما بۆماوەییانە .

هەروەك چۆن "جاری" دەڵێ :" شێتییە گوزارشت لە هەستێکی نوێ بکەین بەشێوەیەکی باوو و کۆن.. چونکە بیرۆکە لە شانۆی ئەزموونگەریدا لەوەدا نییە کە هەبێت، بەڵکو لەوەدایە کە ببێت..."... ئەزموونیش هەروەك گرۆتۆڤسکی دەڵێ : "شانۆ لەو هەموو شتە زیادانە رزگار دەکات کەتێکەڵی بوون و کۆمەڵە بۆماوەییەکن کە نەزۆکن و توانای گەشەیان نییە".. هەروەها "برێخت " یش دەڵێ : "بەبێ ئەزموونی شانۆیی، ئەزموونی هونەری خاو دەبێتەوە" واتە لەناو دەچێ و نابێتە هاوچەرخ، لێرەوە ئەزموونی شانۆیی پێویست و حەتمی بوو بۆ ئەوەی شانۆ رووبەڕووی چەق بەستن و لەناو چوون نەبێتەوە..

## سەرچاوە:

www.pertwk.com

گۆڤاری "الكويت" ژماره "84"ی سالّی "1989" فلسفه التجريب المسرحی ـ د. احمد سخسوخ.

# خوێندنەوەی
# نمایشی ئەزموونگەریی

www.pertwk.com



## خوێندنەوەی نمایشی ئەزموونگەریی

چۆن دەقێکی شانۆیی ئەزموونی دەخوێنینەوە؟! یان چۆن بەتەماشاکردن نمایشێکی ئەزموونی وەردەگرین ؟!

پێوەندیی نێوان نمایشی ئەزموونی و وەرگر پێوەندییەکە پێویستی بەڕوانینێکی تایبەتی هەیە لەهەریەك لەو دوو لایەنەوە... هەردووکیان دەبێت چێژ لە ئامادەیی تایبەتی وەرگرن لەبارەی فراوانکردنی بیرۆکە و بۆماوەییە ڕۆشنبیری و شارستانییەکان، هەربۆیە خاوەنی نمایشی ئەزموونی یان وەرگر، پێویستی بەکارتێکەری زۆر هەیە تا پرۆسەی کێشکردن و کارتێکردن دوور لە بنەمای دابڕان و ڕەتکردنەوە پێکبێت.

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدەینەوە پێویستە لەسەرەتاوە لەبارەی ماهیەتی ئەزموون پێکبێین ..

ئەزموون تێکشکاندنی زنجیری زیندانە تەقلیدییەکانە لە پێناوی ڕۆحە ئازادەکان و رزگاربوونە لە هەموو جێگیرە پیسبووەکانی رابردووی دورودرێژ. کەواتە لەڕێی ئەم واتایانەوە لەوە دەگەین کەنمایشە ئەزموونییەکان کۆمەڵە نمایشێکی تەواو پێچەوانەی هەموو شتە باو وگونجاوەکانە، بەم واتایەش

www.pertwk.com

بەرهەمی ئەزموونی بەرەو سەرکێشی دەردەپەڕێت و بۆ ئەوەی سەرکێشی بکەین ئاساییە ئەگەر هەڵەش بکەین، سەرکێشیش بەسروشتی خۆی بەمەترسی دەورەدراوەو لەبەرئەوەی هونەرو بەرهەمە ئەدەبییەکان بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی، مەسەلە تیۆرییەکانیان ڕێژەییە و ملکەچی قاڵب و ڕێبازێکی جێگیرنین، هەربۆیە گرەنتی نەرمونیانی لە هەڵبژاردنی رووخسارە گونجاوەکان بۆ ناوەرۆکە جیاوازەکان فراوان دەکەن.

ئەگەر ئەزموون مانای رزگاربوون بێت لە کۆن و بۆماوەییە دۆگماکان لە شێوەو دارشتەکاندا، ئەوا مانای ژاوەژاوی و تەمومژی ناگەیەنێت، چونکە بەشێوەیەکی تایبەت لەشانۆدا بواری پێ نەدراوە و ژاوەژاویش بەرهەمێکی شانۆیی "جاد" پێکناهێنێ و تەمومژیش بەهۆی شکستی ئاستەکانی "تێگەیشتن" تێیدا ڕێ پێنەدراوە، هەربۆیە دەبینین کە گرنگترین دوو بنەما کە ئاکامەکانیان بەرهەمێکی ئەفرێنەرانە تێکدەدەن "ژاوەژاو و تەمومژی"ن، ئەوەی لەم دوو بنەمایەدا زۆرە "شیعرە". بەتایبەتی شیعری هاوچەرخ، زۆرلەشاعیرەکان دەبینین کە بەلێشاو بەبڵتەبڵتی بێ مانا دەنگیان بەرزکردۆتەوە، لەپاشاندا پێویستە لە شانۆیی ئەزموونیدا هەردوو بنەمای "ژاوەژاوی و تەمومژی" دوور بخرێنەوە، تا کارتێکەرێکی گرنگ لە پێکهاتنی کارلێکی نێوان نمایش و وەرگر زیاد بکات کە ئەویش کارتێکەری "لێکگەیشتن"ە کە ڕێچکەی نزیککردنەوەی دوورییەکان و رۆحی بەردەوامبوونە.

## شکستی پەیوەستبوون

لەو وتانەی پێشوەوە گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە ئەزموون کارێکی ئازادانەیە، لەبەرامبەردا وەرگر زیاتر ئازادە... پاشان پێویستە ئەم وەرگرە درك بەوە بکات کە

دەچێت بۆ بینینی بەرهەمێكی شانۆیی دانسقەی نوێ كە هەڵگری روانینی تایبەتە لە شێوەو ناوەڕۆك و شێوازی چارەسەركردندا، هەر بۆیە دەبێت بۆ ئەمە خۆی ئامادەكردبێت، ئامادەبوون لەسەر ئاستی توانایی رۆشنبیری و رێژەی بەرپەچدانەوەی دروست ... لێرەدا پێویستە كە چەند كارتێكەرێك لەوەرگری نمایشە ئەزموونییەكاندا هەبێت... لەوانەش كە پێشتر ئاماژەی بۆكرا: دەبێت مرۆڤێكی ئازاد بێت و دەروونی ئامادەكردبێت بۆ ئەم جۆرە نمایشانە، ئەگەر ئەم بنەمایانە نەبن ئەوا ئاكامەكان پێچەوانە دەردەكەون كە لەوانەیە بەرەوشێت بوونمان راپێچ بكات . ئەمەش سامناك و ترسناكە . بەتایبەت ئەزموونەكانمان لەم بوارەدا سنووردارن، كەواتە ئەی بۆچی داوای بوونی كارتێكەر دەكەین و بۆچی دەترسین ؟! ..

1. لەبەركەمی ئەزموونەكانمان و شكستیی پەیوەستبوونی بەردەوام بەمجۆرە لە نمایش، هەربۆیە وەرگر لە زۆربەیاندا بەسەر سوڕمانەوە بەهەندی وەردەگرێت، كە پێدەچێ ئەم سەرسوڕمانەش ماوەیەكی زۆر لەگەڵیدابێ.

2پێویستی هاتنە ناوەوەی تەلەفزیۆنە بۆ هاوكاریكردن لە سووككردنی قورسایی ئەم مەسەلەیە، بەڵام رووی نەداوە كە تەلەفزیۆن یەك شانۆگەری ئەزموونی تۆمار بكات وبۆ بینەران پەخشی بكات.

بۆ باسەكەمان دەگەڕێینەوە و لە خستنەڕووی رەهەندەكانیدا بەردەوام دەبین.. هەروەها ئەوە بەدی دەكەین كە كەمی ئەزموونەكان و كەمی پەیوەستبوون لە زۆربەی كاتەكاندا وەرگرێكی "ناحاڵی" پێكدەهێنێت،بۆیە دەبینین ئەوانەی كە دێنە سەیری نمایشی فێستیڤاڵەكان سەرجەمیان ئەوانەن كە گرنگی بە هونەری شانۆ دەدەن، بەڵكو سامناكتر لەمەش ئەوەیە كە ئەزموون وەك شێوازو فۆرمێكی هونەری نوێ، لەشانۆدا لەپەیمانگە و زانكۆ

www.pertwk.com

تایبەتمەندەکاندا ناخوێندرێت و ئەگەر هەوڵ هەبێت ئەوا هەوڵی "تاکە کەسین "و دوورن لە میتۆدە فێرکارییەکان... چونکە سەرەتاکانی ناساندنی ئەزموون ئاکامی ئەو دەنگە تاکە کەسیانە بوو کە چوونە هەندەران بۆ خوێندن... هەر بۆیە لێرەوە مەبەستگەرێتی خوێندنی ئەم بابەتە لەناو دەبرێت.

## نمایشی ئەزموونی و وەرگر

بۆ پێشینەی باسەکەمان"نمایشی ئەزموونی و وەرگر" دەگەڕێینەوە... نمایش مانای دەقی شانۆیی و پێکهاتەکانی نمایش لە "ئەکتەرو دیکۆرو موسیقا و سەما و پێگەی نمایش" دەگەیەنێت، هەروەك لە پێشتردا لەسەر ئەوە رێککەوتین کە سەرجەمی ئەم پێکهاتانە بەشێوەیەکی جیاواز پێشکەش دەکرێن، بەنموونە دەق پێویستە هەڵگری پێکهاتەکانی ئەزموون بێت و ئەمەش بەتەنیا بە تێکشکاندنی هەموو شتە تەقلیدییەکان دێتە کایەوە، دەکرێت دەقێك بێت کە دایەلۆگی کەمی تێدا بێت، بەنموونە پشت بەستووبێت بەزمانی گوزارشت لەدواندنی ئەکتەردا لەڕێی ئاماژەوە، پاشان لەدەقی ئەزموونیدا ئەوە رەت دەکرێتەوە کە بەبێ دایەلۆگ بێت... هەروەها بەهەمان چەشن ناتوانین کە هونەری "پانتۆمایم*" ناوبنێین نمایشی شانۆیی، " یا ئەوەتا شانۆیە یا ناشانۆ"، هەروەها نمایشە مۆسیقییە گوزارشتییەکان نمایشی شانۆیی نین... بۆچی؟! چونکە سەرجەمی ئەم پێکهاتانە فەرمان پێکراون بۆ خزمەتی دراماو ئەویش لە هەمان کاتدا پێکهاتەی تەواوەتین بۆ پرۆسەی شانۆیی، بەڵام لە تەکنیکی ئەزمووندا مەسەلەکە جیاوازە، بە جیاوازی کاری ئەم پێکهاتانە لە هەریەکێك لەنمایشەکان.

بابەتەكانی ئەزموون زۆرن، تێیاندایە راستەقینەن وتێیاندایە ناڕاستەقینەن( ساختە كارین ) و لە چەمكی كوشتنی كات و ناحاڵیبوونی هۆشیارانەی سروشت و كاری پرۆسەی شانۆیی ناچنە دەرەوە.

ئەوەی كە پێویستە ئەزموون لە شانۆدا سوودی لێ وەربگرێت بەكارهێنانێكی باشی رووناكییە كە دەكرێت رۆڵێكی باش بگێڕێت لە پێكهێنانی كەشە درامییە كاریگەرو گوزارشتییەكاندا، لەگەڵ كاتەكانی بێدەنگی و جوڵەی گوزارشتی خودی ئەكتەر، هەروەك چۆن پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا لە ئارادایە كە دەتوانرێ لە بەمیكانیزمكردنی دیمەنەكانی شانۆیی سوودی لێ وەربگیرێت وەك پێكهێنانی چارەسەركردنی زیاتر فراوان و نەرموونیان بۆ تێكدانی سەرجەم ئەو شتانەی كە ئاڵۆزن و جوانكارییەكانی نمایش پەك دەخەن.

پێشكەوتنە خێراكانی بواری تەكنەلۆژیای سەردەم هەلێكی گەورەی داوە بۆ فڕین بەئاسمانی بابەتە جیاوازەكان، چونكە ئەزموون بەتەنیا لەسەر ئاستی "روخسار" نییە، بەڵكو بۆ "ناوەرۆك" درێژ دەبێتەوە، وەك چۆن ژیان بە سروشتی خۆی پێشكەوتووە، هەربۆیە دەبێت بزافی پێشكەوتنی ژیان، پێشكەوتنی پیشەسازی بەدوادابێت، كە چارەسازی بۆ هەموو كێشەكانی پرۆسەی شانۆیی دەدۆزێتەوە.

پێكهاتی دووەمی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە "وەرگر" كە ئەمیش بەشێكی گرنگە لە نمایشدا، بەڵكو یەكەم كێشەی نمایشی شانۆییە.!! چۆن؟!.

ئەم "وەرگر"ە بە سروشتی خۆی خاوەن روانین و بیركردنەوەیەكی تایبەت بە خۆیەتی، یا ئەوەتا بەناهۆشیاری خۆی بڕوا دەهێنێت بەوەی كە پێشكەشی

www.pertwk.com

**دەكرێت یان ڕەتی دەكاتەوە، كە لەمەشدا ڕۆشنبیرییەكەی و چەندێتیی فراوانی زانیارییەكانی ڕۆڵ دەبینن، هەربۆیە ئەركی نمایش زۆر ئەستەمە، بەڵام بۆئەوەی توانایی هەبێت لە گەیاندنێكی باش پێویستە كە زناكی كەم و ئاسان بەكاربهێنێت و پێویستیشە لەسەر وەرگر كە هاوكاری نمایش بكات بۆ هێنانەدی ئەم خاڵە، هەربۆیە خوێندنەوەی نمایشی شانۆیی پێویستە زۆربەی ئەو پێكهێنەرانەی تێدا بێت كە لەوەوپێش ئاماژەمان پێدان لە نەرمونیانی بیركردنەوە لەلای وەرگرو خستنەڕووی كەم لە نمایشدا.**

**مەسەلەكە پێكهاتووەو پێویستی بەزۆر لەشیكردنەوە هەیە بۆ گەیشتن بە هۆكارێكی گونجاو بۆ دیاریكردنی پێوەندی نێوان نمایشی ئەزموونی و وەرگر..**

## پەراوێز/

***پانتۆمایم : ئەو نمایشە شانۆییەیە كەناوەڕۆكەكەی دەگاتە بینەران بەبێ پشت بەستن بە وشە لە كاتێكدا لە پێكهاتەیەكی ئەدەبی و چیرۆكئامێز و ڕوداوەوە سەرچاوە دەگرێ ،سەدەی ڕێنسانس هونەری پانتۆمایم بەسەرەتاكانی گەڕان بە شوێن هۆكاری گوزارشتی تازەی شانۆیی و موفرەداتی تازەی شانۆیی كە خاوەن توانا و تایبەتمەندی خۆی بێت دەبەستێتەوە . (و. ك).*

## تێبینی :

*ئەم بابەتە لە نووسینی " حسن سعد"ە "لەبۆنەی سازدانی فێستیڤاڵی دووەمی قاهیرەی نێو نەتەوەیی بۆ شانۆی ئەزموونگەریی" نووسراوەو لە دووتوێی گۆڤارێکی تایبەت بەو بۆنەیە بڵاوکراوەتەوە.

www.pertwk.com

## بەرلینەر ئینسامبل :-
## نوێخوازی لە شانۆی سەدەی بیستەمدا



## بەرلینەر ئینسامبل :
## نوێخوازی لە شانۆی سەدەی بیستەمدا

ئەم شانۆیە لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەو تا ئێستاش دادەنرێ بە زۆرترین ئەو مەڵبەندانەی کە کاریگەریان هەبووەو هەیە لە جیهاندا، لە بابەت ئەو ڕێگە بیرکردنەوە شانۆییەو ئەو شێوازە هونەرییە تازەیەی کە بۆ کەلەپووری شانۆی جیهانی دابینی کردووە.

www.pertwk.com

دەزگای(deutsches theater) ئەڵمانی لە بەرلین لەساڵی (1949) دایمەزراندووە و هەریەك لە بیرتۆڵد برێخت و خێزانەکەی ئەکتەری بەناوبانگ (هیلینا فایکڵ) دوای هاتنەوەیان بۆ وولات کە (15) ساڵ بەجێیان هێشتبوو وەك یاخی بونێك لە رژێمی فاشی هیتلەر و نازییەکان بە هاوکاری یەکتر بەرێوەیان دەبرد .

یەکەم نمایشی شانۆیی ئەم تیپە بریتی بوو لە گرنگترین شانۆگەرییەکانی برێخت کە" دایکە ئازاکەو منداڵەکانی" بوو لە ساڵی 1948، دووەم نمایشی (برێخت) بریتی بوو لە "بەرێز بونتیلا"پاشان لە ساڵی 1949 دا (ماتی ) بە دوادا هات، نمایشی دووەم دانرا بە گرنگترین ئەو نمایشانەی کە پەیڕەوی سەرجەم میتۆدەکانی ئەم دەزگا هونەرییە تازەیەی کردبێ.. حکومەتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1954 بارەگایەکی تایبەتی تازەی بەخشیە ئەم تیپە کە دەکەوتە ناوچەی (شیف باوردام).. هۆڵی شانۆی ئەم بارەگا تازەیە نزیکەی (781) کورسی دانیشتنی تێدابوو، و لەسەر پەردەی پێشەوەی تەختەی شانۆدا وێنەی تابلۆ بە ناوبانگەکەی بیکاسۆ (کۆتری ئاشتی ) کێشرابوو.

شانۆی " بەرلینەرئینسامبل " نزیکەی (40) ساڵ بەردەوام بوو لە چالاکییە هونەریەکانیداو، مێژووی ئەم شانۆیەش دابەش دەکرێت بۆ سێ قۆناغی دیاریکراو:

قۆناغی یەکەم: ساڵەکانی 1949 بۆ 1956 دەگرێتەخۆ، مەبەست ئەو قۆناغەیە کە برێخت خۆی تیایدا ژیاوەو گرنگترین بەرهەمە شانۆییەکانی بەرهەمهێناوە، هەر لەم قۆناغەدا برێخت تیۆرە نوێخوازیەکەی واتا ( شانۆی داستان)ی دانا، لەم قۆناغەدا زۆر لە هاوڕێ و هونەرمەندە بەناوبانگەکان یارمەتی برێخت یان داوە لەوانە:" ئیریك ئینجیل - 1891 بۆ 1966- ، کە یەکەم دەرهێنەری جیهان بوو کە شانۆگەری (ئۆپێرای سێ قروشی )برێختی پێشکەش

كردووه، پاشان " كاسبار نیهر 1897 – 1962" هونەرمەندی سینۆگراف و هاوڕێی منالّی برێخت خۆی بوو، لەگەڵ چەندەها ناوداری تر.

ئەم شانۆیە سەرەڕای پێشكەشكردنی دەقەكانی برێخت چەند بەرهەمێكی شانۆییینمایشكرد كە سەرلەنوێ نووسرابوونەوە، كە دادەنرێن بە نموونەی ئەو نمایشانەی كە برێخت بە پێی ئەو بۆچوون و ئایدیۆلۆژییە و شێوازە هونەرییە تازەیەی كەلەلای گەلاّلە ببوو گۆڕانكاری تێدا كردبوو .

ئەم ئاراستەیە رێگەی لەوە نەگرتبوو كە بەرهەمە كلاسیكیەكانی تر وەكو خۆی پێشكەش بكرێ بەبێ گۆڕان و زیادەكاری و كەمكردنەوە... لەگەڵ ئەوەشدا لەم قۆناغەدا زۆر لەبەرهەمە شانۆییە گەورەكان نمایشكران گرنگترینیان "بازنەی جوغزە گەچینە" بوو لە سالّی 1954، لە هەمان سالّدا ئەم گروپە لەو سەردانەی كە كردی بۆ پاریس كاتێك ئەو نمایشەیان لەوێ پێشكەش كرد، سەركەوتنێكی هونەری جیهانی گەورەی بەدەست هێنا.

( برێخت) سالّی 1956 كۆچی دوایی كرد لە كاتێكدا كە شەست سالّی تەمەنی تێنە پەڕاندبوو بۆیە فایكلّی خێزانی بووە بەرێوەبەری ئەم شانۆیەو بەرپرسیارێتی بەردەوامبوونی میتۆدە هونەریە تازەكەو هێلّی ئایدیۆلۆژی مێردە كۆچكردووەكەی گرتە ئەستۆ.

قۆناغی دووەم:. بریتیە لەو بەرنامە هونەرییە گەشەدارەی شانۆی "بەرلینەر ئینسامبل " كە سالّەكانی 1959 بۆ 1971 دەگرێتەوە... لەم قۆناغەدا هیلینا فایكل بەبێ هاوڕێی ژیانی و هاوسەری خۆشەویستی برێخت ئەم شانۆیە بەرێوە دەبات هەر لەم قۆناغەدا خوێندكارەكانی هەڵدەستن بە پێشكەشكردنی تێكستە شانۆییەكانی هونەرمەندو مامۆستاو ریفۆرمیستی گەورە برێخت لە گرنگترین ئەم

www.pertwk.com

بەرهەمانە: (ترس و بەزەیی ) ساڵی 1957 لە دەرهێنانی" بالیتشنج و سیونارسکی، (مرۆڤە باشەکەی ستسوان) ساڵی 1957، ژیانی گالیلۆ ساڵی 1957، (پاشەرۆژی ئارتۆر ئەوی) لە دەرهێنانی بالینتشنج و ویکورس ساڵی 1959، ئۆپێرای سێ قروش ساڵی 1960، مرۆۆ مرۆڤە لە ساڵی 1967، رۆژانی کومیونا ساڵی 1968.

لەگەڵ ئەوەی ئەم قۆناغە زۆر لە بەرهەمهێنانی هونەری گەورەی بە دەستهێنا بەڵام شانۆی برێخت بە رێژەیەکی زیادو بەرەبەرە مەترسی ئەوەی لێدەکرا کە بەرهەم و چالاکییەکانی بوەستێ .

شانۆی بەرلینەر ئینسامبل بە درێژایی چالاکییە هونەریەکانی شانۆی تاك دەرهێنەری نەبووە، بەڵام بە هەمیشەیی شانۆی تاك شێوازبوو. بە درێژایی هەبوونی هونەری سوودی لە سەرجەم بۆچوونە نوێیەکان و شێوازە ئەفرێنەرەکانی هەموو جیهان وەردەگرت.

ساڵی 1969 مێژووی سەرهەڵدانی ئەم شانۆیە بەرەو ئاهەنگگێڕان بە تێپەربوونی 20 ساڵ بەسەر چالاکییە هونەریەکانی و بەنۆبیلی زێرینی بەرهەمە شانۆیەکانی هەنگاوی هەڵدەهێنا کە هونەرمەند هیلینا فایكڵ پێشکەشی کردو لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم شانۆیەدا هەڵدەستا بەبینینی رۆڵی پاڵەوان.

بەمردنی فایكڵ لە ساڵی 1971 (روس بیرجهاوز) بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیە دەگرێتە ئەستۆ، لەگەڵ بەرهەمەکانی (برێخت)دا تێکستە شانۆییە تازەکان پێشکەش دەکات بەمەش بواری هەڵبژاردنی دەقی شانۆیی فراوانتر دەکات و هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی وەرزی شانۆیی کە ئەو بەرهەمە شانۆیە تەعبیرییە

گرنگانەی تێدا نمایشدەکرا کە برێخت نوسیبوونی و پێشتر لە ژیانیدا پێشکەشی نەکردبوو وەك :. "لەجەنگەڵستانەکانی شاردا" جگە لە بەرهەمە کلاسیکییەکانی تری لە قۆناغی (مودرن) وەك ( کوپکی و بنتسکا ) ساڵی 1973 و ژیانی ئەدواردی دووەم ساڵی 1974 و(ڕابونەوەی بەهار) ساڵی 1974 و خاتوو جولیا ساڵی 1975، هەروەها بیرجهاوز تەختەیەکی شانۆیی بچووکی بۆ ڕاهێنانە جەستەیی و دەنگییەکان درووستکردو لە سەری ئەو دەقانە نمایش دەکرا کە بە تایبەتمەندییەکانی جیا دەکرێتەوە لە بواری دەق و پێکهاتەی هونەری تازە وەك (باندنی هرستوك یاخود مۆنۆدرامای بایرل و ستولز 18 شتوندن) کە ئەمەی دواییان دەربارەی شۆرشی کرێکاری (هامبورگ)ی ساڵی 1929 دەدوێ.

بەڵام بیرجهاوز تەواو باوەڕی بەوە نەبوو کە کۆمەڵێك ڕێگای تازەی دۆزیبێتەوە بۆبیرکردنەوە لە ئایندەی ئەم شانۆیە ، بۆیە دەستبەرداری پلەکەی خۆی بوو لەم شانۆیەداو بەخشیە مانفریدو بیکوس و بەمەش لێپرسراوی و بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیە کەوتە ئەستۆی.

چەمکی شانۆی داستان لەلای برێخت لەوەدا دێت کەبریتیە لە شانۆیەك کە بەهۆی هزرەوە بەرهەمە شانۆییەکە دەبەستێتەوە بە وێناندنی ڕەوانی و گفتوگۆ و ڕەخنە و توانج بەکار دەهێنێت، ئامانجی نیشاندانی ڕوداوە درامییەکانە لە سەر تەختەی شانۆ لە قاڵبێکی مێژوویدا، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوەو تیایدا ڕووداوو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە هۆکارییەکانی بدۆزێتەوە بە شێوەیەك شوێنەواری ڕێکخراوی ئەم پرۆسەی دۆزینەوەیە، بریتی بێت لەبەئاگاهێنانی هەستی ڕەخنەیی لای بینەر.

www.pertwk.com

له بواری پراکتیکی کارکردنیشدا ئەم شانۆیه دژه ئاراستەیه بۆ ئەو شانۆیەی کەلەسەر وەهم (یۆتۆبیا) وبزواندنی هەست و سۆزی بینەران بنیاد نراوه..

بۆ بانگەشەکردن بۆ ئەم تیۆره تازەیه و بڵاوبوونەوەی ، برێخت کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی تایبەتی نووسی سەبارەت بەبەندەکانی تیۆرەکەی و له کتێبی (بەهای سفر) که لەساڵی 1939 بۆ 1940 به چاپگەیەندراوه بیروبۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئەم تیۆره تازەیه دەردەخات واتا تیۆرەکانی شانۆی بەرلینەر ئینسامبل و پراکتیزەکردنی ئەزموونەکانی هەمیشه جێی گفتوگۆو ناکۆکی بیروبۆچوون بووه ، برێخت خۆی دەڵێ:. ویستم بۆ شانۆ گرنگییەکی جەوهەری پێکبهێنم ئەویش بریتیه لەوەی ئەوەی مەبەستمان نەبووبێ هەستانه بەراڤەکردنی جیهان بەڵکو به پێچەوانەوه هەوڵدان بووه بۆ گۆڕینی جیهان".

**سەرچاوه:**

*گۆڤاری – الکویت – ژماره/ 89/ ینایر/ 1990*

www.pertwk.com

# دەربڕینگەرێتی لە شانۆدا



# دەربڕینگەرێتی لە شانۆدا

www.pertwk.com

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی هەردوو تەوژمی "واقیعگەرایی "و "سروشتگەرایی " لە ئەدەبیاتی شانۆییدا، ئەم دوو تەوژمە کەوتوونەتە بەر رەخنەی هەندێك لە هونەرمەندانی ناوەندە شانۆییەکان.

هێماگەرەکان، رۆمانتیکە نوێیەکان، ئێکس پریسیۆنستەکان و سوریالیستەکان و پووچ گەراکان و هەوادارانی شانۆی حەماسی و هەر کامیان لە دیدگای تایبەتی خۆیانەوە، چەند خاڵێکی لاوازیان لە "سروشتگەرایی" و "واقیعگەرایی"دا دۆزیوەتەوە و هەوڵیان داوە تاوەکو لە خوڵقاندنی ئەدەبە شانۆییەکانی خۆیاندا ئەم خاڵە لاوازانە لابدەن.

تەوژمی دەربڕینگەرێتیەکانیش لە گرنگترین شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمە دژ بە "واقیعگەرایی و سروشتگەرایی" کە لە دەوروبەری ساڵی (1910) لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، یەکەم بە دەرکەوتنی لە شانۆشدا لە نمایشی "کوڕ"ی نووسەر "والترهیاسنکیلفر" بوو.

لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم بزووتنەوەیە گەیشتە لووتکەی خۆی و پێش ساڵی (1925) کۆتایی هات.

دەربڕینگەرێتی بە واتای گوزارشت دێ لە بۆچوونی "خودی" کەسێك بۆ راستییەکان، هەر بۆیە دەبینین کە دەربڕینگەراکان گوێ نادەن بە وێنەکردنی شێوەی دەرەوە، بەڵکو بە وێنەکردنی ئەزموون و کردەوەکان هەڵدەستن لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی نووسەر بۆی.

نووسەری شانۆیی گوزارشت لەو بۆچوونانە دەکات کە روودەدەن، بە پێچەوانەی "واقیعگەراکان" کە ڕاستی لە چاودێریکردنی روخسارە دەرەکییەکان دەبینن. دەربڕینگەراکان لە ناو خودی مرۆڤدا بە دوای راستیدا

دەگەڕێن، هەر بۆیە نووسەر هەوڵی وێناکردنی ئەم راستییە ناوەکییە دەدات، بۆیە ئەو هۆکارانە هەڵدەبژێرێ کە گوزارشتێکی گونجاو دەبەخشن و زۆرجار دەبینین کە رووی شتەکان دەگۆڕێ یان دەشێوێنرێ و زۆرجار زمانێکی تەلەگرافی بەکاردەهێنرێ یان موفرەدەکان بەیەکەوە گرێ نادرێت، هەروەك چۆن لە واقیعدا هەن و هەروەها سیمبول بەکاردەهێنێ و داوا لە ئەکتەرەکان دەکات کە جوڵەی ئامێری بەکاربهێنن، هەر بۆیە هەر شتێ یارمەتیدەری نووسەر بێت بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی، شیاوی بەکارهێنانە.

نوسەری دەربڕینگەر گرنگ نییە بەلایەوە وێنەی شتێك بکێشێ کە لە ژیان بچێت. لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ هەمیشە جێی گرنگی دەربڕینگەراکانە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان مرۆڤ هەوڵی تەواوبونی خۆی دەدات و دەتوانێ ببێتە گەورە و شۆڕەسوار، بەڵام شۆڕشی پیشەسازی ژیانی مرۆڤ و بەڵکو خودی خەڵکەکانی کرد بە ئامێر کە کەسیان لەوی تر لە هەڵسوکەوت و ئەخلاقیاندا جیاوازیان نەبێت. دەربڕینگەراکان وا دەبینن کە واقیعگەرایی ئەم ژیانە ئامێرییەی وەك دیفاکتۆیەك بە هەند وەرگرتووە و لە ڕێی لێکۆڵینەوەی ژینگەی پیشەسازی و ئامێرەوە هەوڵی تێگەیشتنی داوە لە مرۆڤ لە کاتێکدا کە پێویستە لە ناخی مرۆڤایەتی بکۆڵرێتەوە، لە پاشاندا کاربکرێ بۆ گۆڕینی ژینگە بەو جۆرەی کە یارمەتی مرۆڤ بدات لە بەدیهێنانی ئەو خواستانەی کە دەیەوێ.

دەربڕینگەراکان وا دەبینن کە جیهان و ناخی مرۆڤ هێزێکی نامرۆیی شێواندوویەتی، هەربۆیە بۆ چارەسەرکردنی تراژیدیای مرۆڤی هاوچەرخ پەنا دەبەنە بەر دوو ڕێگا، ئەوانیش :

(1) دەرخستنی لایەن و ئەو کارانەی کە یارمەتی و ڕێخۆشکەر بووە بۆ شێواندنی مرۆڤ و کردنی بە ئامێر، لەم هۆکارانەش بێگومان و بەرزترینیان بەها ساختەکانە.

(2)ئەم ڕێگەیان لە درامای دەربڕینگەرێتیدا دەرناکەوێت وەك لە ڕێگای یەکەم، بەڵکو بریتییە لە وێنەکردن و نەخشەدانان بۆ داهاتوویەکی باشترو چاکتر.

یەکێك لەو نووسەرانەی کە سەر بەم ڕێچکەی کارکردنە بووە لە هونەری شانۆدا نووسەری سوێدی "ئۆگست سترێنبێری"بوو کە ژیانی لە پاریسدا بەسەربرد و خۆی بە بەرهەمی ئەدیبە فەرەنسایییە "هێما گەرەکان" ئاشنا کرد.

ئەو کە لە سەرەتای نووسینەکانیەوە ڕووی لە واقیعگەرایی کردبوو، هێدی هێدی بە دوای شێوەیەکی تازەدا دەگەڕا کە بەهۆیەوە بەرهەمەکانی خۆی زیاتر لە واقیعە قووڵەکان نزیك بکاتەوە.

ئەو جگە لە بەرهەمە "هێماگەرییەکان"ی فەرەنسا، ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانی "سۆئێبرگ"-ی فەیلەسووفی سوێدی و تیۆرییە مۆسیقاییەکانی "ڤاگنەر"یشدا پەیدا کردبوو، بەم شێوەیە زیاتر لە جاران ڕووی لە هێماگەرێتی کرد. ئەو وازی لە هێڵکارییە ساکارەکان هێنا و "ڕیتمی مۆسیقا" و "لۆژیکی ڕوئیا"ی لا دروست بوو، میتافیزیکی و کەسایەتییە ئاسمانییەکانی لە بەرهەمەکانی خۆیدا بەکارهێناوە.

لەو دەقە شانۆییانەی کە ئەم نووسەرە نووسیویەتی، شانۆیی "خەون" لە ساڵی (1902) و شانۆی "سۆناتای تارمایی" لە ساڵی (1907).

"سترێنبیری" لە پێشەکی شانۆیی -خەون-دا دەنووسێ و دەڵێ: "نووسەر هەوڵی گێڕانەوەی شێوەی خەونی داوە و ئەو شێوەیە بە لۆژیکی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە... هەموو شتێ دەشێ ڕووبدات و

هەموو شتێ ئەگەری روودانە... شوێن و کات بوونی نییە... لە ئەزموون و ئەندێشە و بێهوودەییەکاندا تێکەڵاوییەك هەیە.. هەر بۆیە لە شانۆیی "خەون"دا سنووری کات و شوێن و بەدواداهاتنی لۆژیکی بوونی نییە و کەسایەتییەکان ون دەبن یان بۆ کەسایەتی تر دەگۆڕێن، دەقی "خەون" یان "پێشکەش کردنی رۆئیایەك" بەرهەمێکی "ئێکس پێرسیۆنیزم" و هێماگەریەتییە یان بە واتایەکی تر "سترێنبێری" لە ساتی داڕشتنی ئەم دەقەدا چاوی لە بنەما بنەڕەتەکانی هەردوو تەوژمەکە بووە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەو کتێبانەی کە لە بارەی ئەم دوو تەوژمە نووسراون، ئەم بەرهەمەیان لە ریزی خۆیاندا خوێندۆتەوە.

شانۆی "خەون" نموونەی بەرهەمێکی ئەدەبی شانۆییە کە پێی دەڵێن "شانۆی گەڕۆك" و ئەو کەسانەیە کە بەدوای حەقیقەتە مەعنەوییەکاندا دەگەڕێن. ئەم شانۆیە لە چواردە دیمەندا ئاخێنراوە و هەروەکو ناوەڕۆکی ئەم دەقە، سەفەری کچی "ئەندێرا"ی خواوەندێکی ئەفسانە هیندییەکانە بۆ سەر زەوی و ئەزموونەکانیەتی لەسەر ناخۆشییەکان و مەینەتییەکان و تەنگانەکانی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ. کچی "ئەندێرا" کە خواوەندێکی ئاسمانیە، دەیەوێت ئاشنای ژیانی مرۆڤەکان بێت.

کەواتە دەچێتە رۆحی مرۆڤەوە و دادەبەزێتە سەر زەوی و گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی ئەم کچە ئاسمانیە بۆ سەر زەوی لە چواردە بەشدا دەست پێدەکات و کۆتایشی پێ دێت.

سترێنبێری لەو جیهانە وەهمییەدا کە مرۆڤەکان وەکو تارمایی تێیدا سەرگەردانن – چەند ساتێك لە ژیانی "مرۆڤ" دەخاتە بەر ئەزموونەکانی– . لە

چوون دنیایەکدا، نە کات راستەقینەیە و نە شوێن، خانووەکان وەکو گژوگیا گەشە دەکەن و بۆ چەند ساتێك هەموو ژیانی مرۆڤ وەکو ئاو هەڵدەمژن و دەیکەنە هەڵم.

"شووناسەکان" تێکەڵاوی یەکدی دەبن و بەخێرایی دەبنە جێنشینی یەکتر و بە کورتی ژیانی مرۆڤ دەبێتە چەند ساتێکی کورت لە نێوان وەهم و مەینەتییەکاندا. ئەم کچە ئاسمانییە، کاتێك هەر کەسایەتییەك دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە یان زاڵمە یان زوڵمی لێکراوە یان خزمەتکارە یان فەرمانڕەوا- بە تەنیا لە نێو سەرجەم مرۆڤایەتیدا یەك کەسی "ئازاتر و عاقڵتر" دەدۆزێتەوە کە ئەویش "شاعیرێکە" بە هەموو گومان و بۆچوونەکانی خۆیەوە بە دوای ماناکانی ژیان دەگەڕێ ، بە باوەڕی کچی -ئەندێرا- شاعیر تەنیا ئەو کەسەیە کە لەسەر ئەم زەوییە لە حەقیقەت نزیك بۆتەوە و لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدات خۆی لە جیهانی زاڵم وزوڵم لێکراوو خزمەتکار و فەرمانڕەوا دووربخاتەوە. بەڵێ لە ئەنجامدا کیژە ئاسمانییەکە، دەگەڕێتەوە ئاسمان بۆ لای باوکی و سەبارەت بە باری ناهەموار و رەزالەت باری مرۆڤ لەسەر زەوی  داوای سۆز و بەزەیی باوکی دەکات.

ناوەڕۆکی ئەم شانۆییە هێندە قووڵ و پڕە لە مانا، کە رەخنەگران، لە بارەی کاریگەری و گرنگی زۆرشتیان نووسیوە، لە هەر بەشێکی ئەم دەقەدا، مرۆڤی بینەر، بەرامبەر بارودۆخی مرۆڤ "خۆی" دەکرێتەوە و لە زەینی کچی -ئەندێرا-وە مرۆڤەکان دەبینێت، چۆن هەریەکەیان بە دوای هیواکان و ترسەکان و وەهمەکان و کابووسەکانی خۆیاندا رادەکەن و رۆژ و شەو بۆ ئەوان بە خێرایی -با- تێپەڕ دەبێت. شانۆنووس ئەوەمان پیشان دەدات کە بۆچی و چۆن لە هەر سووچێکی ئەم جیهانەدا کەسێکی مەینەتبار ئاه هەڵدەکێشێ و

چۆن و بۆچیش هەرکەس بە دوای سەرابی ئەندێشەکانیدا رادەکات و لە کۆتایشدا بە تینوێتی بەسەر زەویدا دەکەوێت. شانۆنووس زۆربەی کەسایەتییەکان لە زەینی کچی –ئەندێرا–وە بۆ ئێمە دەگوێزێتەوە.

بنەمای تراژیدیای مرۆڤ لە بۆچوونی "سترێنبێری"ەوە ئەوەیە هیچ چارەسەرێکی لۆژیکی بوونی نییە بۆی، چونکە مرۆڤ قوربانییەکی ئارەزووە جیاواز و ناکۆکەکانە. لە بەهێزترین ئەم ئارەزووانەش بۆ نموونە ئارەزووی پیاوە بۆ ئافرەت یان بە پێچەوانەوە کە هەمیشە ئارەزوویەکی ناماقوولە و بەڵکو لەعەقڵ بەهێزترە.

جگە لە "سترێنبێری" نووسەری شانۆیی "هنریك ئەپسن" کاریگەرییەکی باش و رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم تەوژمەدا. بەرهەمەکانی "ئەپسن" بەهۆی "ئۆرێ لۆنیە–پۆ"ی دەرهێنەری هێماگەرەوە لە شانۆی دۆلۆڤەردا خراونەتە سەر شانۆ. پێشکەشکردنەکانی "لۆنیە–پۆ" چەند خاڵێکی گرنگی هێماگەرانەی هەندێك لە بەرهەمەکانی "ئەپسن"ی بەشێوازی مێژوویی پێشکەش کردووە.

"جی، ئێل، ستیان" لە بارەی هێماگەرێتی لە بەرهەمەکانی "هنریك ئەپسن"ەوە دەنووسێت:" لە دوای کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە، لایەنگرانی تەوژمەکانی سروشتگەرایی و واقیعگەرایی و هێماگەرێتی لەبەرامبەر یەکتردا کە لایەنگرانی هەردوولا "ئەپسن" یان بە مامۆستای خۆیان دادەنا. سروشتگەراکان، هێماگەرانیان بە رۆمانتیك و تێنەگەیشتوو ناو دەبرد و هێماگەرانیش، ئەوانیان بە سیاسەت لێدراوو ماددی ناوزەد دەکرد. سەیریش لەوەدا بوو کە هەردوو بۆ بەڵگەی بۆچوونەکانیان تیۆرییەکانی "فرۆید" یان

www.pertwk.com

بەکاردەهێنا و ئەمەیان بۆ جێگیرکردنی بۆچوونەکانیان لە دژی یەکتر بەکاردەهێنا: ناسینی کەسایەتی و پەردە هەڵماڵین لە رووی، بەکاری شانۆنووسانی واقیعگەرایی دادەنرێت و لەلایەکی تریشەوە، ئەو گرنگییەی کە "فرۆید" دابووی بە "ڕوئیابین"، یارمەتیدەرێکی باشی هێماگەرەکان بوو.

"ئەپسن"یش لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا، هەر لەو کاتەی کە شانۆیی "براند-1866"ی دارِشتبوو، درکی بە هێماکان کردبوو لە شانۆییەکانی سەردەمی پەروەردەکاری و پوختەکردندا، بەشێوەیەکی جیانەکراوە هەم سوودی لە هێماگەریەتی وەرگرت، هەم لە واقیعگەرایی.

تێڕوانینێك بۆ شانۆییەکانی "قازی کێوی-1884" و "خاتوونێك لە دەریا-1888" و "هێداگابلەر-1890-" کە لەسەردەمی کۆتایی ژیانی هونەریدا دارِێژراون- نەوەکو بە تەنیا دەرخەری جۆری تێپەڕین و گواستنەوەی ئەوە لە "واقیعگەرایی کۆمەڵایەتی"یەوە بەرەو دیدگایەکی بینراوی هێماگەرانە، بەڵکو دەربڕی گەشەسەندن و پەروەردە بوون و قووڵ بوونەوەی زیاتری بەرهەمەکانیشیەتی:

ئەم گەشەسەندنە لە بەرهەمەکانی "ئەپسن"دا بە هۆی ئەمەوە دەستەبەر بووە کە لەلایەکەوە، بەهۆی بەکارهێنانی واقیعگەراییەوە لایەنە هێماگەریەکانی پەروەردە بوون و لەلایەکی تریشەوە بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی هێماگەرێتی بۆتە هۆی پەروەردەکردنی لایەنە واقیعگەراییەکان. کەواتە ئەم دوو هۆکارە لە بەرهەمەکانی "ئەپسن"دا بە شێوەیەکی یەکسان یەکتریان دەوڵەمەند و بە توانا کردووە.

"ئەپسن" لە چەند بەرهەمێکی شانۆیدا لەوانە "قازی کێوی"و "خاتوونێك لە دەریا" سوود وەرگرتنی لە هێماگەرێتی زیاترە.

"ئەپسن" دان دەنێ بە بنەمای ناماقووڵ لە ژیاندا و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ماقووڵ دەدات، بەڵام بە بڕوای "سترێنبێری" هیچ چارەسەرێك بوونی نییە. هەر بە نموونە "سترێنبێری" باوەڕی وایە پێوەندی نێوان پیاو و ئافرەت کێشەیەکە ناتوانرێ چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوەی هەریەکەیان جیاوازە لەوی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەریەکەیان شتێکی دەوێ کە جیاوازە لەو شتەی رەگەزی بەرامبەر دەیخوازێ. بە تەنیا لە کاتێك کە یەکێك لەو دوو لایەنە ئەوی تر بخات ئەو دەمە دەتوانرێ جۆرێك لە ئاشتی جێگیر بکرێت کە لەسەر کڕنووشبردن بنیاتنرابێت. لەگەڵ ئەوانەشدا هەریەکە لە ژن و پیاو ناتوانن لەسەر خۆشەویستی یان رقلێبوونەوە لە یەکتر بەردەوام بن، هەر بۆیە وا لە چارەیان نووسراوە کە لە ململانێ و ونبووندا بژین کە بە تێکشکاندنی یەکێکیان کۆتایی دێت.

لە بۆچوونی "سترێنبێری"دا مرۆڤ بە شێوەیەکی ناماقووڵ دروست کراوە، لەبەرئەوەیە کە ناتوانێ تەنانەت لەسەر ئاستی پێوەندی کەسایەتیدا ژیانێکی ماقووڵ بۆ خۆی بهێنێتەدی.

کێشەی پێوەندی نێوان ژن و پیاو "سترێنبێری"، وای دەبینێ کە بارێکی ململانێی هەمیشەییە کە ژیان تێیدا ئاستەم دەبێ و بریتییە لە کێشەیەکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤدا و لە هەمان کاتدا "سترێنبێری" تراژیدیای مرۆڤی لەسەر هەموو ئاستەکان وێنە کردووە، هەر بۆیە ژیانی هەر تاکێك لە ئێمە ناتوانرێ گونجاندنی بۆ بهێنرێتە دی، بەڵکو هەمیشە ژیانێکی ناخۆشی بۆ

www.pertwk.com

دەمێنێتەوە کە پڕە لە ململانێ، چونکە هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد لە مرۆڤدا کۆمەڵێك حەز و ئارەزووی ناکۆك هەیە کە ناکرێ گونجاندن لە نێوانیاندا بکرێ. لە پاشان زۆربەی هیواو نەخشەکانی مرۆڤ چارەنووسی داڕمانە، لێرەوە مرۆڤەکان کۆمەڵێك بوونەوەر دەنوێنن کە داوای بەزەیی دەکەن، هەروەك خواوەندەکان لە شانۆیی "خەون"دا ئاماژەی بۆ دەکەن.

لە شانۆی گریکیشدا مرۆڤەکان بەهۆی ئەو گوناهە نا ئیرادیەی کە دەیانکرد داوای بەزەییان دەکرد.

لەشانۆی "سترێنبێری"دا ئەوە بەسە کە مرۆڤ، مرۆڤ بێت تاوەکو ببێتە ئەوەی شایستەی بەزەیی بێت.

"سترێنبێری" دەیویست بڵێ مرۆڤ بوونەوەرێکی ناعاقڵ و ناماقووڵە، ئەم ناماقووڵییەش لە بوونەوەرەکانی تری جیادەکاتەوە، لەبەرئەوە مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی نەخۆشێکی کلۆڵە، بە دەستی خۆی خودی خۆی تێك دەشکێنێ.

لە یەکێك لە شانۆییەکانی نووسەر "ئەیرنست توللر"دا کە بە ناوی "گۆڕان"ە و لەساڵی (1918) نووسیویەتی گوزارە لە باڵادەستی ئامێر دەکات بەسەر مرۆڤەکاندا و چۆن ئامێر دەبێتە ئەلتەرناتیڤی مرۆڤ و لە کارگە و دەزگاکان پشتی پێدەبەسترێت و جێگەی توانایی و کاری مرۆڤ دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر زۆر رەشبینانە لەو دۆزە ناڕوانێ، بەڵکو ئاسۆیەکی رۆشن دەهێڵێتەوە جا چ نزیك بێت یان دوور، تاوەکو مرۆڤ بتوانێ رۆڵ و توانایی خۆی بخاتەوە گەڕو پێگەی خۆی بە چنگ بخاتەوە. ئەمانە و تەنانەت نووسەرە بوونگەراییەکانیش باس لە ناکامڵی و ناتەواویی مرۆڤ دەکەن و ئەم کێشەیان بە

جوانی خستۆته روو له رێی تێکسته فەلسەفی و هونەرییەکانیانەوه به تایبەت "تێنسی ولیامز"ی نووسەری شانۆیی بەناوبانگ..

## سەرچاوەکان:

(1)کتێبی، أشهر مذاهب المسرحية – دريني خشبة، الأدارة العامة للثقافة.
(2)گۆڤاری الثقافة الأجنبية، عدد 4، سنة 1981، ملامح من المسرح التعبيري.
(3)کتێبی هێماگەرێتی، له ئەدەبیاتی شانۆییدا، نووسینی د.فەرهاد نازرزادەی کرمانی، وەرگێڕانی پێشڕەو حوسێن سالْح. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

www.pertwk.com

# نواندن لە شانۆی گرۆتۆڤسکی



## نواندن لەشانۆی گرۆتۆڤسکی

گرۆتۆڤسکی هەوڵی ئەوەی دەدا کە شانۆ دوور بخاتەوە لە هۆکارەکانی کات بەسەربردن و چێژی سادەو لایەنی بازرگانی کەهەوڵی پەکخستن و لەباربردنی رۆشنبیری دەدات، وایکرد کەشانۆ ببێتە پێگەیەك بۆ رۆشنبیری. هەروەها جەختی کردۆتەوە سەر گرنگی ئەکتەر وەك بەهایەکی جەوهەری لەنمایشی شانۆییدا.. لە هونەری ئەکتەریشدا رۆحیەتی سروت و کاریگەری رۆحی لەسەر پێشکەشکارو وەرگر پێکهێنا...لە راهێنانەکانیشی بۆ ئەکتەرەکان ئامانجی دۆزینەوەی یەکانگیری بوو لەنێوان (سرۆش/ئاماژە) و ئەوەی دەیگەیێنێت و نمایشی دەکات لەگەڵ یەکانگیری جەستەیی و عەقڵی لەنواندندا، سوودمەندوکاریگەر بووە بەم کەسایەتیانە: ئوستر فورس لە پۆڵۆنیاو ئەنتوان ئارتۆ لە فەرەنسا وستانسلاڤسکی و مایرهۆڵد و هەروەها لەئەزموونەکانی برێختیش سوودی وەرگرتووە و لەگەڵ سوودوەرگرتنی لە شانۆی ئاسیایی- بە واتای شانۆی نوی ژاپۆنی و شانۆی کاتاکالی هندی وئۆپێرای پەکینی... حەزی بەوە دەکرد بەشێوەیەکی رەها و بنەرەت لە

هونەری نواندندا كار بكات، بەمانایەكی تر پشت بە جەستەو رۆحی ئەكتەر ببەستێ. هەروەك چۆن لە پشت بەستنی بە رووكارە ئەفسووناوی و سروت ئامێزەكاندا هەڵدەستێ بە تەقاندنەوەی لایەن وكەشە فیزیكی وسایكۆلۆژییەكان بە پشت بەستن بەرێگەی ترس و تۆقاندن... هەر بۆیە دەبینین داوا لە ئەكتەر دەكات كە(خودی خۆی) تێپەڕێنێ و بە هۆی راهێنانە جەستەیی و دەروونیە توندو تیژەكانەوە بگاتە لایەنی شرۆڤەكردنی سەرجەم كردەوەو پرسیارە پراكتیكە تایبەتیەكانی ئێستاتیكای هونەری نواندن...تاوەكو ئەكتەر بەلانی كەمەوە ببێتە نموونەیەكی ئەفرێنەرو خوڵقێنەر لە چوارچێوەی كەسایەتیەكەیدا. (گرۆتۆڤسكی) هەوڵی دەدا بەرجەستەی داستان و ئەفسانەكان بكات(نەك لەبەر ئەوەی شتێكی ئێستاتیكین بەڵكو بەو هۆیەی كە كێشەو روداوی هاوچەرخن و ئەم سروتانە لە شێوەیەكی دژدا لە بەرامبەر ژیانی ئەمرۆكە دەخرێتە روو).. گرنگی كارەكەی لەوەدایە كە سرووتەكانی عیبادەتكردن و شێوەكانی ژیانی كاسۆلیكی گۆری بۆ كاری شانۆیی... هەر بۆیە ژیان لەلابۆرەكەیدا وەك دێرێكی كاسۆلیكی بەدەردەكەوێ...لەگەڵ ئەوەشدا كاركردن لەگەڵ بینەردا گرنگییەكی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی كەئەو وا ناڕوانێتە بینەر كە بەتەنها وەرگرێكە بەڵكو وەك بەشدارێك لە نمایشدا دەیبینێت و بینەریش دەبێت ملكەچی راهێنان و بەشدار بوون بێت.

لە ئەزموونەكانی گرۆتۆڤسكیدا ئارەزووی گۆڕانی كۆمەڵگای جیهانی بەرەو باشتر بەدی دەكرێت و ئازارەكانی مرۆڤایەتی جەخت لێدەكرێتەوە...

www.pertwk.com

هەر لە بواری سەردانی بینەران بۆشانۆکان دەڵێ:" بینەر دەچێت بۆ شانۆ تاوەکو پەیامی نیشتمان و هاوارە رۆحییەکانی وەربگرێت". شانۆی (گرۆتۆڤسکی) شانۆیەکی سروت ئامێزەو کاریگەریەکانی گرۆتۆڤسکی لە مێژووی شانۆو ئەرکە کۆمەلآیەتی و دینی و نیشتمانیەکاندا رۆحی سروتی تێدا گەشەپێداو لە ئەکتەرەکانی ناوی ( ئەکتەری پیرۆز) دەنێ کەمەبەست لێی ئەو ئەکتەرەیە کە دەتوانێ کێشی بینەر بکات بۆلای خۆی و بەشداری پێبکات و لە کەسایەتیەکەی نزیکی بخاتەوە وئەوشوێنەشی کەئەکتەر تیایدا نمایشدەکات بەشوێنێکی پیرۆز دادەنێت و داوا لەبینەرانی دەکات لەپێش چونە ژورەوەیاندا پێڵآوەکانیان دابکەنن . شانۆکەشی شانۆی توندوتیژی ناوەکی بوو، چونکەشانۆی هەژارەکان بوو ئەوانەی کە بەدوای خۆشیەکانیاندا دەگەڕێن لەم جیهانەدا دوور لەقەرەباڵغی وغەڵبەغەڵب وململانێ.

شانۆ لەلای "گرۆتۆڤسکی"ئەو پێگەیەیە کەتیایدا بینەر مرۆڤایەتی خۆی بەدی دەکات و لەگەڵ پرۆسەی شانۆییدا ئاوێزان دەبێت"لە ڕێی بەرپەچدانەوەی یاخود دەنگی یان بەشداربوونە بەپرتاوەکانی یاخود بەشداربوونە کۆمەڵییەکەی لە سروتەکاندا" نمایشی شانۆییش لەلای "گرۆتۆڤسکی" بەتەنها بینەر ئازاد ناکات بەڵکو هەروەها پرۆسەیەکی گوزارییە لە هەڵوێستی خودی ئەکتەرو یاخی بوون و شۆڕشەکەی و دواجار پرۆسەی شانۆیی جگە لە هەوڵدان بۆ ئازادبوون و یاخی بوون هیچی تر نییە، ئەوەی کەلەلای گرۆتۆڤسکی جێگای گرنگیە دووخاڵە :.

یەکەمیان: شانۆی هەژار/ کەمەبەست لێی ئەوشانۆیەیە کە لە تەکنیکدا هەژار بێت... هەر بۆیە خودی خۆی پرسیار دەکات، ئایا شانۆ دەتوانێ بەبێ جلوبەرگ و دیکۆرو وردەکارییەکانی تر بژی وبکرێ؟! هەر بۆخۆشی لەوەلآمدا

دەڵێ: بەڵێ دەتوانێ ...بەڵام تاكە شتێك كە ناتوانین دەستبەرداری بین بریتیە لە "ئەكتەر" ...، چونكە شانۆ چەند هەوڵ بدات لە لایەنی تەكنیكیەوە زۆر هەژارترە لە بواری سینەماوتەلەفزیۆن.. هەروەك چۆن شانۆی "گشتگیر" كە ڕیچارد ڤاكنەر"1813–1883" مۆسیكژەنی ئەڵمانی هەوڵی دەدا لە مۆسیقاو شانۆدا تێكەڵییەك پێكبهێنێ و بەجۆرە فێڵێكی دادەنێت لە بەردەم زەبرو زەنگی تەكنیكی سینەما و لەو بارەیەوە دەڵێ:"شانۆی گشتگیردەوڵەمەندە، بەڵام بەلەنگییەكانی خۆی داپۆشیوە... لەكاتێكدا لە شانۆی هەژاردا ئەكتەر بە بەردەوامی لە گەڕان و پشكنینە بەدوای شتە چاكەكاندا "

دووەمیان: تێڕوانین لەگەڵ نمایش وەك كردەیەكی پێشێلكراو، لێرەشدا ولە واتای " پێشێلكراودا" مەبەستی لەدوو ئاستە ...

أ. شانۆو شانۆكار دەتوانێ پێشێلی هەموو شتە باو و سواوە تەقلیدیەكان بكات هەر لە پەیوەندی نێوان بینەرو شانۆ و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندییەكی نوێتر لە نێوان بینەرو شانۆدا... هەرلەو بوارەشدا بۆ هەر نمایشێك جۆرە سینۆگرافیایەكی تایبەتی بۆ هەڵبژاردووە بۆنمونە : لە شانۆی " فاوست" دا دوو مێزی گەورەی دوورو درێژی داناوە بۆ بینەران وەك ئەوەی میوانەكانی فاوست بن... چونكە گرۆتۆڤسكی خۆی دەڵێ: "شانۆ بریتییە لەو پەیوەندییە زیندوو و ڕاستەوخۆ وتۆكمەیەی كە لە نێوان بینەرو ئەكتەردا روو دەدات "

ب . وەكو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میتۆلۆژیا و دین و هەموو ئەو داب و نەریتانەی كە ڕەگێكی دەستەجەمعیان تیادایەو بە پیرۆزی سەیر دەكرێن، لەم رووەشەوە گرۆتۆڤسكی وا دەبینێت كە لەسەدەی تازەدا ڕەوتی تاكە كەسی بۆ

www.pertwk.com

میتۆلۆژیا و دین هەیەو دەکرێ ئەمڕۆ لە گۆشەنیگایەکی نوێوە بڕوانینە دین و میتۆلۆژیا ... بەمجۆرە و لە رێی ئەم رووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ میتۆلۆژیای( دین و نەریت و تەقالیدەکان) شۆکێك دروست دەبێت و دەمامکە ساختەکان دادەماڵدرێت.

گرۆتۆڤسکی نەیویستووە لە لابۆرە شانۆییەکەیدا هیچ جۆرە یاسایەکی تایبەت دەستەبەر بکات . شانۆ جیهانێکی بێسنورە ناکرێت لە چواچێوەی رێباز و قوتابخانەی دەستنیشان کراودا بەند بکرێت... لەبەرئەوە گرۆتۆڤسکی بواری ئەوەی نەداوە کە کەسانی تر لەدوای مردنی، ئەو فۆڕمە بکەنە رێبازێکی دیاریکراو و پەیڕەوی بکەن و هەمیشە دووپاتی ئەوەی دەکردەوە کە هەڵکۆڵین و ئەزموونکاریی لە شانۆکەیدا پێویستە لەدوای مردنی هەر بەردەوام بێت، گرۆتۆڤسکی لە 14ی مانگی یەکەمی ساڵی 1999 و دوای 65 ساڵ تەمەن لە ئیتاڵیا بە نەخۆشی دڵ و شێرپەنجەی خوێن کۆچی دوایی کرد.


## ژێدەر:

٭ نحو المسرح الفقیر، جیرزی کروتوفسکی، ترجمة د. کمال قاسم.

٭ المخرج فی المسرح المعاصر... تالیف سعد أردش ـ الکویت، المجلس الوطني للثقافة.

www.pertwk.com

# شانۆی ئارتۆو...
# میتافیزیکای زمان



## شانۆی ئارتۆو...
## میتافیزیکای زمان

بزووتنەوە تازەکانی شانۆ سەرجەمیان لە دەوری دوو تەوەری سەرەکی دەخولێنەوە:

1-گۆڕینی پەیوەندی نێوان نمایش‌و بینەر.

2-بەرەو راڤەکاری زیاتری مرۆییانە.

ئارتۆ لە (1869)ەوە بۆ 1948 ژیاوەو لە ساڵی 1925دا دەبێتە یەکێك لە گروپی سوریالییەکان‌و یەکێکیشە لە سەرنج راکێشەرو کاریگەر بەنووسەری سیمبولوزمی فەرەنسی (مۆریس میترلینگ).

لە ساڵی 1927 لەگەڵ روجیە فیتراك شانۆی "ئەلفرێ جاری" دادەمەزرێنن. تیۆرەكانی ئارتۆ لە بنەڕەتدا لەسەر رەفزكردنی واقیعیەت دامەزراوە چ لە دواندن دا یاخود لە بینای سایكۆلۆژی كەسایەتییەكانی و گوزارشت لەوە دەكات كە ئەفسانەو ئەفسوون بریتین لە بنەمای سەرەی پێكهاتنی نمایشی شانۆیی.

-ئارتۆ- پێی وایە كە كاری شانۆ بریتییە لە رزگاركردنی ئەو ململانێیانەی كە لە عەقڵی ناوەكی بینەردا هەیە بەوەی كە گوزارشتێكی راستەوخۆ بكات لە خەونەكانیان و گرێ دەروونییەكانیان كە باڵادەستە بەسەریاندا... بۆ ئەمەش پێویستە كە دایەلۆژ پلەی كۆتایی بدرێتێ لە نمایشی شانۆیداو لەبری ئەو پشت بەجووڵە ببەسترێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە گرنگی شانۆ لەلای ئارتۆ بریتییە لە گوزارشتكردن لەو شتانەی كە توانای گوزارشتكردنیان نییە لە رێگەی زمانەوە، هەر بۆیە ئارتۆ دەڵێ:- "من دەمەوێ شانۆ بۆ ئەو بۆچوونە ئەفسوونە سەرەتاییە بگەڕێنمەوە كە دەروونزانە تازەكان قۆستیانەوە كە بریتیە لە بۆچوونی چارەسەركردنی نەخۆش بەوەی وای لێبكەیت رووی دەرەوەی ئەو حاڵەتە وەربگرێت كە هیوادارە تیایدا بێت".

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە شانۆ لەلای"ئارتۆ" ئەو شكڵە دەرەكییەیە  كە لە نەستی بینەردا  ئاوەژووی ململانێ بەیەكاچووەكان دەكات.

ئارتۆ هەر بەدوای ئەو شانۆییەدا دەگەڕا كە خەونی پێوە دەبینی هەتا ساڵی 1931 ڕاستی خەونەكەی لە شانۆی "توندو تیژدا" بۆ دەردەكەوێت، ئەو كاتەی كە نمایشی تیپێكی گوندیانی دەبینێو تیایدا هەست بەئاماژەی رۆحی دەكات كە مانای دیاریكراوی خۆی هەیە كە بەسرۆش دەبەخشرێتە بینەر، بەڵام لە توندو تیژییەكدا كە گوزارشت كردن لێی بەزمانێكی لۆژیكی ئاستەمە.

www.pertwk.com

کەواتە ئارتۆ "شانۆی توندوتیژ" دەدۆزێتەوەو ئەیەوێ لە ڕێگەیەوە شانۆ ژیان بشکێنێت لە بۆچوونێکی تازەوە:- پڕوپوچیەکانی مرۆڤ و وێناندنی کۆتایی ئەو ڕەشاییە بەدەرخات کە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا باڵی کێشا بوو.

بۆیە دەبێت شانۆ ئاوەژووی ڕاستیەکان نەکات بۆ کۆمەڵ، وەکو ئەوەی لە ئاوێنەیەکدا خۆی نیشان بدات بەپێی تیۆری -ئەخلاقیەکان- و ناشبێت بۆ کۆمەڵ دەروازەیەکی سیاسیو ئەخلاقی بکاتەوە. بەڵکو لەسەر شانۆ پێویستە ببێتە گڕێکی هەمیشە سووتاو.

ئارتۆ ئەیەوێ شانۆ ببێتە پەتایەك لەنێوان مرۆڤەکان... و هۆکاری گوزارشت بریتیە لەو وێنە فیزیکیە توندوتیژەی کە پێویستە بگات بەکێشکردنی ئامێری هەستی بینەران، هەروەك هێزێکی باڵای دڕندە دەستی گرتبێت بەسەر هۆڵی شانۆدا، بەجۆرێك "مرۆڤ/ بینەر" بۆ کاتێکی دیاریکراو جڵەوی عەقڵانیەتی لە دەست بدات،و وای لێ بکات حاڵەتی شۆڕشێکی تێکشکاو بەسەر بەرێت.

ئارتۆ دەڵێ "ئەو کاتەی وشەی ژیان دەردەپەڕێنین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە مەبەستمان ژیان نییە بەهەموو وەقائیعە بەرجەستەکانیەوە بەڵکو ئەو ژیانە نهێنییە مەبەستە کە بۆ کردارو شێوە ناگۆڕێت".

لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە –ئارتۆ- ژیانی واقیعی تێپەڕ دەکات بەرەو ژیانێکی نهێنی میتافیزیکی ڕۆحی سەرەتایی.

گومانی تێدا نییە کە ئەو ڕێچکەیەی (ئارتۆ) گرتبوویە بەر بە ڕۆشنبیریەتی ئەوروپیو شارستانیەتی ئەوروپی نامۆ بوو، چونکە ئارتۆ کاریگەر بووە بەشارستانیەتێکی جیاواز "ڕۆژهەڵاتی" کە ڕەخنەگرەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە شارستانیەتی ئاسیاوییە لە چینو هیندو ژاپۆن، لەگەڵ ئەمانەشدا بە بۆچوونەکانی "گۆردین کریگو ئەدۆلف ئاپیا" لەبواری ڕزگارکردنی هێزە ئەفسوونە

میتافیزیكیەكان كاریگەر بووە، بەڵام هۆكاری گوزارشت لەلای تەواو جیاوازە لە "ئاپیاو كریگ"، بۆ نموونە ئارتۆ بەتەواوی تەختەی شانۆ لەسەر شێوەی ئیتاڵی ڕەتدەكاتەوە:- ئارتۆ خەونی بەهۆڵێكی شانۆیی دەبینی كە ڕێگە بەنمایشی شانۆییەكە بدات لە هەمو شوێنەكانیەوە ببینرێتو بەتەواوی جڵەو بكات بەسەر ڕۆحی بینەراندا، ئەو لە ڕێگەی وشەوە وەك شانۆی تەقلیدی بینەر نادوێنێ.

ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی شیعرێكی نوێ لە جێی شیعری زمان، شیعرێك پێكهاتووە لە چوارچێوەیەكی ڕووت لە وشە، هەروەها گرنگی تەواو بەزمان نادات، بەگشتی گرنگی بەو شتانە نادات كە بە سروشتی خۆیان شانۆیین.

بۆیە دەربارەی دەرهێنان –ئارتۆ- دەڵێ:- "لێرەدا بەراستی دەڵێم هەرچی شانۆیەك دەرهێنان تیایدا ملكەچی وشە بوو ئەوا ئەو شانۆیە شانۆیەكی بێ كەڵكەو ئەتوانم بەشانۆی شێتەكانی ناو بنێمو شانۆی پرەنسیپەكانی زمانە، و شانۆیەكی ناشیعریو لە كۆتایدا شانۆیەكی ڕۆژئاواییە... بۆچوونە دركپێكراوەكان لە شانۆدا لەلای منەوە "هەروەك لە هەر دیاردەیەك لە دیاردەكانی ژیان" بریتیین لە بۆچوونی مردوو كۆتایی پێهاتوو، لەبەر ئەوە بەتەنها زمانێكی میتافیزیكی بەهەمیشەیی دەتوانێ گوزارشت لەو شتانە بكات كە ناتوانرێ گوزارەی لێ بكرێت".

ئارتۆ دەیویست شانۆ ئەو واقیعە بەجێ بهێڵێ كە واقیعگەراكان ئاوەژوویان پێ دەكرد بۆ گەڕان بەشوێن ژیانێكی باشتر بەرەو جیهانێكی نەبینراوی میتافیزیكی، و لە پاشان بەشوێن شارستانیەتێكی تر...

ئەو دەیەوێ بەشانۆ هەندێ ئامانجی دوور لە توانای مرۆڤ بەدەست بهێنێت، هەروەكو هەندێ لە ڕەخنەگرەكان ئاماژەی بۆ دەكەن لەوانەیە لە توانای خواوەندەكان یان لە توانای شەیتانەكاندا بێت.

www.pertwk.com

هەر بۆیە پێدەچێ لەبەر ئەم هۆیە بێت کە ئارتۆ لە قۆناغەکانی کۆتایی هەوڵەکانیدا دەستبەرداری دەقی شانۆیی بوو، ئەمەش دوای ئەوەی کەلە بەدەستهێنانی دەقێك کە بگونجێ لەگەڵ بۆچوونەکانیدا زەحمەتێکی زۆری روو بەروو بۆوە، وەك دەڵێ:- "هەر شتێك بەخەیاڵمدا بێتو بۆم بگونجێ لە دەقدا دەیکەم، بەهەمیشەیی دەق لەسەر شانۆ شتێکە جێی بەزەییە، بۆیە بەهاوارو ناڵە ناڵی خاوەن واتا پڕی دەکەنەوە".

لە یەکەم شەوی کردنەوەی نمایشی (ئالی چنشی) ئارتۆ رووبەرووی شکستێکی گەورە دەبێتو ئەمە وای لێ دەکات کە بەرگە نەگرێتو ڕەوانەی نەخۆشخانەی نەخۆشیە دەروونییەکان دەکرێت.

ئارتۆ باوەڕێکی گەورەی بەپەیامی شانۆ هەبوو کە توانایەکی گەورەی لە گۆڕینی کۆمەڵگاو مرۆڤ و جیهاندا هەیەو باوەڕی بەهێزی شۆڕشگێڕی فیداکارانەی بوو.

باوەڕی ئارتۆ بەتوانستی شانۆ لە پێناوی رزگاربوون لەلایەکی دییەوە توندڕەویو سەرکێشی لە بەرامبەریەتی بەجۆرێك تیایدا لە ململانێیەکی بەردەوام بوو دژی دارشتنە تەقلیدیەکان لەکاری شانۆییدا.

ئارتۆ بەفرۆید کاریگەر بووە بەتایبەتی لەو بەشەی کە ئاماژە بەخەون دەکات کە تیایدا (فرۆید) چۆنیەتی گۆڕینی زمان لە خەوندا بۆ وێنە باس دەکات و کەلە دواییدا دەتوانرێ بخوێنرێتەوە هەروەك چۆن نووسینی وێنەیی هێرۆگلۆفی دەخوێنرێتەوە. لێرەوە ئارتۆ ئەیەویو هەوڵی گێڕانەوەی چالاکی دەدات بۆ نەستو کێشی ئاگایی راستەوخۆ بۆی.

شانۆی توندوتیژی زانستی دەروونی کۆمەڵایەتی لە خۆی دوور دەخاتەوە، چونکە شانۆکەی رۆژهەڵاتیە کە رێچکەیەکی میتافیزیکی هەیە... لە بەرامبەر شانۆیەکی رۆژئاوایی کە رێچکەیەکی سایکۆلۆژی هەیە.

ئەگرێت شانۆی توندو تیژی بکرێتە فاکتەرێکی باش بۆ هێرشکردنە سەر ئەو جۆرە شانۆییە باوانەی کە هیچ بەهایەکی هونەرییان نییە هەروەك چۆن ئارتۆ لەسەرەتای کارەکانیدا و نوسەرە پێشڕەوە عەدەمییەکانی –دادائیەتو سۆریالیەت- یان کردە فاکتەرێك بۆ هێرشکردنە سەر شانۆی بۆلفار.

ئارتۆ کردەی "چارەسەری دەروونی" دەبەخشێتە شانۆکەی بەشێوەیەك کە کیانی بینەرانی ڕائەچڵەکێنێ، لە نمایشەکانیدا جۆرێك لە کاریگەری لەسەر هەندێك لە هەستو سۆزی ناو عەقڵی ناوەکی بینەر دەخولْقێنێ وەك ئارەزووی دەست درێژی کردنو هەستان بەتاوان، و گەڕانەوە بۆ سەرەتاییەتو سروشتیەت، و وەهمو خەون لە ڕێگەی هێنانەدییان نییە.

ئارتۆ وا دەبینێ کە پێویستە لەسەر شانۆی تازە بتوانێ هەبوونی مرۆییان نیشان بدات کە ئازادکراوە لەسەرجەم ئەو گرێو پەیوەندییە شارستانیەتیەی کە هەڵچنراوە بەدرۆو خەڵەتاندن.

## ژێدەر:

1-نظرية المسرح الحديث- د. يوسف عبدالمسيح ثروت، دار الحرية للطباعة، بغداد 1975.

www.pertwk.com

2-المخرج في المسرح المعاصر- سعد ادرش، الكويت، المجلس الوطني للثقافة
3-مسرح الأحتجاج والتناقض... جورج ولورث.

# جوڵە لە شانۆدا*



# جوڵە لە شانۆدا

زۆرجار دەوترێت كە جووڵە هەرگیز درۆ ناكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە مرۆڤ دەتوانێ حاڵەتەكە بەراستگۆیی‌و ورد بخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بەزمان بكات.

هەموو جووڵەیەك خاوەن رۆحی خۆیەتی‌و ئەگەر جووڵەو رۆح جیاواز بوون، ئەو كاتە بەرجەستەكردنیان ئەستەم دەبێت... جووڵەش بناغەی هونەری نواندنەو ئەوكاتەی بۆ نواندن دەگوێزرێتەوە پێویستی بەڕیتم‌و چیرۆك‌و كردار هەیە.

هەروەك چۆن دروستكردنی جووڵە بەشێوەیەكی راست‌و ئەفرێنەر خاڵێكی گرنگ‌و پێویستە.

لێرەوە دەبینین كە جەستەی ئەكتەر ئەو نێوەندە كارایەیە كە لە رێگایەوە دەقە ئەدەبییەكە لەسەر شانۆ دەردەخرێت‌و تەنها لە رێگەیەوە دەتوانرێ كاریگەری لەسەر سۆزی بینەران دروست بكرێت.

جەستە شوێن پێكدەهێنێت‌و لە هەمانكاتدا زەمەن دیاری دەكات، لەبەر ئەوەی جووڵەكانی جەستە لە كاتێكی دیاریكراودا دەكرێت.

پێویستە ئەو خاڵە لەبەر چاو بگیرێت كە مرۆڤ بەتەنها بۆ جووڵە ناجووڵێت، بەڵكو بەهۆی كارتێكەرییەكانەوە دەجووڵێت‌و... جووڵەش دەبێت لە پێناوی ئامانجێكی دیاریكراودا بێت.

لەگەڵ ئەوەی جووڵە لە ژیانەوە وەردەگیرێت، سەرەرای ئەمە دەبێت جڵەوگیربكرێت و رێچكەكەی دیاری بكرێت، لەگەڵ ئەوەی كە جووڵە لە باری سروشت‌و پێكهاتنیەوە مەحكوومە بەبینەر، چونكە بینەر دەبیستێ‌و دەبینێت، جووڵەش هۆكارێكی مرۆیانەی بنەڕەتییە بۆ ژیان‌و مانەوەو، هۆكارێكی شانۆییشە بۆ

www.pertwk.com

دۆزینەوەی ژیان‌و واتاو پێکهاتەکانی، چونکە لە ناواخنی مرۆڤدا روودەدات، بەتەنهاش تێگەیشتن پرۆسەی دۆزینەوەی بەرهەم دێنێت.

لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لە حاڵەتی جووڵەو گۆڕاندایە، شانۆ ئەم بۆچوونە وەکو پێودانگێك بۆ خۆی پیادە دەکات‌و بەجووڵە گوزارشت لە هەموو گۆڕان‌و گۆڕینەوەیەك لە مانادا دەکات. هەر بەهۆی جووڵەشەوەیە کە گۆڕان‌و گواستنەوە لە کەسایەتییەکەدا درك پێدەکرێت.

ئەفلاتون دەڵێ:– رۆح لە جووڵەوە دێت... کەواتە ئەکتەر ئەو کاتانە دەجووڵێت کە دەبینێ هێز یاخود پاڵنەر، یان هۆکارێك بۆ جووڵەکردنی هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکەیدا دروست بکات.

لە کاتێکیشدا ئەو هۆکارانە بوونیان نەبوو، ئەوا ئەکتەر دەبێت جەستەی لەباری ئاسایی خۆیدا بهێڵێتەوەو، ئەگەر ئەو جووڵانە هێزێکی جوڵاو نەبوون ئەوا مانای ئەوەیە کەهیچ پاساوێك بونی نییە بۆ پەیوەندیکردن بە کەسایەتی‌و هەبووەکانی تری سەرشانۆ لە دیکۆرو فیگەرو ئەکتەرەکانی هاوڕێی و... هتد.

بۆیە دەتوانرێت بووترێت کە هۆکارو هێزی پاڵنەر، جووڵە لەسەر شانۆ دیاری دەکات.

جووڵەو ئاماژە بەشێکن لە نمایشی شانۆیی بەو پێیەی کە مانای رۆحی نمایشە لەڕووی بەرجەستەکردنی‌و گەیاندنی بەوەرگر، بۆیە هۆکارێکی گرنگی بەرهەمهێنانی ئەکتەرە.

جووڵە پەیوەندیدارە بەزەمەنی شانۆییەکەوەو کاریگەر دەبێت بەسەر کاتی نمایشەکەوە، جووڵەی جەستەی ئەکتەر یاخود جووڵەی کەسایەتی بەسەر زەمەنی نمایش کاریگەر دەبێت و زەمەن بەپێی زۆری جووڵە یاخود کەمی دەگۆڕێت، لێرەشدا بەتەنها مەبەستمان کاریگەری جووڵە نییە لەسەر خێرایی‌و خاوی شانۆییەکە یاخود

خێرایکردنی جووڵە، بەڵکو مەبەستمان کاریگەری جووڵەیە لەسەر ئەو ریتمەی کە پارێزگاری لە بەردەوامی ئەو پەیوەندییە دەکات کە لە نێوان ئەکتەرو بینەردا هەیەو زیندوویەتی نمایش دەخوڵقێنێت.

هەربۆیە ریتم بەم شێوەیە پەیوەست بەپەیوەندی جووڵەو زەمەن دەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ورد ئەژماری جووڵەی ئەکتەر بکەین دەتوانین زەمەنی نمایش دیاری بکەین.

جووڵە یارمەتیدەرە بۆ تەرکیز، چونکە جەستەی جووڵاو زیاتر تەرکیزو ئاگایی رادەکێشێت لە شانۆدا، بۆیە دەکرێت کەسایەتیەکە زیاتر کاریگەر بێت ئەگەر لە جووڵەدا بوو، بەمەش بینەر هەست بەزەمەن یاخود هەست بەبێزاری ناکات، بەڵکو زەمەن زیاتر گونجاوتر دەبێت بۆ پرۆسەی تەلەقی کردن و چێژ وەرگرتن‌و بەشداربوون، ئەمەش تەنها لە جووڵە بەشێوە میکانیکیەکەی نایەتە دی، بەڵکو بەو جووڵەیەی کە هەڵگری مانایە، چونکە ماناو ئایدۆلۆژیا لەسەر شانۆ دەرناکەوێت بەبێ جووڵەو، هەرکاتێك ئەکتەر جووڵەکانی لەگەڵ سەرجەم پێکهێنەرەکانی نمایشێکی شانۆیی رێکخست ئەوکاتە مانا بەتەواوی دەگەیەنرێتە بینەران.

تێبینی:

وتارێکی (د. عونی کرومی)، بەناونیشانی (الحركة في المسرح).

www.pertwk.com

# تۆماشفسکی و
# زمانی شانۆییە نوێکەی



# تۆماشفسکیو
# زمانی شانۆییە نوێکەی

شانۆی "هنریك تۆماشفسکی" بەدیاردەیەکی دانسقەی دووبارە نەکراوە دادەنرێت، بەجۆرێك کەسێتی تۆماشفسکیو شێوازو روانینەکەی بۆ جیهان وای کردووە شێوەی هەموو نمایشێکی شانۆیی لەلای موفرەدەیەکی تایبەتی پێببەخشێ.

ئەو نمایشە شانۆییانەی کە بەرهەمی دەهێنێت خۆی لەبەدەستهێنانی جیهانی نوێ لە هونەری شانۆدا دەنوێنێت.

ماوەی چەند ساڵێکە کە خۆی لە چارەکە سەدەیەك دەدات "تۆماشفسکی" لە ڕوانینە شانۆییە بێگەردەکەیدا نوقم بووە. لە ساڵی "1924"دا لەدایك بووە لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بەماوەیەکی کەم لە تیپی "مانۆڕی ساتێری" شانۆی ئەکادیمیای پۆڵەندا بۆ ئارەزومەندان لە شاری "کراکوپ" ئەکتەر بووەو چەندین دیمەنی لەنواندنی بێدەنگ پێشکەش کردووە، لە گرنگترینیان "دیمەنی ترس لە خەیاڵی مردووان" کە زناکێکی نوێی لەزمانی گوزارشتی بێدەنگ دەنواند.. پاشان لە بەرهەمێکی شانۆیی مۆسیقای "کوبرنیك"ی نووسەر "H. Morstin" لە ساڵانی "1945–1947"دا وەك ئەفرێنەرێکی باشی بزافی بالیەو نواندنی بێدەنگ بەدەرکەوت،

هەر لەو ساتانەدا لە ستۆدیۆی دراما لەسەر دەستی "Iwogalla"و لە ستۆدیۆی بالیە لەسەر دەستی "Feilksparne" زانیاری پەیداکردو لە ساڵی (1948)دا نمایشە سەرەتاکانی لەماڵی (ئۆپێرا)دا لەشاری "فرتسواف" لە پۆڵەندا وەك سەماکارێك پێشکەشکردو ڕۆڵی (شای) لە بالیەی (Nechbal) لەژێر ناونیشانی "لە باسێکەوە بۆ باسێك"و ڕۆڵی شەیتانی سەماکرد لە شانۆیی –فاوست–و شانۆیی Twardowskt، هەروەها ڕۆڵی "بافیا"ی لە شانۆیی "بافیاو کچەکانی چلیخۆفسکی" بینی.

هەر لەو ساتانەدا چەندین شێوەی جوڵەییو پارچە سەمای لە شانۆییە درامیەکاندا، لەسەر چەندین شانۆی ناوخۆییو جیهانی دەرهێنا. هەر لەوکاتانەدا حەزی کردنەوەی شانۆیەکی سەربەخۆ لە دەرونیدا چەکەرەو کڵپەی کرد کە تیایدا جوڵە پێك بهێنێتو ریتمەکەی بۆ بکێشێت.

ئەم شانۆیە "بەبۆچونی خۆی" لە توانایدا هەیە گوزارشت لەو شتانە بکات کە ناتوانرێت بەهۆی وشەوە گوزارشتی لێ بکرێت. ئەوانەش کە لە توانای پالیەو شانۆی وشەدا نیە پێکی بهێنێت.

بەمەش روانینە خودیە سەربەخۆکەی بۆ شانۆ تایبەتەکەی هاتەدیو بەشانۆکەی لە نواندنی بێدەنگدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە لە جێبەجێکردنیدا چوار بنەمای زمانی شانۆیی نوێ دروستی دەکات.

بنەمای یەکەم پێکهێنانی جوڵەو گوزارشتو روخساری دەمو چاوە، کە کورت کراوەیەك دەنوێنێت بۆ دانپیادانانو پێودانگەکان، تاوەکو جێگەی ئەو وشەیە بگرێتەوە کە لە ناهۆشیاریدا لەلایەن چەند ئەکتەرێکی ناهۆشیار بە بەرخۆریو بەها گومراکەیەوە بەکارهاتووە: نمونەی تۆماشفسکی لەو

www.pertwk.com

کەسانەیە کە شتەکانمان نیشان دەدات‌و قسەناکات، هەموو ئەو شتانەمان نیشان دەدات کە دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات بۆ بینەر. ئەو کاتەش کە باس لە دانپیادانەکان دەکات لەناو دەرونیدا پەنگی پێدەخواتەوە دڵ‌و سۆزەکانی پێوەی دەتلێنەوە، بەجۆرێك وشە دەستەوەستان دەبێت لە گوزارشت کردنی لێی. هەر بۆیە پشت بەڕوخسارو سەرجەمی جوڵەی جەستە دەبەستێت.

بنەمای دووەمیش لە شانۆکەیدا لەسەر ئەوە پێکدێت کە لە توانایدا هەیە سنوری دواندنی ئەکتەرەکانی ودیمەن‌و تابلۆ شانۆییە تەقلیدیەکان ببەزێنێ، ئەوەش بەهۆی بەدەرخستن‌و ڕەمزو ئەبستراکتەوەیە، تاوەکو سنوری وەسفی وشەکان‌و گۆڕانیان ببڕێت، بەڵکو زیاتر لەمەش دەتوانێ بەسەریدا سەربکەوێت.

بەم جۆرەش دەبینین پاڵەوان دەگاتە مەملەکەتی مردن بۆ گەڕان بەشوێن هاوڕێی تەمەنی لە "گەلگامێش" داستانە بابلیە/ ئاشوریە کۆنەکە، کە ئەم هونەرمەندە پۆڵەندیە بەشێوازو کەرەستە هونەریەکانی چارەسەری دەکات. دەبینین پاڵەوانەکە "لە ساتێکدا کە هیچ کەسێك نابینرێت" زەویەکە دەکێڵێت بەشوێن ئەو کەسەدا دەگەڕێ کە خۆشی دەوێت، خۆڵەکە بەدەستەکانی دەبێژێت، پارچە خۆڵەکان لەنێوان پەنجەکانیدا دەکەونە خوارەوە: ساتێکی بێدەنگی، شوێنەکە بێدەنگی دایدەگرێت. لە کۆتایدا هاوڕێکەی دەدۆزێتەوە، کە خۆی لە پارچەیەك خۆڵەمێشی بچوك دەنوێنێ کە لە مشتیدا دەمێنێتەوە، ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە لە هاوڕێکەی دەمێنێتەوە.

بەڵام لە "فویتسك"ی سەربازدا کە لە بەرهەمێکی شانۆیی نووسەری شانۆیی –Buchner–ەوە وەرگیرا بوو، دەیکاتە بەرهەمێکی درامی بێدەنگ، تیایدا پاڵەوانەکە لێی دەدرێت‌و بەند دەکرێت‌و لەسەر تەختەی شانۆو لە

دیکۆرێکی داخراودا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت کە چەندین دەروازەی پتەوی هەیە، لە بەرامبەری فەرمانبەرە حکومیەکان دەوەستن، کە جێگەکانیان بەشێوەیەکی بەردەوام دەگۆڕێتو دەبنە بەربەست لە ڕێگەکەیداو لەهەموو لاکانەوە دەوری دەدەن.

لەمەشەوە پێودانگێکی کاریگەری تایبەت لەلای بینەران پێکدێت کە بەواقیعی ژیانی ڕۆژانەیانەوە دەبەستێتەوە کە پێویست بەلێدوان یاخود شیکردنەوە ناکات.

لێرەدا بێدەنگی بەشداربوو دەبێتە زمانێك بینەر لە ڕێگەیەوە لەگەڵ ئەکتەرەکەیدا لە پردێکی هونەری بێدەنگدا بەردەوام دەکات.

لە بەدیهێنانی بنەمای سێیەمدا تۆماشفسکی لە دەرخستنی رابردوو ئامادەگی خەونو ئەندێشەکان لەسەر تەختەی شانۆ سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. بەمەش نەك بەتەنها زمانی شانۆیی دەوڵەمەند دەکات بەڵکو روانینی راستی لەلای پاڵەوانەکانی بەهێز دەکات.

ئێمە رابردوو لە ئێستادا دەبینین کە تێکەڵ بەخەونەکان بووە، بەجۆرێك راستیو وێنەکانمان لەنێوان نمایشە شانۆییەکانیدا لە تەکامولێکی هونەری یەکگرتوودا دەکەوێتە خوارەوە.

بەم شێوەیەش کەسێکی فەرمانبەر لە شانۆیی -نوسینگەی پۆستە-دا دەبینین هەڵدەستێ بەچارەسەرکردنی کێشەی میوانەکانی، لەرێگەی بەشداربوون لەو دیمەنانەی کە لەناو ئەندێشەیدا پێکدێتو لەو روداوانەی کە لە رابردویەوە دەردەپەڕێن.

www.pertwk.com

تۆماشفسکی لە بنەمای چوارەمدا سەرکەوتن لەوەدا بەدەست دەهێنێت کە بۆ دواجار لە وشە رزگار دەبێت، کە بەتەنها نابێتە ئەلتەرناتیفێك بۆ وشە، بەڵکو کرۆکی خودی نمایشی شانۆیش دەنوێنێ. هەموو ئەمانەش بەزمانێکی بێدەنگی گوزارشتی بێ وشە پێکدێت و بەئاماژەو رەمزو ئەفسونی گوزارشتەکان بەرزدەکرێتەوە.

ئایا ئەمەش هەمان ئەو خەونە نیە کە هونەرمەندی ریفۆرمیستی شانۆیی "گۆردن کریگ" ئاواتی هاتنەدی بۆ دەخواست؟!.

## سەرچاوە:

گۆڤاری "الکویت" ژمارە–93 – مایو/ 1990.

www.pertwk.com

# ماکبێس :
# تاریکترین تێکستەکانی شکسپیر



# ماکبێس:
# تاریکترین تێکستەکانی شکسپیر

(ماکبیس) هەروەکو رەخنەگر "ویدسون نایت" دەڵێ: "قوڵترینو پێگەیشتوترین خەیاڵی شەڕە لەلای شکسپیر "رەخنەگری پۆڵەندی (یان کوت) بە "مۆتەکەیەکی گەورەی ترسناک"ی ناو دەبات.

## شانۆگەرییەکە باسی چی دەکات:

"کاتێك کە دوو سەرکردە ئوسکوتلوندیەکە (ماکبیس و بانکۆ) دەگەڕانەوە لەو شەڕەی سەرکەوتبوون بەسەر دوژمنی وڵاتەکەیاندا، لەڕێگاو لە شوێنێکی چۆڵا بەسێ ئافرەتی جادووگەر دەگەن. جادووگەرەکان بە –ماکبیس– رادەگەیەنن کە نازناوی (ئەمیر کۆدۆری) خائینی دەدرێتێو زەویو زارەکەشی بەخەڵاتی سەرکەوتنەکەی پێشکەشی دەکرێتو لە پاشان دەبێت بەشا.. بەبانکۆش رادەگەیەنن کە کوڕەکانی ئەبنە پاشا. لەدوای ئەم چاوپێکەوتنەیان لەگەڵ جادووگەرەکاندا قسەکانیان دێتەدی، کاتێك پاشای ئوسکوتلەندا ماکبیسی سەرکردەی دانا بەشای (کۆدۆر) ناودەبات لە پاشان (دەنکان) خەڵاتی سەرکەوتنەکانی ماکبیسی کرد بەوەی بەمیوانداری چووە

کۆشکەکەی.. ئەم میواندارییەو هەوڵدانی ماکبیس بۆ ئەوەی ژیانی بەرەو پێشەوە بەرێت لەپاڵ هاندانی (لەیدی) خێزانیدا کاری تێکرد بۆ ئەنجامدانی یەکەمین تاوان کە کوشتنی (دەنکان)ی میوانی بوو.

کوڕەکانی دەنکان (ماڵکۆڵم‌و دۆناڵبین) لەدوای ئەو ڕووداوە هەڵدێن، یەکێکیان بۆ ئینگلتەرەو ئەوەی تریان بۆ ئێرلەنداو ماکبیس دەست دەگرێت بەسەر هەموو موڵکی پاشادا، بەڵام بەهیچ شێوەیەك هەست بەجێگیربون ناکات‌و لەبوون‌و مانەوەی (بانکۆدا) مەترسی دەبینێ.. هەبۆیە ئاهەنگێکی نانخواردن پێکدەهێنێ‌و بانکۆو چەند پاشایەك بانگێشت دەکات، لەکاتی هاتنی بانکۆدا بۆسەیەکی لە ڕێگادا بۆ دەنێتەوەو دەیکوژن، بەڵام لەکاتی نانخواردنەکەدا دەشڵەژێ‌و تارمایی بانکۆ دەبینێ لەناو ئامادەبوواندا،بۆ ئەوەی ترسەکانی ماکبیس بڕەوێنەوە، دەچێتەوە بۆ لای جادووگەرەکان‌و ئەوانیش پێی دەڵێن هیچ مرۆڤێك نییە تا ئێستا بەشێوەیەکی سروشتی لەدایك بووبێت‌و مەترسی بۆ تۆ هەبێت.. هیچ شتێك نادۆڕێنیت هەتا ئەگەر دارستانی (بەنامیش) بگوازرێتەوە بۆ بەرزایی (دنسین). لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو بۆچونە ورەی ماکبیسیان بەرزکردەوەو دڵخۆشیان دایەوە، بەڵام لەسەر ڕێڕەوی تاوانکاری‌و کوشتن نەوەستاو هێرش دەکاتە سەر کۆشکی (شا ماکدۆف)و خێزانەکەی‌و مناڵەکەی دەکوژێت.. بەمە تاوانەکانی دەچێتە ترۆپك.

پاشای ئینگلتەرەش یارمەتی (مالکولم)ی کوڕی دەنکان دەدا بەوەی کە سوپایەکی لەگەڵ دەنێرێ بۆ شەڕکردن لەگەڵ ماکبیس‌و شۆڕشگێڕەکانی ئوسکوتلەندا تێکەڵ بەسوپاکە دەبن. ماکبیس لە کۆشکەکەی خۆیدا خۆی دەگرێت‌و ڕووبەڕووی دوژمنەکانی دەبێتەوە، بەڵام مردنی (لەیدی) خێزانی

www.pertwk.com

لەکاتی شەڕکردنداو دەرکەوتنی فێڵی قسەکانی جادووگەرەکان بۆی بەوەی کە (ماکدۆف) بەشێوەیەکی سروشتی لە دایك نەبوەو بەدیتنی سەربازەکانی دوژمن کە لەشێوەی دارستانی –بەرنام– بوونو چڵەداریان بەخۆوە کردبوو، ورەی دەڕوخێ.. لەگەڵ ئەوەی بەرەنگار بۆوە، بەڵام بێ هودە بوو، لە ئاکامدا کەوتە بەردەستی (ماکدۆف)، شانۆییەکە بەوە تەواو دەبێت کە تاجی شاهانەیی دەخرێتە سەری (ماڵکۆڵم)ی کوڕی دەنکانو دەبێتە شای ئوسکوتلەندا.

## تاریکترین و توندوتیژترین تێکستی شکسپیر

ئەم شاکارە گەورەیە بەخوێن دەست پێدەکاتو بەخوێن کۆتایی دێت، یەکەمین دیمەنیش دیمەنێکی ترسناکە بەوەی خوێن لە برینی بریندارێك دێتە خوارەوەو سوپایەك لەسەرکێشیو شەڕێکی توندو تیژدایە. زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم شانۆییە لەشەودا ڕوودەدات، هەر بۆیە زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئەم تێکستە بەتاریکترین تێکستی شکسپیر دادەنێن، چونکە بەردەوام شەوە یان بەرەبەیانە یان دوای ڕۆژئاوابوونە، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم هاوکێشەی تاریکی شەو بەرامبەر تاریکیو کینەی دەروون.

لە ماکبیسدا هیچ یاسایەك بەدی ناکرێت لە یاسای خوێن زیاتر، ماکبیس بەرەو کوشتنی شا هەنگاوینا، چونکە ئەو ماکبێسێکی نەدەویست لە کوشتنی شا بترسێ، بەڵام ماکبیس کاتێك کە تاوانی کرد نەی ئەتوانی ماکبیسی تاوانبار پەسەند بکاتو بیەوێت. ماکبیس بۆیە تاوانی کرد تاوەکو لە ترس ڕزگاری بێت، بەڵام بوونی تاوانەکە بووە هۆی مانەوەی ترسێکی گەورەی بێ کۆتاییو ئەم تاریکاییەی دەوری ماکبیسی دابوو هەتا دەهات زیاتر تاریکتر دەبوو، ماکبیس بەهۆی ترسەکەیەوە تاوانی کردو بەردەوامیش بوو لەسەر

تاوان چونكە دەترسا، كەواتە ترس یەكێك بوو لەو پاڵنەرانەی كە هانی ماكبیسی‌دا بۆ كوشتن.

لە ماكبیسدا هەرچی لە دەرەوەی كۆشكدایە ترسناكەو نیشانەی نەگبەتییە كە بەقسەی جادوگەرەكان دەست پێدەكاتو بەو تاوانبارانە بەردەوام دەبێ كە بانكۆ دەكوژنو لە دواییدا بەو دارستانەی كە ئەكشێت بۆ ئەوەی قسەی جادووگەرەكان بێتە دی، جیهان هەمووی تووشی دەردی شەڕ بووە كە لە ژووری نووستنەكەی ماكبیسەوە دەستی پێكردووە و خێزانەكەی دەستی پێ پیسكرد.

## ئەگەر میرێك ترسی لە دەوروبەری هەبوو چاكتر وایە زوو لەناویان ببات

دەقی ماكبیس بیرێكی میكیاڤیلیانەی لە خۆ گرتووە "ئەگەر میرێك ترسی لە دەوروبەری هەبوو چاكتر وایە زوو لەناویان ببات". هەستكردن بەنرخی مرۆڤایەتی نامێنێت. هەستكردن بەبێ مانایی بوونو ترس هانی ماكبیسی‌دا كە بەتاوان كردن رووبەڕووی ترسەكە بێتەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەپێنێ. شەڕ بەرەو شەڕ دەچێتو رابردووش ناسڕێتەوەو تاوان خەست تر دەبێتەوەو ماكبیسیش ئەبێتە نیرۆن كە ئەیەوێت رۆما بسوتێنێتو گۆرانی بڵێت تا ترس لە خۆی دوور بخاتەوەو ئەو راستییە بسەلمێنێ كە ئەو هەیەو زیندوە، ئەو كالیگۆلای تازەیە، یان سیزیفەو تاقەتی لەو یارییە چووە كە هەموو جارێ بەردەكە بباتە سەر لوتكەی شاخەكەو بكەوێتە خوارەوە.

www.pertwk.com

ماكبيس تەنها تاوانی نەكرد بۆ ئەوەی ببێتە شا بەڵكو بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ ،لەنێوان ماكبيس كە لە كوشتن دەترساو ماكبيس كە تاوانكار بوو ئەمەی هەڵبژارد، بەڵام ئەو ماكبيسەی كە تاوانی كرد بوو بە ماكبيسێكی تازە ، لەمەوە ئەوە فێر بوو كە مرۆڤ تەنها ناكوژرێت، بەڵكو ئەبێ فێری كوشتنيش بێت. ماكبيس هەموو هوشياری بەبێ مانايی دەخاتەكار بۆ پيسكردنی ئوسكوتلەندا بەخراپە كردن، بەڵام هۆشياری كاتێك پێدەگات كەبۆی دەردەكەوێ ئەوەی خەوی پێوە دەبينێت كە بيسەپێنێ پێچەوانەی ئەوەيە كە پێی گەيشتوەو ئەمەش لوتكەی ناخۆشييە.. شێوەی ماكبيس لەو شێوانەيە كە زياتر ناشرين دەبوو هەتا بەپلەی دەسەڵاتدارێتیو هێزدا بەرز بوايەتەوەو دواجار پەنگخواردنەوەو ململانێی خێرو شەڕ لەناو قووڵايی دەروونيدا ئەگوازرێتەوە بۆ پانتايی وڵات.

حەزكردن بەتاوان لەلای ماكبيس زياتر شاراوەتەوەو لە مێشكی ناوەكيدا كۆبۆتەوە ئەوەتا دەڵێ:- "ئەی ئەستێرەكان تروسكاييەكانتان بشارنەوە.. مەهێڵن روناكی خواستە رەشە قوڵەكانم ببينێ.." ماكبيس لە كۆتايدا دان بەتاوانەكانی دەنێ ئەو دەمەی دەڵێ: "ئايا هەموو دەرياكانی نيبتون دەتوانێ ئەم دەستانە بشواو پاكی بكاتەوە لە خوێن؟" كەپێدەچێ بە پێچەوانەوە دەرياكان خەڵتانی خوێن بكاتو يەكپارچە بيانكاتە رەنگی سوور..

## گرنگی ئەم تێكستە لەچيدايە؟؟

گرنگی ئەم شانۆنامەيەی شكسپير لەوەدايە كە نزيكەی چوار سەد ساڵێك لەمەوبەر نوسراوە، بەڵام تا رۆژی ئيمڕۆش مرۆڤی وەك ئەوانەی ناو ئەم

شانۆنامەیە لەزۆر كۆمەڵگەی جیهانیدا دەبینرێن، ئەوەش لەبەرئەوەیە كە سایكۆلۆجیەتی مرۆڤی عەسكەری، بەزۆری ڕوو لە زوڵمو خوێنڕشتنو خۆسەپاندنو یاسا شكێنیو پیلانگێڕییە. جا هەر كاتێك ئەو مرۆڤانە هاتنە سەر تەختی دەسەڵات با جاران مرۆڤی وڵاتپارێزو دڵسۆزو نیشتمانپەروەریش بووبن دەبنە مرۆڤی دیكتاتۆرو خوێنڕێژو دزو تاڵانچیو وڵات تێكوپێك دەدەنو هەرچی خراپە هەیە لە دژی گەلو نەتەوەكەیان دەیكەن چونكە ئەو جۆرە مرۆڤە (ماكبیس)یانە مرۆڤی ناشارستانیو بەرژەوەندیخوازنو ئەوەندەی بڕوایان بەزەبری شمشێر هەیە سەد یەكی ئەوە بڕوایان بەتوانای ئەقڵو مێشك نییە.

## سەرنج:

ئەم وتارە خوێندنەوەیەكە بۆ كتێبی (ماكبێـث) نووسینی (ولیام شەكسپیر)
وەرگێڕانی/ ئازاد حەمە شەریف/ هەولێر – 2000.

www.pertwk.com

# گرۆتۆڤسکی ..
# لەیادی کۆچکردنیدا



www.pertwk.com

## گرۆتۆڤسكی ..
## لەیادی كۆچكردنیدا

گرۆتۆڤسكی دیاردەیەكی دانسقەوجیاوازە لە شانۆی هاوچەرخدا ، شایستەی پشكنینی قوڵ و خوێندنەوەی لەسەرخۆو بینینێكی زیرەكانەیە .گرۆتۆڤسكی ساڵی 1933لەپۆڵەندا لەدایك بووە و نواندن ودەرهێنانی تێدا خوێندو چەندین شانۆگەری دەرهێناوە لەوانە : كورسیەكان ، خاڵەڤانیا ، دكتۆر فاوست ، مێرولەی سپی ، وچەندینی تر.

دەرهێنەری ئیتاڵی یۆجینۆباربا دەڵێت :" ئەگەر كەسێك هەبێت بەمامۆستای خۆمی بزانم ،ئەوا ئەو كەسە گرۆتۆڤسكی دەبێت ،ئەو منی گەیاندە ئەم پیشەیە ، ڕێزێكی زۆر دادەنێم بۆ ئەو كارانەی كە دەیكات ، بیرۆكە سەرەكیەكانی و شێوازی كاركردنی و هۆشیاری پیشەییانەی لەلام تەحەدایەكی بەردەوام دەنوێنێت" لەو بڕوایەدام زۆر ئاستەمە بەبێ بینینی ئەزمونە پراكتیكیەكانی لەسەر ئاستی ڕاهێنانە قورسەكانی ڕۆژانەی بۆهونەری نواندن یاخود بەرجەستەكردنی بەشێوەیەكی ئەزمونكارانە باس لەشانۆی گرۆتۆڤسكی بكەین .

گرۆتۆڤسکی لەژیانی هونەری یاخود لەمردنەکەشیدا لەکەسی تر نەدەچوو، دژی باو بوو لە شانۆدا ، شێتگیری رۆژهەڵات بوو و جەستەو سروتەکانی تیا نیشتەجیٚ ببوو ، گەشتی کرد بۆ هند و چین تا لەنزیکەوە ئەفسانەکان ببینێت هەروەها چووە تورکیا تاوەکو بەشداری بکات لە سروتەکانی مەولانەیی و سۆفیگەری ببینێت کە پشت بەسەماو جوڵەکانی جەستە دەبەستێت (کە بەدەروێشی بەناوبانگە) کە تاك تیایدا بەتەواوی هۆشیاری لەدەست دەدات .

ئەو کاتەی گوێمان لە زاراوەی شانۆی هەژار دەبێت بەخێرایی ناوی گرۆتۆڤسکی دەچێتە هزرمان ، ئەم زاراوەیە بەوەوە پەیوەستکراوە ، زاراوەکەش بەواتای ئەوە نایەت کە شانۆ هەژارەکەی بە مانای تەقلیدی بۆ وشەکە هەژارە ، بەڵکو دەوڵەمەندەوپرشنگدارە بە وریایی خستنە سەر گرنگی ئەکتەرو پەیوەندی بەبینەرەوە و جەختکردنی لەسەر توانابیە گوزارشتییەکانی جەستە و دەنگ .

شانۆی هەژاری گرۆتۆڤسکی هەوڵدەدات بۆ پیشکەشکردنی ئەکتەر وەك جەستەیەکی بێگەردو داماڵراو لەسەرجەمی وردودرشتییەکانی تری لەشێوەی ئێکسسوارو دیکۆر و کاریگەرییە تەکنەلۆژییەکان و چەندینی تر . شانۆ لەلای گرۆتۆڤسکی هاوشێوەی سروتێکی ئاینیە بەڵام لەهەمان کاتدا بەرزی دەکاتەوە تاوەکو بگاتە ئاستی پاکژبونەوە . پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکردەوە کەژمارەی بینەران چل بۆ پەنجا کەس تێنەپەڕێنێت تاوەکو ئاسانکارییان بۆ بکات بۆ روبەروبوونەوەیان لەگەل ٚبەهێزترین کاریگەری راستەوخۆی جەستەیی کە لە ئەکتەرەکانەوە دەردەپەڕێت .

www.pertwk.com

گرۆتۆڤسکی یەکەمین کەسێك بوو کە بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی زاراوەی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ کرد ، لەرێگەشیەوە دەیویست جەخت بخاتە سەر گەرانەوە بۆ رەگە ئاینی و میللیەکان و دەرکەوتە شانۆییەکان لەرۆشنبیرییە جیاوازەکاندا . هەرئەمەش بوو کە لەدواتردا و بەهەوڵی دەرهێنەری ئیتاڵی یۆجینۆباربا گەشەی سەند . گرۆتۆڤسکی کاریگەر بووە بە شانۆی ئەنتۆنین ئارتۆ و شێوازەکەی و لە لابۆرە ئەزمونکارییەکەیدا کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پشتی بە تەکنیکی جەستەی ئەکتەر دەبەست گەشەی پێدا . گرۆتۆڤسکی هەروەکو ئارتۆ بڕوای بەوە هەبوو کەشانۆ هێزێکی میتافیزیکیەو لەوکاتانەدا دەتوانرێت بڕوابوون و قایل بوونی بینەر بەدەست بهێنێت کە بەوپەری راستگۆییەوە هەستێت بەو شتانەی کە گۆرانکاری یاخود وەرچەرخان دروست بکات لەژیانی هەریەك لە ئەکتەر و بینەرەکانی .

گرۆتۆڤسکی داوای لەتیپە شانۆییەکەی دەکرد کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خۆیان تەرخان بکەن بەو شێوەیەی کە ئارتۆ بانگەشەی بۆ دەکرد کەئەویش رۆچونی راستەقینەیە لە شانۆدا بەو پێیەی کە سروتێکی پیرۆز و بەرجەستەکردنێکی ئاینییە ، وەکو ئارتۆش گرۆتۆڤسکی راهاتبوولەسەر بەکارهێنانی بالاًبوون ولەجەستەی مرۆڤدا ئاستی هەرە بالاًی لە گوزارشتکردن هەڵێنجا . هەروەك مارتن ئایسلن لەکتێبەکەیدا لەبارەی ئەنتۆنین ئارتۆ ئاماژەی بۆ دەکات .

حەزێکی زۆرم هەبوو کە بچمە لای گرۆتۆڤسکی و زانیارییەکانم زیادبکەم و لە لابۆرە شانۆییەکەیدا بخوێنم و لە نزیکەوە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ جەستەدا ببینم ، بەو پێیەی کە زمانی جەستە زمانێکی جیهانییە بۆ سەرجەمی گەلانی دونیا .

دەرهێنەری گەورەی جیهانی پیتەربرۆك دەڵێت :" ئەگەر خولیای زانینی ئەو شتانەی كە گرۆتۆڤسكی پێی گەیشتووە ئەوا بچۆ بۆ پۆڵەندا ، یاخود وەك ئێمە بكە ، گرۆتۆڤسكی بێنە لات " چۆن دەتوانی ئەمە بكەیت و ئەزمونەكانی نەبینی ، تۆ لەوڵاتێكدا دەژیت كەلەهەر چوارلاوە وەك باستیل ئابلۆقەدراویت و ناتوانیت تێكی بشكێنیت (مەبەست قۆناغی پێشوی فەرمانڕەوایەتی عێراقە) جگە لە كتێبە بێنازكەوتووەكەی

(شانۆی هەژار) هیچی ترمان بەدەست نەگەیشتووە كە(یۆجینۆباربا*) نوسییەوەو بلاویكردەوە . ئەو مرد و باربای هاوڕێی مایەوە لەژیاندا ،بەلام ئەگەر من نەمتوانیبێت بچم بۆ پۆڵەنداو گرۆتۆڤسكی بێنمە لام ئەوا لەرێی یۆجینۆبارباوەگێرامەوە!! ئەوەش لەزستانی ساڵی 2005بوو ئەو كاتەی كە سەرنجی لابۆرێكی شانۆیم دەدا كەشانۆی ئۆدن لە دانیمارك و یۆجینۆبارباى دەرهێنەر بەرێوەی دەبرد . پێش ئەوەی دەست بكەین بە راهێنان لەسەرمان پێویست بوو بە كادری خوێندنەكەو بیناكە ئاشنا بین ، لەسەر رووكاری یەكێك لەدەرگاكان (ژورەكەی گرۆتۆڤسكی)م خوێندەوە كەژورێكی بچوك و هەژار بوو وەك شانۆكەی و پەنجەرەیەكی تیادا بوو كەلێوەی دونیات بەدیدەكرد ،بۆنی عەترەكەیم كرد و وێنەكەیم بە دیوارەكەوە بینی كەوەك قەشەیەك وابوو كە لە دێرەكەیدا سەرقاڵی خواپەرستییە . وام هەستكرد كە لە ژورە بچوكەكەیەوە سەرئەكێشێت و بەرەو رووی ئێمە دێت و لێرەو لەوێ ئاماژە بۆ ئێمەی شانۆكار دەكات. بۆ رۆژی دواتر لەسەر كاسێتی ڤیدیۆ راهێنانەكانیم بینی لەگەڵ یەكەمین ئەكتەری كەناوی (ریزارد سیسلاك) بوو كەرۆڵی پاڵەوانی شانۆگەری (شازادەپێست)ی بەرجەستەدەكرد، زۆر خۆشحاڵ بووم چونكە بۆ

www.pertwk.com

یەکەمین جار بوو لە نزیکەوە راهێنانەکانی ببینم ، کە پڕاو پڕبوون لە توانایی لەرادەبەدەرو بالاّ لە ئەدا و راهێنان و جڵەوگیرکردنی سەرجەمی موفرەداتەکانی جەستەو کۆدەکانی،راهێنانەکان زۆر قورس بوون و زۆر جار ئەکتەری دەگەیاندە ئاستی لەهۆش خۆچوون . بەلاّم لەهەمان کاتدا ئەم راهێنانانە سروتێکی خۆپاکژبوونەوەی رۆح و جەستە بوو پێکەوە. ئەو دەمەی سەیری راهێنانەکانیم دەکرد ئەو شتانەم دەهاتەوە یاد کەلەکتێبەکەیدا (شانۆی هەژار) لەبارەی (ئەکتەری پیرۆز–موقەدەس–) خوێندبوومەوە کە چۆن بانگەشەی داماڵین و روتکردنەوەی ئەکتەری دەکرد لەهەموو شتێك لە ئینسانەتی خۆی نەبێت ، لەگەڵ داهێنانی شێوازە تازەکان بۆ ئەدای ئەکتەر بە جەخت کردنە سەر شکاندنی بەربەستەکانی نێوان ئەکتەر و بینەرو لکاندنی ئەکتەر بە بینەرەوە تا ئەو ئاستەی کە لەکاتی بەرهەمە شانۆییەکەدا بۆنی جەستەی بکات . هەروەك چۆن رۆڵی نەریتیانەی بینەری گۆڕی لە وەرگرێکی سلبییەوە بۆ هاوبەشێکی کارا .

هەروەك پیتەربرۆك لەبارەی گرۆتۆڤسکییەوە دەڵێت :" بەو پێیەی من دەیزانم هیچ کەسێك لەوەو پێش لە ستانسلاڤسکییەوە بەهێندەی گرۆتۆڤسکی بەو شێوە گشتگیر و قوڵە بە پشکنین بە سروشت و دەرکەوتەو واتاکان و سروشت و زانستە پراکتیکیە فکرییەکان و جەستەیی و سۆزدارییەکانی نواندن هەڵنەساوە" .

لە 14ی کانونی دووەمی ساڵی 1999رۆژنامەو هۆکارەکانی راگەیاندن لە سەرتاسەری دونیا هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا و نوسەر و دەرهێنەری شانۆی پۆڵەندی ( یەرزی گرۆتۆڤسکی) یان بلاّوکردەوە کەلەشاری بۆنتدیرا ی ئیتاڵیا کۆچی دوایی کرد و لە شاری ئۆرانا تشالا لە هیند نێژرا تاوەکو

بەهێمنی ودڵنیایی لەسەر وەسێتی خۆی لەژێر خاك و ئەفسونی رۆژهەڵات سەربنێتەوە، لەسەر رووكاری مەزارەكەشی دایەلۆكێك لە شانۆگەری (ئەكرۆبۆلوس) نوسرا، كەدەڵێت:"دوای ئێمە پاشماوەی پۆڵاو قاقای گاڵتەئامێز لە چەند نەوەیەكی كەرەوە دەمێنێتەوە " بەجێیهێشتین و لەدوای خۆی شانۆیەكی هەژار و رۆحێكی دەوڵەمەندی بۆ بەجێهێشتین .

## پەراوێز:

*یۆجینۆ باربا یەكێكە لە قوتابیە گرنگەكانی گرۆتۆڤسكی و لەناوەڕاستی شەستەكانی سەدەی بیستەوە هەوڵی بۆ رێچكەیەكی تایبەتی لە شانۆدا داوە، وەكو هونەرمەندێكی ئیتالیش لە دانیمارك داهێنەری شانۆ بەناوبانگەكەی (شانۆی ئۆدین ) ە و لە هەشتاكانیشەوە داهێنەری تێزە ئەلتەرناتیڤەكەی شانۆی هاوچەرخە لەژێرناوی میتۆدی ( شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی )كە تائێستاش جێگەی سەرنج و گفتوگۆی پراكتیككاران و بیریارانی شانۆی هاوچەرخە لەسەر ئاستی جیهان (و/ك ).

## تێبینی :

" ئەم بابەتە لەلایەن (صالح حسن فارس ) نوسراوە كەیەكێك بووە لەو چەند كەسەی كە لە خولێكی لابۆری شانۆی (ئۆدین )ی دەرهێنەری ئیتالی

www.pertwk.com

**بەناوبانگ یۆجینۆباربا لەبارەی ئەزمونەپراکتیکیەکانی گرۆتۆڤسکی بەشداری کردووە و لەسایتی (ئیلاف ) بڵاوی کردۆتەو ە .**

**دەمامك**...

## جوانكاريه يان شێواندن؟!

www.pertwk.com



## دەمامك... جوانكاريە يان شێواندن؟!

دەمامك لە كرۆكیدا بریتییە لەڕوخسار، مێژووی ئەم ڕوخسارە بەدرێژایی شارستانێتی مرۆڤایەتی درێژە، سەرجەم نەتەوە سەرەتاییەكان دەمامكیان لەسرووتەكانیاندا بەكارهێناوە، هەروەك چۆن دەمامك لەشارستانێتیە جیاوازو ڕۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەكاندا ڕۆڵی جیاجیای بینیوە، بۆ نموونە :." لەمیسری كۆندا دەمامك لە جەژنەكانی مردنی هەتاهەتایی نەمردا هەبووە ، بەشێكی دانەبڕاو بووە لە بونیادی تراژیدیای گریكی، هەروەها ڕۆڵێكی بنەڕەتی لەشانۆ نهێنیەكانی سەدەی ناوەراست وفێستیڤاڵە ڕەنگاوڕەنگەكانی ڤینیسیادا بینیوە".

دەمامك بەم چەمكە زۆر لایەنی جۆربەجۆرو لەیەكجیای لەلایەنەكانی ژیان نواندووە وەك:. ئایین، شانۆ، گەمە،... بۆیە دەمامك بەم مانایە بریتی‌یە لە نێوەندی نزیك بوونەوە لەنەمری و ئەبەدیەت.

لە شوێنێكی دیدا دەمامك ڕوخسار دادەپۆشێت لە پێناوی كردنی گەمەیەك لە خزمەت خودی گەمەكە خۆیدا، كە ئامانج لێی هەندێ كات دروستكردنی ڕەوشێكی لە پڕتاوە لەلای وەرگرو هەندێ جاری دیكە بۆ خستنە پێكەنینی بووە . ئەوكات بەكارهێنانی دەمامك دەیخستینە ناوكەشێكی دوودڵی و مەتەڵ ئامێزەوە، كەتیایدا لۆژیكی سیستمی ژیانی ڕۆژانەی هەڵدەتەكاند... هەرهەمان كرۆك واتە خودی مرۆڤ، خاوەنی دوو ڕووخساری پێكەوە نووساوە، هەریەكێكیان بابەتێكە لەسەروی ئەوی

دیدا، جمکه ڕووخساره، کەنوێنەرایەتی یەکەمی خۆی لەدەست دەدات تا نوێنەرایەتیەکی دی وەدەست بخات .

جاك بریفرت دەربارەی دەمامك دەڵێ: که ڕوخسار دادەپۆشێت و ڕێگه بەچاو دەدات چاودێری بۆچوون "ئەو بۆچوونەی کەئەم دەمامکه هەڵی گرتووه" بکات وتێبینی بکات.

ئێمه بەم لۆژیکه ئەگەینه مانای دەمامك، چونکه دەمامك خاوەن دوو تایبەتمەندییه، پتەوی و داڕژان ، لەگەڵ ئەوەی که دووئەرکی دووفاقی هەیه یەکەمیان: بریتییه له سڕینەوەو گوێزانەوه لەکاتی پۆشینی دەمامکدا ڕوخساره دارژاوەکه وون دەبێت، و دووەمیان: بریتییه له ئەرکێکی سرۆشی گریمانی ، لەو بۆچوونه پێکهاتووەوه سەرچاوه دەگرێ که پۆشینی دەمامك دەیبەخشێت .

بەکارهێنانه جیاوازەکانی دەمامك له شانۆو ئاهەنگه کەرنەڤاڵی و سرووته میللییەکاندا، لەناواخنی داو بەپێی پلەی جیاواز خاسیەتێکی زانراو هەڵدەگرێت لەو سیفاتانەوه سەرچاوه دەگرێ که ڕەوشی "گەشکه" و سەرمەستی پێی ناسراوه، که له دووتوێی کەلەپووری خێڵه سەرەتاییەکاندا پێکهاتوون.

چونکه زۆربەی کات شتێکی له شێوەی ئەو ڕەوشه پێکدێت که مرۆڤ بێهودانەو بێ گوێ پێدان لەگەڵ شەیتانەکاندا دەست تێکەڵ دەکات .

بەڵام هەروەك (کایلویو ) دەڵێ: ئەو کاتەی مرۆڤ دەمامك دەپۆشێت بۆ گەمەکردن به شەیتانەکانی، پێدەچێت لەو کاتەدا خودی خۆی ئەوشەیتانه بێت.

## مرۆڤێکی دی

(پێکهاتەکان)ی زمانی شانۆ لەسەرەتای دروست بوونیەوه، لەژێر دووباڵی هاوتەریبدا خۆیان حەشارداوه بۆ تێنوێتی مرۆڤ، یان بۆ پێکهێنانەوەی

بونیادی واقعی ژیانی، یاخود بۆ پێکەوە ژیانی جارێکی تروتر،لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ئەکتەر بۆ ئەم واقعە لە فۆرم وکەسایەتیە نوێیەکاندا.

ئارەزوومەندی بۆ ئەوەی مرۆڤ بەدەرلەوەی کەهەیە مرۆڤێکی تر بێت، خۆی لەخۆیدا ئارەزوویەکی زگماکە لەناواخنی سروشتی مرۆڤایەتیدایە، هەمومان دەمانەوێ ئەوی دی بین، جیاواز لەوەی کەلەواقیعدا هەین . ئەمانەێ زیاتر باش و ئازاو جوان بین، ولە گەشتەکەی سەروو زەوی دا لەگەڵماندابێت .

ئەو ئەندێشە و تامەزرۆییە بۆ ئەو گۆڕان و وەرچەرخانە لەوەی کە ئەوانی دی بین، و هەندێ جار ئەم هەستە بێ ئەوەی درك بەبوونی بکەین لەگەڵماندایە، ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە دەمامك ڕێگە دەدات تاوەکو جێبەجێی بکەین، دەمامك لەگەڵ بوونماندا بوونی هەبووە، واتە هەرلەکاتی سەرەتای خەلیقەوە.

دەمامك لە شانۆی گریکیدا شتێکی جیاواز نەبووە لە خودی خۆیدا، بەڵکو نوێنەرایەتی لەتەنها تەرزێکی ئەکتەر دەکرد بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە کەسێتی .

هەروەها مێژوونوسی یۆنانی ( بولوکاسی )لە شاری نانکراتیس، بە نموونە باس لە نزیکەی 76دەمامك دەکات ، لە نێوانیاندا 28دەمامکی تراژیدی و خەمۆکی ، و 44 دەمامکی کۆمیدی و 4 دەمامکی ساتێریانەی بەزمەسات … دەمامکە تراژیدیەکان سیمبوڵی خواوەندە کۆنەکانی گریك و پاڵەوانەکان و گیاندارە دڕندەکان بووە، بەڵام دەمامکە کۆمیدیەکان بەپێی تەمەن و ڕەگەز و پلەی کۆمەڵایەتی و پیشەیان گۆڕاوە، سەبارەت بە دەمامکە ساتێریەکانیش ئەوا بەپێی تەمەنەکان دەرکەوتووە.

www.pertwk.com

کەواتە (دەمامك ) بەتەنها بریتی نەبووە لە سیمبولێك بۆ گۆڕانی شانۆیی ، یاخود نواندنی ئەکتەرێك بۆ کەسێتیەك .. بۆنمونە :" لە شانۆی چینیدا دەمامك بریتی بووە لە نیشاندانی تەرزەکانی هەست و سۆزە مرۆڤایەتی و نامرۆڤایەتییە جیاوازەکان.

سەرەڕای ئەوەی شانۆی ئەوروپی لەو کەلەپورە هونەری یە دەوڵەمەندە بە دەمامك پێکهات و گەشەی کرد. بەڵام کەمتر دەمامکی تیادا بەکاردەهێنریێ، بەشێوەیەك بەتەنها ماکیاژی تەواوەتی بۆ هەموو کەسێتیەك جێگەی دەمامکی گرتۆتەوە، ئەگەر بێتو گریمانی ئەوە بکەین کەئەم جۆرە دەمامکە ماکیاژی یە لەشانۆی ئەوروپی هاوچەرخدا نەدینینەوە ئەو کات ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە ئەکتەرەکە وادەبینین دەمامکێکی دی بەکاردەهێنێت دەمامکێکی تایبەت بە خۆی، ئەوەش بەرجەستەکردنی ئەکتەرەکەیە بۆ خودی خۆی، وگوێڕایەڵییە بۆ ئەو کەسێتیەی کەبەنواندنی هەڵدەستێت.

بەپێی ئەم چەمکە دەمامك وەك ماددەیەکی کردەیی نەمایەوە، بەڵکو گۆڕرا بۆ مانایەکی هونەری پەیوەست بە رۆحی ئەکتەرو جەستەیەوە .

هەروەها دەمامك لە نمایشی تیپە شانۆیی یە هاوچەرخەکاندا ڕۆڵێکی تایبەتمەند و گرنگ دەگێڕێت ، وەك تیپی شانۆی نان و بووکەشووشەی ئەمریکی و تیپی شانۆی جروتوسکای پۆڵەندی و چەندینی تر...

بەشێوەیەك ئەم تیپانە بەتەنها دەمامك بەکارناهێنن، بەڵکو سەرەڕای ئەوە چەندین جۆرو قەبارەی جیاوازی بووکەڵە بەکاردەهێنن کە ڕۆڵیکی سەرەکی لە نمایشەکەدا دەگێڕێت.

## گەڕان بە شوێن ڕاستی دا

شانۆ لەکاتی سەرەتای دۆزینەوەیەوە، لە دەوروبەری مرۆڤدا هەوڵی گەران دەدات بە شوێن ڕاستیدا, ئەو ڕاستیەی کەلەکاتێکدا دێت مرۆڤ دەمامکی جیاواز دەبەستێت لەسەر ڕوخساری یاخود لێی دەکاتەوە، لەدەوروبەری مرۆڤ بەپێی ئەوەی کە بوونێکە خودی لە نێوان ڕاستی ودەمامکدا دەشارێتەوە ,لەنێوان ژیانی ( یۆتۆبیایی ، نمونەگەرایی، وواقعی بێزراوی ڕۆژانەی) .

"شکسپیر" لەسەر زمانی یەکێك لە پاڵەوانەکانی لەشانۆیی ( چۆنتان پێ خۆشه ) دەڵێ: "جیهان بریتی یە لەشانۆ، ئەکتەرەکان تیایدا خەڵکانێکن یەك لە دوای یەك دێن، و بەدوای یەکیشدا وون دەبن، هەر ئەکتەرێك لەوانەی لەسەر تەختەی شانۆن یەك ڕۆڵ نابینن ". بۆیە دەمامك مرۆڤ دەوڵەمەند ناکات یاخود بەتەنها دەروازەکانی دنیاو جیهانی فراوان ناکات، بەڵکو لەهەمان کاتدا ڕۆحی تێکدەشکێنێت و کەسێتی دەشێوێنێت ...

مرۆڤ لووش دەدات، وئەو ململانێیە وەك تەنها ڕاستیەك بۆ بوونمان دەمێنێتەوە، ئەویش ململانێی نێوان مرۆڤ و دەمامکەکەیەتی، بەمانا

( ناڕاستەقینەکەی )بریتیە لە ململانێی قەدەری مرۆڤایەتی، ئەگەر نیازمان بوو لەو جیهانەی کەدەورەی داوین بژین، پێویستە لەسەرمان کەکەسایەتیەکی دی بین، بەڵام گەر بووینە ئەو کەسایەتیانەی دی ... ئەوا لەو کاتەدا لەخود و بێگەردیمان دادەماڵدرێین .

ئایا ئەمە ئەو تراژیدیایە نییە کەلەم چەرخەدا تیایدا دەژین؟!...

www.pertwk.com

## سەرچاوە:

**گۆڤاری الكويت –ژمارە** 94 – **ی ساڵی** 1990 .

www.pertwk.com

## شانۆی گریك..
## ڕەگێكی دینی و ڕوخسارێكی ئاهەنگسازی

www.pertwk.com



## شانۆی گریك..
## رەگێكی دینی و روخسارێكی ئاهەنگسازی

ئەوەی یەكەمجار بەبیری مرۆڤدا دێت لەو دەمەی كە باس لە شانۆو شانۆگەری و هونەری شانۆ دەكریٚ، ئەو شوێنەیە كە تێیدا شانۆگەرییەكان نمایش دەكرێن..

ئەمەش شتێكی واقیعی و لۆژیكی و راستە، چونكە شانۆگەرییەكان لە بنەڕەتدا دەنووسرێن تا لە شوێنێكدا نمایش بكرێن، نەك بۆ خوێندنەوەو چاوپێداخشاندن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ كە شوێنی نمایشی شانۆیی كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر سروشتییەتی نووسینی شانۆیی هەیە.

شانۆش لە زەینی خەڵكدا بە وێنە باوەكەی پەیوەست دەكریٚ كەلە وەسف و پێناسەدا دەوڵەمەندەو بەو وتەیەش كۆتایی دێت كە شوێنیكی داخراوەو دابەش دەكریٚ بۆ دوو بەش: بەشێكیان بۆ بینەران كە چەندین كورسی ڕیزكراوی تێدایە.. بەشێكیان بۆ ئەكتەرەكان كە بریتییە لە ژوورێكی "سیٚ" دیواری و پەردەی پێشەوەش جێی دیواری "چوارەم" دەگرێتەوەو ئەو كاتەی كە لادەبرێت نواندن لەناو ژوورەكەدا دەست پێدەكات كە راستەوخۆ بەرامبەر بینەرانە، بەڵام ئایا ئەمە بە تەنیا شێوەی شانۆیە؟! یان ئەمە ئەو شێوەیەیە كە

www.pertwk.com

شانۆی " سۆفۆکلیس "(1) لە چەرخی "4"ی پێش زایین لە وڵاتی گریك لەسەری بووە؟!

شانۆی گریك لە رووبەرو فراوانییەکەیدا شێوەی یاریگایەکی تۆپی پێی ئەم چەرخە تازەمان بووە بەجۆرێك جێی "17" هەزار یاخود "20" هەزار بینەر دەبووەوە.. لە شێوەی بازنەییدا بوو کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرز دەبووە و بەچەندین پلیکانە پڕکرابوەوە، ئەم پیلکانانەش دەگەیشت بە بازنەیەك کە فراوانییەکەی "60" پیێ دەبوو و ناونرا "ئۆرکێسترا" و تێیدا "کۆرس" دەوەستا تا سەما بکات و سروود بچڕێ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەردا بکات.. لە پاشان وشەی " ئۆرکێسترا" لە چەرخی تازەدا بە مۆسیقاژەنەکان دەوترا، لە کاتێکدا لەسەردەمی گریکدا بە مانای شوینەکە دەهات. لە نێوەندی ئۆرکێستراشدا پەیکەرێکی بەردین بنیات نرابوو کەبریتی بوو لەو پەرستگایەی کە تێیدا قوربانی بۆ "دیۆنیزیۆس" (2) دەبەخشرا، ئەم شوێنەش بە "سمیلی" ناوزەد کرا.. بوونی ئەم پەیکەرە بەرینەش نیشانەی پێشکەوتنی هونەری شانۆیە لەلای گریکەکان لەبارەی بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییە کۆنەکەیان، کە قوربانیدان و سازدانی سرووتی تایبەت بۆ دیۆنیزیۆسی خوداوەندی لەخۆدەگرت(3).

راستەوخۆش لە پشت ئۆرکێسترا تەختەی نواندن هەبوو کە بە پلەیەك یان دوو پلە بەرزتر بوو لە ئۆرکێسترا، لەسەر ئەم تەختەیەش ئەکتەرەکان دەوەستان و نواندن دەست پێدەکرا، بەڵام لە زۆر کاتدا ئەکتەرەکان دادەبەزینە ناو ئۆرکێسترا، هەروەك چۆن تاکەکانی کۆرس سەردەکەوتنە سەر "تەختەی نواندن" ،لە پشت تەختەی نواندنیش بینایەکی بەرز هەبوو کە لە شێوەی قەسرێك یان پەرستگایەك بوو، ئەم بینایەش بە "سکاینا" ناو دەبرا، ئەمەش

خەلفیەتی نمایشی شانۆیی پێكدەهێنا وسیێ دەروازەشی تێدا بوو، دەروازەیەكی گەورە لە نێوەندیدا كە لێوەی پادشا و كەسایەتییە سەرەكییەكان دەچوونە دەرەوە.. لە هەردوو لاكانیشەوە دوو دەرگای بچووك هەبوو كە لێوەی خزمەتكار و كەسایەتییە ناوەندییەكان دەچوونە دەرەوە، لەسەر ئەم دەرگایانەش چەردە هەڵواسرا بوو كە تێیدا وێنەی وا نەخشێنرابوو كە گونجاو بێت لەگەڵ دیمەنی شانۆییەكەو شوێنی رووداني كردارەكەی دەستنیشان دەكردو لەو جۆرە پەردانەش بوو كە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزی.. لەبەرامبەر ئەو بینایەش كۆمەڵێك "پایە" هەبوو كە لەسەریان سەكۆیەك هەبوو دەیگەیاندنە بیناكە بەمەش پایەكان دیمەنێكی جوانیان پێكدەهێناو ناویان لێ دەنرا"برۆسینیۆم".

پێویستیشە تێبینی ئەوە بكرێ كە پلیكانەی بینەران لەلاكانییەوە نەدەگەیشتە بینای دیمەنەكان، بە جۆرێك لەلاكانی پلیكانەكانەوە دوو رێڕەو هەبوو و جیای دەكردنەوە لە بینای دیمەنەكان، لەم دوو رێڕەوەشەوە گالیسكەی سەرۆكەكان و كۆمەڵەی سەربازە هاتووەكانی نێو جەنگ دەهاتنە ناو شانۆوە.. هەروەك چۆن كۆرسیش لە یەكێك لەم رێڕەوانەوە دەهاتە نێو ئۆركێستراو لەوی تریانەوە دەچووە دەرەوە..

لەسەرەتادا بینای دەیمەنەكان تەختە بوو، بەڵام لە چەرخی "4"ی پێش زاییندا بووە بینای بەردین، لە چەرخی "5"ی پێش زاینیش بۆ لاكانی بیناكە دوو ژوور دانرا كە پێی دەوترا"باراسینیا" و لەسەر رووكەشی خواوەند دەوەستا، كە بەهۆی ئامێرێكەوە دادەبەزییە ناو تەختەی نواندن، تا هاتنی

ببێتە یارمەتیدەرێك بۆ چارەسەرکردنی گرێی شانۆییەکە، ئەم چارەسەرەش بەلاواز لەقەڵەم دەدرا، هەربۆیە تەنیا لە هەندێ حاڵەتی کەمدا پەنای بۆ دەبرا.. هەروەك چۆن ئەم ئامێرە بۆ بەرزکردنەوەی هەندێ کەسایەتی بەکاردەهێنرا، نموونەی ئەمەش بەرزکردنەوەی کەسایەتی "میدیا" یە لە کۆتایی شانۆیی "میدیا"ی یۆرپیدس.(4)

نمایشی شانۆیی لای گریك بە رێکخستن و دیسپلینێکی ورد جیا دەکرێتەوە، بەڵام ئەکتەری لاواز زۆرجار ڕووبەڕووی فیکە دەبووەوە زۆر جاریش داری تێ دەگیرا و هەندێ جاریش بینەران پەنایان بۆئەوە دەبرد کە بە نەعلەکانیان دەیان کێشا بە پیلکانەکاندا ئەمە لە کاتێك ئەگەر نواندنەکەیان بەدڵ نەبوایە.. زۆرجاریش ئەکتەری لاواز ناچار دەبوو لە شانۆ بچێتە دەرەوە. هەروەها لەبەردەم ئەکتەردا کۆمەڵێك بەربەستی تر هەیە کە پێویستە بیبڕێت، لەوانەش قەبارەی بە بەراورد لەگەڵ قەبارەو فراوانیی شانۆکە.. هەر بۆیە بەرگی ئەکتەر زۆر درێژ وفراوان وقەبە بوو.. تا قەبارەی بەگەورە دەرکەوێت لە چاو ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی گونجاوبێت بۆئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێ.. هەروەها پێڵاوی تەختەی بەرزی لەپێ دەکرد تا درێژیی خۆی پێ زیاد بکات. سەرەڕای ئەمانەش ئەکتەر دەمامکی (5) دەپۆشی کە ڕوخساری دەموچاوی دەردەخست و نیشانە بوو بۆ ئەو ڕۆڵەی کە ئەکتەرەکە بەرجەستەی دەکرد ..

ئەم دەمامکەش سەرەوەی لە شێوەی درێژ دروست دەکرا، زۆر جاریش ئەو بەشەی دەمامکەکە شێوەی قژ یاخود تاجی دەنواند بە پێی ئەو ڕۆڵەی کە ئەکتەرەکە هەیبوو. بوونی کۆرس لە شانۆی گریکیدا بەڵگەیەکی تری گەشەکردنی شانۆیە لەبارەی پەرستنە دینییە کۆنەکە و کۆرسیش لە هەموو

شانۆگەرییەكدا رۆڵێكی هەبوو كە جیاواز بوو لە رۆڵی لە شانۆگەرییەكی تردا، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی بێ لایەن بوو و لە رووداوەكاندا تەدەخولی نەدەكرد.. هەر ئەویش نهێنییەكانی دەزانی و نهێنییەكانیشی دەپاراست و گوزارشتی لە هەستی گشتی دەكرد لە بەرامبەر رووداوەكاندا.. لە زۆربەی بارەكاندا كۆرس ئەو دەمەی لەسەر شانۆ دەردەكەوت، رۆڵی پێشكەشكردنی كەسایەتییەكانی ئەنجامدەدا.. یاخود توانجدان لەبارەی رووداوەكان یاخود پێشەكییەك بۆی ..

زۆر جاریش كۆرس رۆڵی پیرانی دەسەڵاتداری دەبینی .. لە شانۆگەری "خانمەتەروادەییەكان"ی"یۆرپیدس"دا كۆرس رۆڵی خانمە تەروادەییەكانی دەبینی و هەر خۆشی پاڵەوان بوو.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت كە كۆرس بەدرێژایی نمایشی شانۆییەكە ئۆركێسترا بەجێ ناهێڵێ.. ئەمەش یەكێكە لەو فاكتەرانەی كە وای كردووە شانۆی گریك بە یەك شێوە شوێن دیاری بكات و هەردوو یەكەی كات و شوێن پێكبهێنێت.

لە شانۆی گریكیشدا پەیامبەر زۆر بەكاردەهێنرێت، كە هەواڵی جەنگەكان دێنن كە روداوەكانی لەدووری چاوی بینەران روودەدات بۆ رزگاربوون لە دیمەنی كوشتن(6).. یاخود بەو نامانە دێتە سەر شانۆ كە رێڕەوی رووداوەكان دەگۆڕێت.. لەگەڵ ئەمانەشدا نواندن زۆر بە باشی و بەوردی رێكخراوە، بە جۆرێك لەیەك دیمەندا زیاد لە سێ كەسایەتی قسە ناكەن، لەگەڵ ئەوەی زیاد لە سێ كەسایەتی بوونی هەیە لەسەر تەختەی شانۆ.

زۆربەی خەڵكیش دەهاتنە سەیری ئەو نمایشانە" چ هەژار یاخود دەوڵەمەند"، چونكە كرێی چوونە ژوورەوە زۆركەم بوو هەموو كەس توانای

www.pertwk.com

**ئەوەی هەبوو بیدات و حکوومەت سەرجەم خەرجییەکانی نمایشەکەی فەراهەم دەکرد هەر لە کرێی دەرهێنەرو راهێنەرو ئەکتەرەکان تا پارەی جلوبەرگ و دەمامکەکان. لەبەر ئەوەی نواندنەکانیش لە رۆژدا دەکرا، ئەوا وەرزی نمایشە شانۆییەکان کە زۆربەی هاوولاتیان بۆی دەهاتن وەرزێکی جەژنی میللی گشتگیر بوو و تیایدا خەڵك لە پشوودابوون تا چێژ لەم هونەرە گەورەو مەزنە وەربگرن.**

**لە راستیدا شانۆی گریك رووحی گەلی گریك دەنوێنێت.. جگە لە خۆشەویستییان بۆ هونەرو پەیوەست بوونیان بە سیستەم و ژیانیان لە کەشوهەوای کراوەدا لە دەرەوەی ماڵەکانیان.. سەرجەمی ئەمانەش شانۆکەیان جەختی لێدەکاتەوە کە بەفراوانی و سیستەمە وردو نەریتە وەرزییە میللییەکانییەوە جیادەکرێتەوە..**

## پەراوێزەکان:

(1) سۆفۆکلیس: گەورە نووسەرێکی شانۆیی وڵاتی گریکە لە نزیکەی ساڵی (495 پ. ن) لە شاری (کولوناس) لەدایك بووەو لەو سەردەمانەدا بووە کە ململانێکانی گریك و فارسەکان لە ترۆپکدا بووە، بەڵام کاتێك تەمەنی بووە پازدە ساڵ، ئەو دەمە ئەسینا سەربەخۆیی خۆی وەرگرتبووەوە، لە تەمەنی (89) ساڵی و لە ساڵی (405 پ. ن) کۆچی دوایی کرد.. شانۆگەرییەکانیشی لە جوانیی ژیان و نەرمونیانی و خۆشی ناکۆڵێتەوە هێندەی ئەوەی کە پەلکێشی جیهانێکی پڕ لە ئازارمان دەکات، بە نموونە کەسایەتیی "ئەنتیگۆنا"بە بەندکراوی دەمرێت و چاوی ئۆدێب لە توندوتیژیدا هەڵدەکۆڵرێت.. هەستکردن بە تراژیدیا رەگێکی قووڵی هەبوو لە دەروونیدا، هەربۆیە هەمیشە دەیوت: "باشتر بوو مرۆڤ لە دایك نەبێت".

سۆفۆکلیس نزیکەی (120)تێکستی شانۆیی نووسیوە، بەڵام(7) تێکست بە دەستی ئێمە گەیشتووە، ئەوانیش ئەمانەن: "ئەنتیگۆنا ـ 441 پ. ز"و "ئۆدێبی پاشا ـ 431 پ. ز " و " ئەلەکترا ـ

420 پ. ز" و " تراكینیا ـ 414 پ. ز " و " فیلوكتیس" و "ئۆدیب لە كولونوس ـ پێشكەش كراوە" و "ئەجاكس"...

(2)یەكێك لەو چیرۆكە بڕواپێكراوانەی كە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ دروستبوونی دیۆنیزیۆسی خواوەند ئەو چیرۆكەیە كە باس لە دروست بوونی دیۆنیزیۆس دەكات لە "زەجەریۆس"ە وە واتە "منداڵی شاخاوی".. كە ئەم منداڵە لە"پرسفۆنی " خوشكی زیۆس لە دایك دەبێ كە خۆشەویسترین منداڵەكانی زیۆسە.. ئەم منداڵە لە عەرشی ئۆلیمپ دا هاوشانی زیۆس دادەنیشێت.. ئەم پلەوپایەیەی دەبێتە مایەی حەسوودیی "هیرا"و هەوڵدان بۆ ئیغراكردنی "تیتانییەكان" بۆ كوشتن و لەناوبردنی، لەو كاتەی زیۆس بەم پیلانە دەزانێت وێنەی دەگۆڕێت بۆ بزنێك ئینجا بۆ گایەك بۆ ئەوەی لەبەرچاوی "تیتانییەكان"ی بشارێتەوە، بەڵام دەتوانن لە وێنەی دووەمدا دەستی بەسەردا بگرن وجەستەی پارچە پارچە دەكەن و لە مەنجەڵێكی قووڵدا دەیكوڵێنن، بەڵام (ئەسینا)ی خواوەند بە فریای دەگات و دڵی دەبات بۆ ئاسمان، ئالەم كاتەدا (زیۆس) دڵی دەبەخشێ بە "سمیلی".. بەم جۆرەش "سمیلی" دەبێتە هەڵگری بەشێك لە منداڵەكەی "زیۆس"و تێیدا گەورە دەبێت و لە دوای لەدایك بوونی دووەمی بە"دیۆنیزیۆس" ناودەبرێت.

3–گریكەكان ساڵی دوو جار لە دوو جەژندا یادی دیۆنیزیۆسی خواوەندیان دەكردەوەو ئاهەنگیان بۆ سازدەكرد، ئەو دوو جەژنەش:

یەكەم : جەژنی دیونیسیا: ئەم جەژنە دەكەوتە وەرزی هاوینەوە. ئەو دەمەی ترێ دەگەیی گریكەكان گەورەو بچووك بۆ ناو باخی ڕەز دەچوون، لەوێ دەكەوتنە ڕنینی ترێ و بەروبوومی ڕەز.. پاشان دەرهێنانی ئاوی ترێكەو دەیانكردە گۆزەو كووپەڵەوەو تا وەرزی زستان سەریان دەنایەوە بۆئەوەی بگۆڕێ بە شەراب و مەی. لەم ئاهەنگ و جەژنەدا بەدەم كاركردنەوە گۆرانیان دەوت و چیرۆكی دیۆنیزیۆسیان دەگێڕایەوەو سوپاس و ستایشیان دەكرد بۆ ئەو بەروبوومە زۆرو نایابە.

دووەم: جەژنی لینایا: ئەم جەژنە دەكەوتە وەرزی زستانەوە... ئەو كاتەی ئاوی ترێی ناو گۆزەو كووپەڵەكان بەهۆی كاریگەری سەرماوە دەبووە شەراب. گریكەكان لە پەرستگەی دیۆنیزیۆس كۆدەبوونەوەو ئەوەندەیان مەی و شەراب دەخواردەوە تا تەواو مەست دەبوون و دەچوونە جیهانی خەون و ئەندێشەوە.. هەر لەم جەژنەشدا قوربانی پێشكەش بە خواوەند دەكرا. لەم جەژنەدا گریكییەكان سەربەستییەكی تەواویان وەردەگرت.. هەڵسوكەوت و جووڵەیان لە ڕەوشت و خوو دەردەچووە دەرەوە. مەبەستی سەرەكیش لەو جەژن و ئاهەنگە ئایینییانە پاكژبوونەوەی دڵ و دەروون بوو لەهەموو گوناه و

خراپەیەك.. مەبەست گەیشتن بوو بە جیهانی خواوەندان تا لەگەڵیان دەست لە گەردنی جیهانی نەمری بکەن.

4-یۆرپیدس: یەكێكە لە مەزنە تراژیدیا نووسەكانی گریك، ساڵی "480 پ. ز " لە شاری "سلامین"لە دایك بووە، بابەتی تراژیدییەكانی باس لەسۆز و خۆشەویستیی مرۆڤ و ئازارو چەرمەسەری هەژاران و لەخۆبایی بوون و فیزلێدانی پاشایان دەكات.. ئافرەت بابەتێكی سەرەكی بووە لەلای و لە زۆربەی شانۆییەكانی باسیان دەكات .. لە هەندێكیاندا هێرش دەباتە سەریان و بە فریودەرو خیانەت كاریان ناو دەبات.. لە هەندێكی تریشیان بە پێچەوانەوە.. یۆرپیدس نزیكەی "92"دەقی تراژیدی نووسیوە، بەڵام "18" دەقیمان بەدەست گەیشتووە، ئەوانیش : "ئیلست، میدیا، ئەندرۆماك، هیپۆلین، ئەلەكترا، رۆڵەكانی هەرقل، هیكوبا، هەرقل، پەناهێندەكان، تەروادییەكان، ئەیۆن، ئەفجینا لەئۆلیس، ئەفجینا لە تۆرس، هیلین، فینیقییەكان، ئۆریست،باخۆسییەكان، سیكلۆب".

ئەم مەزنە نووسەرە ساڵی"406 پ. ز" لە "مەكدۆنیا"سەری نایەوەو كۆچی دوایی كرد.

5-مەبەستگەرێتی لە بەكارهێنانی دەمامك، بریتیە لە وێنەكردنی كەسایەتییە جۆربەجۆرەكان و بەهێزكردنی كاریگەریی شانۆیی .. هەروەها دەمامك لەنێو خێڵە سەرەتاییەكاندا دەبەستراو لە كاتی سەماو لە دیمەنە شانۆییەكاندا بەكاریان دەهێناو هەندێ جار وەك هۆكارێك بۆ شاردنەوە بەكار دەهات لە وێنەی ئاژەڵێكی ناسراو یاخود ڕووحی یەكێك لە پێشینە كۆچكردووەكانی خێڵ، ئەمەش نەریتێك یاخود ڕەمزێك یان خودی خواوەند بوو...

جێی ئاماژە بۆكردنە كە ئەو ئاژەڵانەی هۆكاربوون بۆ دەركەوتنی دەمامك بریتی بوون لە: ورچ وگا و هەڵۆ.

6-رۆڵان بارت ئاماژە بەوە دەدات كە گریكەكان حەزیان بە بینینی دیمەنەكانی كوشت و كوشتار نەكردووە، بەڵكو بەباشتریان زانیوە ئەگەر لە شانۆییەكەدا ئەو جۆرە دیمەنانە هەبێت ئەوا بە گێڕانەوە بەرجەستە بكرایە، ئەمەش لە ڕێی پەیامبەرێكەوە یاخود بە گۆڕانی ڕووداوەكانی شانۆییەكە یاخود بە گفتوگۆو گێڕانەوە.

## سەرچاوەكان

1. شلدون تشيني . تاريخ المسرح فی ثلاثة الاف سنة . ترجمة درينی خشبة، وزارة الثقافة والأرشاد القومي، قاهرة.

2. رولان بارت . مقالات نقدية فی المسرح. ت/ د. سهی بشور– ديمشق– 1987.

3. د. ثروت عكاشة . الاغريق بين الاسطورة والابداع.

4. گۆڤاری . الكويت ژماره (80)ی ساڵی (1989).

5. فرانك م. هوايتج . المدخل الى الفنون المسرحية. ترجمة/ كامل يوسف واخرون، القاهرة، دار المعرفة – 1970.

www.pertwk.com

# شانۆی ( نو )ی ژاپۆنی
# باوەڕێکی ئاینی و ئەفراندنێکی هونەری



## شانۆی ( نو )ی ژاپۆنی،
## باوەڕێکی ئاینی و ئەفراندنێکی هونەری

پێش ئەوەی بکەوینە باسی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شانۆی(نو)ی ژاپۆنییەوە، واباشە کورتەیەك لەشانۆی ژاپۆن و سەرەتاو مێژووی ئەم شانۆیە باس بکەین.

شانۆی هاوچەرخی ژاپۆن لە ئاکامی کاریگەری شانۆی ڕۆژئاواوە لە ساڵی 1868 دا سەری هەڵدا، شانۆی هاوچەرخی ژاپۆن بەجیا لە شانۆی کلاسیکیی باو لەویٚ دروست بوو، لە دەوروبەری کۆتایی ئەو ساڵانە کۆمەڵێك داوای سەر لەنویٚ چاوخشاندنەوەو لێکۆڵینەوەی بنەڕەتیەکانی شانۆی کلاسیکییان دەکردو کاریگەری لە شانۆی هاوچەرخ و باوەڕی تەواو بە گەڕانەوە بۆ سەرهەڵدانی سەرەتای ئەم شانۆیە.

ئەمەش پێدەچیٚ کە پێویستی داواکردنێك بووبێت بۆ دۆزینەوەی شانۆیەکی ژاپۆنی خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی و دەرخستنی ناسنامەی بۆ بوون.

بۆیە دەکرێت چوار شێوە لە شانۆی ژاپۆنی دیاری بکەین کە ئەمانەن :–

1–شانۆی (نو) : کەلە نێوان هەردوو چەرخی (14 و15)دا لەسەر دەستی ئۆرستکراتییەکاندا لە پاش ئەوەی سەرنجی ڕاکێشان و جێی ڕەزامەندییان بوو، گەشەی پێدرا.

2– شانۆی (کابوکی): ئەم جۆرە لە سەدەی (17) دا بەهۆی پاڵپشتی و پشتگیری بۆرژوازیەتی تازە سەری هەڵدا.

3– شانۆی (جوریوزی): ئەم جۆرەیان لەسەر دەستی نووسەری بەناوبانگی شانۆی ژاپۆنی (جیکاماتسو)گەشەی کرد.

4– شانۆی (هاوچەرخ): کەلە ئاکامی کاریگەرییەکانی رۆشنبیری ئەوروپی و بەدیاریکراوی لە کۆتایی چەرخی پێشوودا سەری هەڵدا.

شانۆی(نو) لەنمایشە ئاینییەکانەوە سەری هەڵدا، کە لەکاتی ئاهەنگە دینییەکان لە پەرستگای (شنتویستاس) لە نێوان سەدەی (13 و14 )دا پێشکەش دەکرا، لە پاشاندا لەسەر دەستی دوو ئەکتەری شانۆیی ئەوکاتە کە (کانامی و زیامی ) (باوك وکوڕ)بوون گەشەی کرد، بەشێوەیەك ئەم دووانە سیمای کۆتاییان بەخشییە شانۆی (نو).

ووشەی (نو– no) مانای بەهای توانای هونەری ئەفراندن دەگەیەنێت، زۆر جاریش نموونەی بنیادی درامی شانۆییەکانی (no) بە تراژیدییە گریکییەکان بەراورد دەکرێت، ئەمەش ڕاستە، بۆ نموونە لێرەدا جیهانی لەیەکچوو و پەیوەندی پتەوی نێوان ئەم دووانە بەدی دەکەین، بە تایبەت لەو بەشەی کە تایبەتە بەبیرو بڕواوە ولە بەشداربوونی "کۆرس" لە هەردووکیان داو، لەگەڵ گوزارشت لەهێڵی جیاکردنەوەی نێوان پاڵەوان و کەسایەتییە لاوەکییەکان.

www.pertwk.com

بەڵام ئەو خاڵەی کە ئەم دووانە لە یەکتری دوور دەخاتەوە جیاوازی تەواوەتییانە لە نێوان ڕێچکە و شێوازە درامییەکانیان ، لە باسکردنیان لەو شتانەی کە جەوهەرین.

هەیکەلی رۆحی شانۆی (نو) لە سەرەتاوە لە ماددەیەکی دراماتۆرگی ئامادەکراوپێکدێت، ئەم شانۆیە بەپێی بنەماو پرۆگرامێکی جێگیر پێکهاتووە .

ئەو خاڵەی کە زۆر وریایی بینەر رادەکێشێت بریتییە لەو دیکۆرە گەورەیەی سەر شانۆ و مێزە تەختەکان کەبە وێنەی میللیی ژاپۆنی نەخش کراون و ئەو کۆڵەکانەی کە لە سووچەکانی شانۆدا دابەش کراون تاوەکو لە کۆتایی دا ماڵێکی میللی ژاپۆنی قەشەنگ و رازاوە دروست بکەن کەبۆ ناو بینەران درێژ دەبێتەوە.

ئەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆی (نو) لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات و هەمووشیان پیاو بوون . لەشانۆی (نو)دا نمایشێکی شانۆیی لە پێنج کۆمەڵە پێکدێت و ئەم کۆمەڵانە بەپێی سروشتی ئەو رۆڵەی کە پاڵەوانی نمایشی شانۆییەکە بەجێی دەگەیەنێ لە یەکتری جیاوازن.

کۆمەڵەی یەکەم : چارەسەری بابەتی خواوەندی دەکەن کە وەك چۆن میتۆلۆژیا یۆنانییە کۆنەکان باسی لێوە دەکەن ، ئەم کۆمەڵەیە لاسایی ئاهەنگەکانی پەرستگای (شنتویستاس) دەکەنەوە.

کۆمەڵەی دووەم: لەم کۆمەڵەدا پاڵەوان لەسەر شێوەی یەکێك لە کەسایەتییە فەنتازییەکان دەبێت و رۆڵی یەکێك لە پیاوەکانی ئاینی بوزی دەبینێت و مێژووی شەڕە بەناوبانگەکان وچیرۆکەکانی نەمریی رۆحی هەتایی دەگێڕێتەوە.

کۆمەڵەی سێیەم: ئەو شانۆگەریانەیە کە لەسەر ژنان دەدوێ، کەپێی دەوترێت شانۆگەرییە (باروکییەکان ) کە ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ (باروکە)

**یاخود(قژی دەستکرد)، کە تیایدا یەکەم ئەکتەری تیپەکە رۆڵی ئافرەتێکی بارۆکە لەسەر بەرجەستەدەکات.**

**کۆمەڵەی چوارەم: زۆربەی کەسایەتییەکانی ئەم کۆمەڵەیە واقیعین و دوورن لە جیهانی فەنتازیاو خواوەندو باس لە چیرۆکە تراژیدیەکانی کۆمەڵیك دایك دەکەن کە کوڕە تاقانەکانیان لە دەستداوە.**

**کۆمەڵەی پێنجەم: ئەم کۆمەڵەیە کەسایەتییە سەرەکییەکانی نمایشە شانۆییەکە لەخۆدەگریٚ و رۆڵێکی باشیان لە زۆربەی مانۆڕە هونەرییەکاندا هەیەو ئەم کۆمەڵەیە بە (ئۆگرۆس– ogros ) ناوزەد دەکرێن.**

**پاڵەوانی شانۆگەرییەکان(shite)دەبێت، هاوڕێکەشی کەلە نێوان رۆڵە ناوەندییەکاندا دەوری یەکەم دەبینێت هەڵگری ناوی (waki) یە.**

**کۆرسیش بە بەشداربوونی (8)کەس پێکدێت، هەروەك لە شانۆی گریکیدا لە سەرەتای شانۆگەرییەکەوە کۆرس دەستدەکەن بەپلاردان لەسەر رووداوی شانۆییەکە، کە هەموویان یەك بەرگیان پۆشیوە، کە ئەویش پۆشاکێکی درێژی رەنگ ڕەشە کە درێژاییەکەی دەگاتە سەر زەوی.**

**ئەو جیاوازییە ساکارەشی کە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە کۆرسی ژاپۆنی تێکەڵی رووداوەکان نابێت ...یەکێك لە ئەفسانەکان وا دەگێڕێتەوە کە ئەو سەمایەی لە شانۆی (no)دا دروست بووە، خواوەند دایهێناوەو ئاماژە بەوە دەدات کە کاهینە بوودییەکان سەرەتا یەکەمین نووسەری شانۆگەرییەکان بوون.**

جووڵەی سەماکەرەکان و ئەکتەرەکان هەڵگری سیمبولْ و ئاماژەن و مۆسیقاش دەکەوێتە بەستنەوەی بەشەکانی نواندنی نمایشەکەو، ئامێرە مۆسیقییە بەکار هاتووەکانی ئەم شانۆییە بریتیین لە "نای –و سیْ شێوە تەپلْ ".

کەسێتی (شیت– Shite) لەسەرەتای کارەکەدا وەك مرۆڤێکی سروشتی دەردەکەویْ و پلەبەپلەو لە نیوەی شانۆگەرییەکەدا دەگۆڕێتە سەر کەسێتییە راستەقینەکەی کەسیمبوڵە بۆ رۆحێکی بێگەرد و پاك وباش کە نەیتوانیوە لە ژیانی واقیعی خۆیدا ئارەزووەکانی تێر بکات .. بەڵام (واکی – waki ) تاکە هەوڵی بریتییە لە بەرجەستەکردنی رۆڵی پیاوێکی ئاینی بوودی و بەردەوام تێبینی کەسایەتی ( شیت – shite ) دەکات.

(شیت– shite) زۆر جار کەسێتی پاڵەوانێکی ئازا یاخود پیرەمێردێکی پەککەوتە، یا کیژۆڵەیەکی ئەویندار یاخود ئافرەتێکی بێزار بوو بەرجەستە دەکات.

ئەوەی ئاشکراو دیارە ئەوەیە کە ئەم شانۆیە دەمامك بەکار دەهێنێت کە لە ژێریدا سەرجەم گوزارشتە مرۆییەکان لەخۆشی و ناخۆشی دەشارێتەوە، یاخود ون دەکات.....

هەروەها سەرجەم کەسایەتییەکان بەهۆی دەمامکەوە نمایشی خۆیان دەکەن، بۆیە لێرەدا گوزارشتی دەموچاو ئەو گرنگییەی نامێنێت ... هەروەك چۆن دەمامکەکان بە شێوەیەکی جوان دروست کراون و لەهەموو روویەکەوە دەمامکێکی وشکن کە لە چەند بەشێکی دیاریکراو پێکدێت.... هەروەك چۆن ئاماژەی ئەکتەرەکان وەك ئاماژەی رەمزی و ناسروشتی دەردەکەون وبەپێی بنەماو پرەنسیپێکی درکپێکراو دەردەچێت.

لەلایەکی ترەوە تەختەی شانۆی ئەم نمایشە شێوەیەکی جێگیری هەبووەو قابیلی گۆڕان و گواستنەوە نەبووەو .. روکەشەکەی بە ڕێگەیەك دروست کرابوو کەوای دەکرد کاتێك سەماکەران قاچیان دەخستە سەری جۆرە دەنگدانەوەیەکی دەدایەوە کە لە دەنگی تەپڵ دەچوو.

لەم شانۆیەدا بنەما سرووتییەکە کە پەیوەستن بە ئاهەنگە ئاینییە رەسمییەکانەوە بنەمایەکی دیارو لەبەرچاویان هەیە و بینەرانیش وەك سەردەمانی کۆن دەهاتن بۆ سەیری نمایشەکەو بەرگی تەواوی سروتەکانیان لەبەر دەکرد.

هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە پێشینەکانی خۆیانەوە ئەم شانۆیەیان پیٚ دەگەیشت و پێی ئاشنا دەبوون ، نەیان دەهێشت هیچ گۆرانکاری و زیادەکارییەك بکرێت لەم شانۆییەدا، بەڵکو وەکو رابردووی خۆیان دەیانهێشتەوە و هەروەها رێگە کۆن و بابەت وجلوبەرگ و دەمامکەکانی تایبەت بەم شانۆیەیان لە فەوتان وگۆران دەپاراست.

دواجار نمایشەکانی (نو) و رێتمی سروتە خاوەکەی و ئەو کەلوپەلە مۆسیقایانەی کە هاوەڵی دەکەن ، بە ریتمە رۆژهەڵاتە ئاسیەوییەکانی و، جلوبەرگە نەخشین و رەنگینەکانی ، کە دامەزراندنی بۆ سەدەی پانزەهەم دەگەڕێتەوە ، وەك پارێزگارییەك لە نەریت و کەسایەتی میللیانەی و پاراستنی لەو هێرشی رۆشنبیری و شارستانیانەی کە لە ئەوروپاو ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت، درێژە بە نمایشکردنی خۆی دەدات لەسەر شێوازی جارانی و سەرەتاکانی دروست بوونی .

www.pertwk.com

## سەرچاوەکان:

1)گۆڤاری الكويت –ژمارە(88) یسالّی 1989.
2)تاريخ المسرح فی ثلاثة الاف سنة – شلدون تيشينی . ترجمة درينی خشبة، وزارة الثقافة والأرشاد القومي، قاهرة.
3)گۆڤاری –الثقافة الاجنبية– ژمارە (2)ی سالّی 1991.

**شانۆی مەرگ لەلای کانتور**

www.pertwk.com



www.pertwk.com

## شانۆی مەرگ لەلای کانتور

هەروا ئاسان نییە ئەفراندنەکانی شانۆکاری پۆڵەندی (تادوەش کانتور) دیاری بکرێت ،چونکە ئەو وێنەکێش و دەرهێنەرو سینۆگراف و ئەکتەرو تیۆردانەرە لەهونەرەکانی شێوەکاری شانۆدا و داهێنەری شانۆی (هابنج)ی ئەزمونگەرییە لە چلەکان و هەتا کۆتاییەکانی چەرخی بیست و کۆچکردنی لەساڵی 1992 ،کانتور پێشڕەوی نویٚ یاخود ئەزموونگەریی شانۆی هاوچەرخی دەنواند .

هەربۆیە ناکرێت هونەرەکەی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنورداربکرێت بەڵام شانۆکەی لە نێوانی ڕەسەنایەتی و خودێتی و سەربەخۆیی لەگەڵ کرانەوە بە ڕووی داهێنانی ئەوانی تردا کۆدەکاتەوە.

لەبەرهەمەکانیدا هەریەك لە بونیادگەری و سوریالیەت و سیمبۆلیزم و دادائیەت و تەعبیرییەت یەکانگیر دەبێت ،بەبیٚ ئەوەی شانۆکەی خۆی بخزێنێتە هیچ کام لەو ڕێچکانە .

داهێنانەکانی (کانتور)بەگشتگیری جیادەکرێتەوە و لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك دەرهاویشتەی هەمەجۆرمان پێشکەش دەکات لەبارەی ڕوانینی هونەرمەند بۆ هونەرەکەی و دژ بە تێزی ئامادەکراو و تەقلیدی بوو بۆ ئەفراندنی هونەری و

لەسەر ئەم تێكشكاندنەی زناكەكانی نمایشی شانۆیی (كانتور) شانۆ ئەزموونگەرییەكەی بونیادنا.

نوسەری ئەم كتێبە (یان كووسوفیتش)رەخنەگروشانۆكارێكەو لەگۆڤاری (دیالۆگ)ی پۆڵەندی دەنوسێت و چەندین كتێبی لەبارەی ئەدەب و شانۆبڵاوكردۆتەوە ،هەروەك چۆن چەندین كتێبی گرنگی سەبارەت بە گۆرانكارییەكانی دراماو شانۆی هاوچەرخ بڵاوكردۆتەوە لەوانە "شانۆی كۆن و نویێ لەساڵی 1973"بەڵام ئەم كتێبەی واتا (شانۆی مەرگ لەلای كانتور) یەكەمین كتێبێكی ناوازەی نوسەرە كەباس لە رێرەوی ژیان و ئەزمونی شانۆكارێكی ئەزموونكاردەكات لە بانێژەی شانۆ و دراماو دارشتەی شانۆی هاوچەرخ بەواتای وشەكەو ئەكتەرو زناكەكانی تری نمایشی شانۆیی .

نوسەر لەبەشی یەكەمی كتێبەكەیدا باس لە ژیانی كانتور دەكات لەساتی لەدایك بوونی لەساڵی 1915لەشاری فیلۆبۆلی رۆژهەڵاتی پۆڵەندا.لەبەرئەوەی باوكی كە چووە جەنگ و نەگەرایەوە كانتور لەگەڵ دایكی لەلای برای باپیری ژیانی گوزەراند كە قەشەیەك بوو و لەكەنیسەدا نیشتەجێبوو.

لەشاری تارنوف بەردەوامی بە خوێندن دا و دەستیدایە وێنەكردن ،پاشان ساڵی 1934 پەیوەندی كرد بە ئەكادیمیای هونەرە جوانەكان. لە (ئەتیلییە) كە هونەرمەندی سینۆگرافی بەناوبانگ (كارول فریتش) سەرپەرشتی دەكردو شارەزایی هەبوو لەشانۆی ئەوروپی و ئاسیەویدا ،كانتور لەسەردەستی ئەو زمانە شانۆییەكەی پەرەپێدا. دەڵێت :"حەزمان بەوە دەكرد لەسەر مەتەریاڵی قوماش و كاغەزو دیوار وێنە بكێشین و دیزاینەربكەین و ماكینات هەڵبواسین".

لەسەروەختی جەنگی دووەمی جیهانیدا کانتور شانۆیەکی نهێنی دامەزاندو ناوینا (شانۆیەك لەژێرزەویدا )،لەقۆناغی داگیرکاری نازییەکانیش لە پۆڵەندا کانتور سەرقاڵی خوێندنەوەی بیرۆکەی (پێشڕەوایەتی )بوو لە هونەردا. سەرەرای داخستنی شانۆکان و رێگەگرتن لەوەی نمایشی شانۆییەکانی بکات بەڵام کانتور توانی شانۆیی (گەڕانەوەی ئۆدیسیۆس) لەماڵەکەی خۆی پێشکەش بکات ،لەبارەی نمایشەکەشەوە وتی: "هەندێك لەکەرەستە ترسێنەرو ناشرینەکانی ژیانی رۆژانەم زیادکرد وەك کەلوپەلی لەکارکەوتووی ئۆتۆمبێل ،حەوزێکی خۆشتنی لەکارکەوتوو.. هتد"

لەدوای جەنگ حکومەت بەناوی واقعیەتی سۆسیالیستییەوە تەدەخولی هونەری کرد و کانتور دەست بەرداری بەشداربوونی ژیانی هونەری دەبێت و لەپلە زانستیی و کارەکەی وەك مامۆستایەك لە ئەکادیمیا بێبەش دەکرێت . پاشان لەساڵی 1955دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن وەك هونەرمەندێکی شێوەکار و سینۆگرافەر.

بەشەکانی تری کتێبەکە کەلە هەشت بەش پێکهاتووە سیماکانی شانۆی کانتور دەستنیشان دەکات کە بەشانۆی سەربەخۆو خودی ناودەبرێت . کانتور وادەبینێت کە مرۆڤ یەکێکە لە مەیدانەکانی ئەفراندنی شانۆیی و لەلای ئەو شانۆی سەربەخۆ مەیدانێکە بۆ هونەرەکان و هەموو ئەو شتانەی لەدەرەوەی گوتراون ،بەواتای ئەوەی کە راڤەکارییەکی شانۆیی نییە بۆ ئەدەب، شانۆی کانتور گەڕانە بەدوای شوێنی شانۆیی لەدەرەوەی شوێنە بونیادکراوەکاندا و شانۆ بەم فۆرمەی ئێستای شتێکی دروست کراوو و دەستکردەو لەو ڕووەوە خودی کانتور دەڵێت :"هەست بە شەرمەزاری دەکەم لەو کاتەی لەسەر کورسی هۆڵێکدا دادەنیشم و تیۆرییە شانۆییەکان رەنگ رێژی ئەم شوێنەبکات کە

بگونجێت لەگەڵیدا کەکەس نەماوە بەرگەی بگرێت .دانانی شانۆش بەوەی کە دامەزراوەیەکی هونەرییە بیرۆکەیەکی لە پێشینەی ساختەکارانەیە ".

لەبارەی بانێژەی شانۆیی یاخود (الفظاء) لە شانۆی سەربەخۆدا ئەوادەبێت زۆر پەیوەست بێت بە ژیان و راستییەوە نەك بە پێشکەشکردنی شانۆگەری ئەدەبی درامی . ئەکتەریش لە شانۆی کانتوردا ئارەزومەند و پیشەوەر نییە و داهێنانی کەسێتی و تەقلیدیشی ناکات و کۆپییەکیشی نییە ،ئەکتەر لەلای کانتور گروپێکن لەهونەرمەندی بەناوبانگی شێوەکارو وێنەگرو پەیکەرسازو کۆمەڵێك مرۆڤی ئاسایی و نەخوێندەوارن کە هیچ شتێك نازانن .کانتور بەمەش ئازادی جوڵەو کردار لەلای ئەکتەر بەدی دەهێنێت .پەیوەندی ئەکتەر لەگەڵ مەتریاڵەکانی تردا دەبێت بەم جۆرە بێت : جەستەی ئەکتەر و جوڵەکەی لە هەموو روکارو هێڵە بونیادنراوەکانی سەرتەختەی شانۆ شەرعیەت بەدەست بهێنێت .

**سەرچاوە:**

ماڵپەری رۆژنامەی "البیان"

www.pertwk.com

# "ئارسەرمیلەر "
# میراتگری کەلە پوری شانۆی جیهانی



www.pertwk.com

# "ئارسەرمیلەر "
# میراتگری کەلە پوری شانۆی جیهانی

ئارسەرمیلەر لەدوای ئەوەی گۆڕەپانی رۆشنبیری ئەمریکی سەرقاڵکرد لەتەمەنی 89ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. نووسەرێکی ئەمریکی لە چەرخی بیستدا نابینیتەوە کەهاوشێوەی ئارسەر میلەر ژیانێکی ئاڵۆز ژیابێت کە رۆژی2005/2/11 لەتەمەنی89 ساڵیدا لە کێڵگەکەی خۆی لە روکسبوری(ویلایەتی کونتیکت) لە دوای ململانێیەکی توند لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەو هەوکردنی سی کۆچی دواییکرد.

ئەم نووسەرە کە شانۆگەرییە بەناوبانگەکەی(مردنی فرۆشیارێکی گەڕۆك-1949) بە یەکێك لە شاکارەکانی چەرخی بیست دانرا، بەڕاستی دیاردەیەکی پێکدەهێنا، چ لەو شانۆگەریو بەرهەمە چیرۆك ئامێزیانەی کە دایهێنابوو یاخود لەو رووداوانەی گوزەراندنی کە زۆرێك لەسەرکەوتنو نوشستی تیابەدەستهێنا.

بەڵام ژیانە راڕاکەی لە هەردوولایەنی کەسێتیو ئەدەبی ناوبانگیەکی گەورەی بۆ هەڵگرت بەتایبەت پاش ئەوەی ساڵی 1956 بووە هاوسەری ئەکتەری گەورە(مارلین مۆنرۆ) کەدواهەمین هاوسەری بوو. ژیانیشیان

لەڕاوەڕاوێکدا بوو ، بەجۆرێك زۆرێك لەبارگرژی لە خۆگرتبوو لە شێوەی ڕۆمانێکدا کە پێویستی بەکەس نەبوو بینوسێت. ئەم پرۆسەی هاوسەرییە گەورەیەش نوشوستی بەخۆیەوەدی‌و زۆرێك لەمەرەکەبی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تیابەکارهێنرا.

ئارسەرمیلەر کەسێکی خاوەن میزاجی زۆرتایبەت بوو، هەمیشە لەپشتی ئەو کەسایەتیانەدا خۆی حەشاردەدا کەبەرهەمی دەهێنا، لەگەڵ ئەوەدا نەیتوانی ململانێی(ناوبانگ)ی بکات‌و هەمیشە لە وێنەیەکدا دەردەکەوت کە نهێنیە تایبەتەکان‌و خێزانیەکانی دەشاردەوە.

میلەر بەدرێژایی ژیانی توانی نێوانی نوسین‌و تێکۆشان کۆبکاتەوەو لە دەوروبەری هەڵمەتی مەکارسیەی ساڵی1957 ڕوبەڕوی چەوسانەوە بۆوە و بەهۆی ئینتمابوونی چەپڕەوانەی لە زۆرێك لەو هەولانە بێ بەشکرا کە زۆرێك لەسەرکەوتنی لەو کاتەدا بۆ فەراهەم دەکرد. بەڵام هەمیشە دەیتوانی ئەو تراژیدیانەی کە لە ژیانیدا پێوەی نالاندویەتی بکاتە کەرەستەیەك بۆ داهێنان‌و نووسین.

زۆرێك لەکەسایەتی نێو بەرهەمەکانی هەڵگری ڕوخساری خۆیەتی وەکو مرۆڤێکی میهرەبان کەهەوڵی نارازی بوون‌و ڕەتکردنەوە و شۆڕش دەدات، لەبیستەکانی چەرخی ڕابردوو دەستیدایە نوسینی شانۆگەری خاوەن چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی کە بە بەرهەمی تراژیدیا گەورەکان ناودەبرێت.

جێی سەرسوڕمانیش نیە کەنوسەرێکی ئاوها لەسەروەختی هەڵمەتی(ئەدەبی)بەناوبانگدا کەلەم دواییەدا و لەساڵی1972 ڕووبەڕوی بۆوەو

www.pertwk.com

لەوکاتەی شانۆگەری(خولقاندنی جیهان‌و بەرهەمەکانی تر)ی نووسی دوربخرێتەوە. ئەم شانۆییەش دوای 20 شەو لە نمایشکردنی ڕاگیرا.

بەڵام شانۆگەری(شوشەی شکاو) کەلەسەر شانۆی(بوس) لەنێوەندی ساڵی1994 نمایشکرا ڕێزی شانۆیی بۆ گەڕاندەوەو ئەوەش یەکەمین جارێك بوو کە بەرهەمێکی نوێی خۆی لەسەر شانۆکانی برودوای پێشکەش بکات.

ئارسەر میلەر توانی ببێتە سیمبوڵێکی دانسقە لەسیمبوڵە ئەدەبی‌و هونەریەکانی ئەمریکاو بەباشترین شێوە چەرخەکەی بنوێنێت. ئەو چەرخەی زۆرێك لەتراژیدیاو گۆڕانکاری‌و بارگرژی بەخۆیەوە بینیوە. لەرێی بەرهەمە شانۆییەکانیشیەوە هەوڵی دەدا پەردە لەڕووی کۆمەڵگەی ئەمریکی‌و جیاوازی‌و ژیان‌و پەیوەندییە مرۆییەکان هەڵماڵێت ، زۆربەی بەرهەمەکانیشی خاوەن رێچکەی واقیعی بوون بەڵام بەواتایەکی گشتگیرو قووڵی زاراوەی واقعیەت.

ژیانی ئارسەر میلەر شایستەی ئەوەیە کەرۆمانێکی لەبارەوە بنوسرێت بەتایبەت کەچەندین ڕووداوی واقعی نامۆی بینیوە، لەگەڵ بوونی کەسێتیەکی بەهێزو دانسقە کەجیاوازییەکی توندی لەنێوان ئەوانەی خۆشیان دەویست‌و ئەوانەشی رقیان لێی دەبۆوە لەخۆگرتبوو.

ئارسەر میلەری نووسەری شانۆیی باشترین میراتگری کەلەپوری شانۆی جیهانییە، بەرهەمەکانی بەبێ هیچ گومانێك لە بەرهەمە کلاسیکیەکانی چەرخی بیستەمە و بەسەرچاوەیەك دەمێنێتەوە کەپێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆی‌و تیایدا دیاردەی هەموو چەرخەکەی بەڵکو مەسەلەکانی چەرخەکەی دەخوێنیتەوە، کە بریتیە لە چەرخی جەنگ‌و شۆڕشە زانستی و ئایدۆلۆژییەکان‌و گۆڕانکارییە مێژووییە گەورەکان.

ئارسەر میلەر بە بناغە داریژەری سەرەكی گۆڕانكاری لەسروشتی شانۆی ئەمریكی پاش جەنگی جیهانی دووەم دادەنریت. شانۆییەكانیشی گوزارەی لە دردۆنگی دەرونی و دارمانی بەهاو ریچكەكانی كۆمەڵگا دەكرد بەرەو ژیانیك كە ترس و(بەكاربردن) باڵی بەسەردا كیشاوە.

دەیویست ویژدانی چەرخەكەی هاوكاری بینەران بیت لەسەر بینینی ئاراستە نویكانی كۆمەڵگەی ئەمریكی و شانۆكەشی كردە تاقیگەیەك كەتیایدا بەقوڵی شیكاری سروشتی مرۆیی ئەمریكی سپی پیستو ئەوململانییە دەرونیانە بكات كە تیایدا دەژی. بەڵام بە شیوازیك كەریز بگەڕینیتەوە بۆ لیكنزیككردنەوەی تراژیدیای گریك. رۆژنامەی(نیۆرك پۆست)خراپی تەندروستی ئەم شانۆكارە مەزنەی دەرخستو ئاماژەش بەوەدەدات لە پیش چەند رۆژیكیش لە كۆچكردنی كەسە نزیكەكانی سەردانیان دەكرد لەنیوانیاندا ریبكاری كچی كەخیزانی(دانیاڵ دای لویس)ی ئەكتەرەو نەوەكانی وئاگنس بارلی ویەنەكیشی هاوڕیی كە(55) ساڵ لەخۆی بچوكترە ، (جون كوبلاند)ی پەیامنیری(فرانس پریس) ئاماژە بەوە دەدات كە هەواڵەكە زۆربەسۆ بوو بەڵام بە بەردەوامی لەو كاتەی لەوێ بووم سەردانی دەكرا لەم سەردانانەشدا ئەوەم بۆ دەركەوت كە ئارسەر هەستی بەهەمووشتیك دەكردو گویی لە مۆسیقا دەگرتو زۆربەی شەوەكانیش میوانی خوانمان هەبوو.

ئەوەشی رونكردەوە كەبەدریژایی ئەو كاتەی لەوێ بووە میلەر هۆشیاری خۆی لەدەست نەداوەو هزری زۆر باش بووەو هەندیك ئاستەمی تووش بووە لە قسەكردندا بەڵام توانای هەبووە لە جوڵاندنی دەستەكانی و ئاماژەكانی سەری.

له دووهەفتەی کۆتایدا ناچاربوو کەلەجێگەدا بکەوێت. بەشێوەیەك لەدووهەفتەی کۆتایدا باری تەندروستی خراپ ببوو. له هەندێ کاتیشدا حەزی بەبینینی کەس نەدەکرد. هەروەها دەڵێت: پیاوێکی ئازا بوو، بەدرێژایی ژیانی بەئازایەتی مایەوەو هیوای دەخواست کەبتوانێ ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت بەسەر نەخۆشیەکەدا سەربکەوێت، بەڵام ئەمە بێگومان به بەردەوامی جێی کردەنیە".

ئارسەر میلەر لەساڵی1915 لەمانهاتن لەدایك بووە، پاشان ساڵی1928 خێزانەکەی بەرەو برۆکسلین دەچن، لەو قۆناغە بێکاری‌و هەژارییەی کە ئەمەریکا له کۆتایی بیستەکانی چەرخی رابردوودا پیایدا تێدەپەڕیۆ له داڕمانی مەعنەویاتی باوکی لەو کاتەدا بەهۆی بێکاری‌و هەژاری کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەجێهێشت.

لەدوای دەرچوونی لەناوەندی کاری دەستی دەکرد له پێناو ئەوەی له خوێندنەکەی بەردەوام بێت. ساڵی1943 چووە زانکۆی میشیگان‌و دەستی دایە نووسین‌و ڕەشنووسی یەکەمین شانۆگەرییەکانی نووسی، لەدوای دەرچوونی لەزانکۆش گەڕایەوە نیویۆرك تاوەکو دەست بکات بەنووسین.

یەکەمین بەرهەمی کەبەناوی(ئەوپیاوەی هەموو چانسەکانی هەبوو) ساڵی1944 بڵاوکردەوە کە چیرۆکی پیاوێکی زۆر خۆشبەخت بوو چەندین سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنابوو بەڵام بەم سەرکەوتنانە دڵخۆش نەبوو.

پاشان رۆمانی(فوکس)و شانۆیەکی تربەناوی(هەموو منداڵەکانم) بەدوایدا هات کە تراژیدیایەکە و باس له چیرۆکی خاوەن کارگەیەکی فرۆشتنی پارچە لەکارکەوتووەکان دەکات بە(سوپا) تاوەکو بەردەوامبێت لەکارەکەی‌و

بەردەوامبێت لەژیان. لێرەدا میلەر ئەوە ڕووندەکاتەوە کەچۆن جەنگ دێت تاوەکولە لایەنی ئەخلاقی مرۆڤ بدات.

دووساڵ تێپەڕی بوو میلەر توانی شاکاری شانۆگەرییەکانی بنوسێت کە لەسەر ئاستی جیهانی ناوبانگی پێدەکرد کە ئەویش شانۆیی(مردنی فرۆشیارێکی گەڕۆك) بوو کەباس لەبێکاریو بەرپرسیارێتی باوکایەتی دەکات.

ئەم فرۆشیارە بەوپەڕی توانایەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە ژیانێکی باش بۆ کوڕەکەی فەراهەم بکات. بەڵام لەکۆتایدا خۆی دەکوژێت ئەم شانۆگەرییە نزیکەی700جار نمایشکراوەولە دوای مانگێك لەدەرکەوتنی بۆ زیاد لە بیست زمان وەرگێردرا.

لەسەروەختی(ماکارسیەشدا) دووچاری چەند بارودۆخێکی ئاڵۆز بۆوە بەهۆی تۆمەتبارکردنی بەمارکسیەت.

میلەر زیاد لە سی شانۆگەری هەیە لەوانە(نەهامەتی 1953) کەلە نەوەدەکانی چەرخی پێشوودا سیناریۆی بۆ داناو پاشان کردی بە فیلمی سینەمایی، شانۆگەری(بەدبەختەکان 1961) کە دەرهێنەری ئەمریکی(جون هیوستن) بەکاری هێنا بۆ فیلمێك کە(مارلین مۆنرۆو کلارك کیبلو مونتکمری کلیفت) ڕۆڵی پاڵەوانەکانیان بەرجەستە دەکرد. ئەوەی جێی دڵتەنگیە ئەو سێ ئەکتەرە ڕاستەوخۆ دوای کۆتایهاتنی وێنەگرتنی فیلمەکە دوا بەدوای یەكو لە ماوەیەکی کورتدا کۆچی دواییان کرد.

**سەرچاوە:**

www.pertwk.com

**سایتەکانی ئەنتەرنێت.**

**نوێترین ئەزمونی**

**پیتەربروك**

www.pertwk.com



## نوێترین ئەزمونی
## پیتەربروك

"شـانۆكارێك نـیم كـە حـەزم لـە گەشـتكردن بێـت ،بـەڵكو گەشـتیارێكم دەرهێنـانی شـانۆیم كردۆتـە پیشـەی خـۆم "بـەمجۆرە" پیتـەر بـرۆك" پێناسـەی خـۆی دەكـات كەلەئێسـتادا بـەیروت بۆتـە وێسـتگەی كـاركردنی لەگەشـتێكی دورودرێـژدا كـەزیاد لـە نیوسـەدە دەبێـت لـەنێوان رۆشـنبیری و شارسـتانی و شارو گەلان و زمان و شێوازە گوزارشتیە هەمەجۆرەكاندا بردیەسەر.

پیتەربرۆك كە ناونراوە"جادوگەری شانۆ" دواهەمین گـەورە مامۆسـتاكانی هونـەری شـانۆی دەوروبـەری قۆنـاغی نیـوەی دووەمـی چـەرخی بیسـتەمە ،لەهـەزارەی نوێـدا وەك لاوێكـی سـەركێش هاتـەبواری شـانۆ كـە ترسـی لـە سەرەتاكان و چاوخشاندنەوە بەوانەی ڕابردودا نەبوو. ئێسـتاكەش لەبەرهەمە نوێكەیـدا كەبەناونیشـانی "مـەرگی سـیزوی بـانزی"دەبێتـە میـوانی شـانۆی "مۆنۆ"لەبەیروت و بەدرێژایی سێ شەو ئەم نمایشەپێشكەشدەكات " ئەمەش بەرلـەوەی لـە مـانگی تـەموز و لـە فێسـتیڤاڵی ئـەفینۆنی شـانۆیی بـەناوبانگ پێشكەش بكرێت ".

www.pertwk.com

بێگومان "پیتەربروک"ی بەریتانی کەساڵی 1925لە لەندەن لەباوکێکی ڕوسی لەدایك بووە و لە پاریس نیشتەجێ بووە و لەسەرەتای حەفتاکانی چەرخی پێشو هەڵگری ناسنامەی فەڕەنسی و پەناهەندەی ئەو وڵاتەیە، ئەمڕۆکە یەکێکە لەگەورەترین شانۆکارە زیندووەکانی جیهان .

سەرەتا و لەسەردەمی لاوێتیدا بەدەرهێنانی شانۆگەرییەکانی شکسپیردەستی پێکرد کەبەدرێژایی ڕێڕەوە هونەرییەکەی لەبواری شانۆدا دەست بەرداری نەبوو و لەسەر تەختەی شانۆ کۆمەڵێك تێکستی شانۆیی گرنگی بەرجەستەکرد کە چووە نێو یادەوەری شانۆی هاوچەرخ .بەڵام ئەم دەرهێنەرە بەناوبانگە بەخێرایی لەچوارچێوەی "ئەلیزابێسیەت "کە لەسەر شانۆکانی لەندەن و پاریس و نیویۆرك ئەزمونی کرد هاتەدەرەوە تاوەکو ڕووەو ئەفریقا مەلە بکات و بچێتە دیداری ڕۆحانیەتی ڕۆژهەڵات . هەربەمجۆرە بوو کە "کۆنفرانسی باڵندەکان"ی لە "فرید الدین عەتار"ەوە پێشکەشکرد . دوای ئەوەش بەچەند ساڵێك و بەدیاریکراوی لەساڵی "1985"توانی داستانە بەناوبانگەکەی هند"مەهابهاراتا" لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستەبکات و لەچوارچێوەی فێستیڤاڵی ئەفینۆنی نێودەوڵەتی بۆ شانۆ و لە شاری ئەفینۆن مانۆڕێکی هونەری ناوازەی لەڕێی ئەم شانۆگەرییەوە پێشکەش کرد کە شەوێکی تەواوەتی خایاند . لەو گەشتەی" پیتەربروك "دا و لەدەرچونی لە سەنتەری ئەوروپا بۆ یەکانگیربوون لەگەڵ لایەنە دورەکان و ڕۆشنبیرییە لەبیرکراو و پەراوێزخراوەکان کیشوەری ئەفریقا روخسارێکی سەرەکی بۆ برۆك پێکهێناو لەو ڕۆشنبیرییە زیندووەی ئەفریقا و نەریتە میللیەکان و سروتە هەمەجۆرەکانی زمانە شانۆییەکەی خۆی بونیادنا کە پشتدەبەستێ بە کورتکردنەوە و سادەیی و وردبینی . شێوازی کارکردنی برۆك لەم

شانۆگەرییەدا وەك ئەزمونە شانۆییەکانی تری ئەم ڕیژیسۆرە جەختدەکاتە سەر جەستەی ئەکتەر و دابەشکردنی بانێژەی شانۆ و گەڕاندنەوەی زیندەگی بۆ وشەکان ،وەك پێودانگێك بۆ ئەوەی کە شانۆ سەرلەنوێ داهێنانەوەی بوونەو مەلەکردنە لە راستییە سادەو سەرەکیەکانی مرۆڤایەتی .

سەرجەمی ئەم تێزانەشی لە کتێبەکانی "پانتایی بەتاڵ "و "لەبیرکردنی زەمەن"دا خستۆتە ڕوو ئەمە جگەلەوەی کە تیپە شانۆییەکەی لەسەر پێکهاتەیەکی فرە کەلتوری و ڕۆشنبیری بونیاد نا کە چەندین ئەکتەری فرە کەلتوری لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان لەخۆگرتووە .

دەکرێت شانۆگەری "مەرگی سیزوی بانزی" کە تازەترین بەرهەمی پیتەر برۆکە وەك بەرهەمی ئەو بەریەککەوتنە رۆحی و ئێستاتیکییەی کیشوەری ئەفریقا دابنرێت کە دەرهێنەر لە کیشوەری ئەفریقا بەگشتی و بەتایبەت لە باشوری ئەفریقا بەریەکەوتنی لەگەڵدا کرد .

لەم شانۆگەرییەدا پیتەر برۆك بەرهەمێك دەهێنێتەوە بەر باسکردن  کە سی ساڵ لەمەوبەرلەباشوری ئەفریقا و لە سەردەمی سیستمی جیاکاری ڕەگەزی پێشودا لەسەردەستی نوسەرێکی سپی پێست بەناوی "ئەتول فوگارد"نوسراوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە دوو ئەکتەری ڕەشپێست بەناوەکانی "جونی کانی و وینستۆن نتشۆنا"..

ڕوداوەکانی شانۆگەرییەکە لەیەکێك لەو شارانەدا ڕودەدات کە هەژاری و برسێتی تەنگی پێهەڵچنیوە، ڕوداوەکانی شانۆگەرییەکە باس لە بەیەکگەیشتنی دووکەسایەتی دەکات ئەوانیش:  ستایلز "کە کرێکارێکی پەراوێزخراوی یەکێك لەکارگەکانی فۆردە لە –نیو برایتۆن– کە بڕیاردەدات

ببێتە وێنەگر"و سیزوی کە لە گوندەوە هاتۆتە شارو ناسنامەی پیاوێکی مردووی دزیوە و خۆی لە کەسێتی ئەو پیاوە مردووەدا حەشارداوە تاوەکو بتوانێت لەم شارە گەورەو ترسناکەدا بەردەوامی بەژیان بدات. ئەم شانۆگەرییە لە دیکۆرێکی سادەو هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێك پرۆجیکتۆر و کەمێك لە کارتۆن و کیسی نایلۆن پێشکەشکرا بەڵام سەرجەمی نمایشەکەی برۆك پشتی دەبەست بە هێزی ئەدا و نەرمونیانی ئەکتەرەکانی .

## سەرچاوە:

ئەنتەرنێت/ سایتی ئیلاف.

www.pertwk.com

# ئاریان منوشکین و
# گۆڕینی شانۆ بۆ شیعرێکی بێگەرد



## ئاریان منوشكین و
## گۆڕینی شانۆ بۆ شیعرێكی بێگەرد

دەرهێنەری فەڕەنسی (ئاریان منوشكین) ساڵی 1939لەدایك بووە، بەرلەوەی دەست بداتە كاری شانۆ لەیەكێك لە زانكۆكانی وڵاتەكەیدا زانستی دەروونی خوێندووە. ساڵی 1964(گرووپی شانۆی خۆر) ی دامەزراند كە نمایشەكانی لەناو خێوەتی سێركدا پێشكەش دەكرد. هەندێك لەو شانۆگەرییانەی كەلە سەرەتادا تیپەكە پێشكەشی دەكرد شانۆگەری كلاسیكی بوون. لەدوای ساڵی (1968تیپی شانۆی خۆر) ڕووی كردە نمایشكردنی بەرهەمە هەڵبژێردراوەكانی شانۆی كۆمەڵایەتی و سیاسی بە پێڕەویكردن لە میتۆدی كاركردنی داستانیانەی (بەرتۆڵد برێخت). شانۆگەری (1789)ئەو بەرهەمە شانۆییە بوو كە بەهۆیەوە (گرووپی شانۆی خۆر )بەجیهان ناساند و

www.pertwk.com

لەساڵی 1970پێشکەشکراو پاش چوارساڵیش کرایە فیلمی سینەمایی. لەدوای ئەمانەش ئاریان مینۆشکین گرنگییەکی زۆری دایە بەرهەمە شانۆییەکانی رۆژهەلات بەتایبەت ژاپۆن و هیند و بۆ ئەو مەبەستەش گەڕایەوە بۆ کەلتوری رۆژهەلات و داستان و ئەفسانەکانی ئەم کەلتورە تاوەکو لە رێی شانۆوە بەرجەستەبکرێن. وەك چۆن ئەم گروپەش بەوە ناسراوون کە دەستپێشخەر بوون لە بردنە دەرەوەی نمایشەکانیان بۆ دەرەوەی هۆڵە تەقلیدییەکان و هەمیشەش ئەم گروپە لە رێی ئەو شانۆگەرییانەی کە پێشکەشی دەکەن بە ئاستێکی هونەری باڵا دەناسرێتەوە.

گەورەترین نمایشەکانی شانۆی فەڕەنسی بۆ ئەم وەرزە، شانۆگەری (دواهەمین کاروان سەرا) بوو کەلە دەرهێنانی ئاریان منوشکین(63) ساڵ بوو و بەڕای زۆرێك لە رەخنەگرانی شانۆی جیهانی دادەنرێت بە ڕاگری شانۆی فەڕەنسی بیٚ هیچ ڕکابەرێك و لە گرنگترین ژنە دەرهێنەرە شانۆییەکانی فەڕەنسایە، ئاریان منوشکین نزیکەی چل ساڵە بەڕێوبەری گروپێکی شانۆییە کە بەگروپی (تیاتر دوسولی– شانۆی خۆر) ناسراوە کەلە 29ی مانگی مایۆی ساڵی 1964دایمەزراندووە و چل ئەکتەر لە فەڕەنسا و سەرجەمی ناوچەکانی جیهان لەخۆدەگرێت. ئاریان وەك هەریەکێك لە ئەکتەرەکانی تری گروپەکە و بیٚ جیاوازی سەرەڕای ئیدارەکردنی گروپەکە یاخود دەرهێنانی شانۆگەریەکان کەلەڕێی ئەم گروپە ئەفسوناوییەوە دێتە نمایشکردن پاداشتی ئیزافی وەرناگرێت.

## رۆمانی ستەملێکراوەکانی سەر زەوی:

ئەم شانۆگەرییە کە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی ئەفینۆنی شانۆیی پێشکەشکرا وەك زۆرێك لەو شانۆگەرییانەی کەلە رێگەی گروپی شانۆی خۆرەوە

ئاریان ڕایهێناوین لەسەری پرسیاری چارەنوسساز لەسەر ئەم چەرخەمان دەخاتە ڕوو و لەڕێی شانۆوە بە گرفت و بەربەستە هەنوكەییەكان ئاشنامان دەكات لەگەڵ جیاوازییەكانی كۆمەڵگە مرۆییەكەمان، بەجۆرێك ئەم شانۆگەرییە باس لە مەسەلەی پەنابەرە ڕەشوڕووت و ستەملێكراوەكانی سەر گۆی زەوی دەكات لە خەڵكی پەنابەری( عێراقی و ئێرانی و ئەفغانی) و چەندین نەتەوەی تر. چیرۆكەكانیمان بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ ئاخ و داخێكدا كەلەو پەڕی ناخۆشی و ئازارەوە دەردەپەڕێن، وێنەی وونبوون و ئازار و هیلاكییەكانی پەنابەرانمان بۆ دەكێشێت . وەك چۆن ئامارژەش بە تراژیدیای جەنگەكان و سیاسەتی حكومەتە دیكتاتۆری و ڕێكخراوە سەلەفییەكان دەدات كە بە تیرۆر و لەناوبردن لە( عێراق و ئێران و ئەفغانستان و پاكستان) حوكم دەكەن.

هەندێكیشسیان ئاڵای ئیسلام هەڵدەكەن و هەندێكی تریشیان بە دروشمە نیشتمانی و میللییەكان خۆیان دەڕازێننەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا دەیانەوێت بمانگەڕێننەوە بۆ چەرخەكانی تاریكی و دواكەوتوویی و لە سیفەتە مرۆییەكانمان دابماڵن.

شانۆگەری (دواهەمین كاروان سەرا)بە دیمەنێكی شانۆیی گەورە دەست پێدەكات، ئەویش دیمەنی تێپەڕبوونی خێزانێكی ئەفغانی هەڵهاتووە لە حكومەتی تاڵیبان، بەهاوكاری گروپێكی مافیا كە پێشەكی هەزارەها دۆلاریان وەرگرتووە بۆ دەربازكردنیان. لێرەدا و لەیەكەمین ساتی شانۆگەرییەكەدا، ئاریان منوشكین موفاجەئەیەكمان پێشكەش دەكات كەلە ئەندێشەماندا نەبووە لەگەڵ وانەیەك لە شێوازی بەكارهێنانی تەكنیكە شانۆیەكان لە پێناوی دروستكردنی وەهمێك بە دیمەنی دەریاچەیەكی بەهێز كەهەموو شتێكی

بەردەمی ڕادەماڵێت. لەگەڵ ئاستەمی بڕینی پانتایی ئەم دەریاچەیە کە بە پەتێك خێزانەکە هەوڵی پەڕینەوەی دەدەن، کە پێدەچێت لەهەر ساتێکدا بێت بپچڕێت و دواتریش سەرکێشییەکانی پەڕینەوەی دەریاچەکە بە خنکاندن و مەرگ و بیٚ ئاکامی کۆتایی بێت.

ئاریان منوشکین بەمجۆرە و لەیەکەم ساتەوە کێشمان دەکاتە نێو کارەکە تاوەکو درك و هەست بە سامناکی و ئاستی مەترسیەکان بکەین لەگەڵ ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم هەڵهاتنی ئەم خێزانە کە وەك بەیەککگەیشتن و ڕوبەڕوبوونەوەی مەرگ و ترس خۆی نیشان دەدات، نەك لە ساتی پەڕینەوەی ئەو دەریاچەیە بەڵکو لەهەموو ساتەکانی تریشدا، بەواتای لەو ساتەی کە گەشتەکانی هەڵهاتن دەست پێدەکات تا ئەو ساتەی کە خاك و نیشتمانێکی تر دەدۆزرێتەوە بۆ نیشتەجیٚ بوون.

ئەم دیمەنەی کە شانۆگەرییەکەی پیٚ کرایەوە بەتەنها موفاجەئەیەکی گەورەی خوڵقاند لەلامان، کە دادەنرێت بە مەزنترین دیمەنە مرۆییە بە ئازار و کاریگەرەکان کەلەسەر شانۆی فەرەنسی پێشکەش کرابێت. ئەم شانۆگەرییە بەدیویێکی تردا قسەکردنە لە تراژیدیای ئەو پەنابەرانەی کە هەڵهاتوون لە دۆزەخی سیاسەتی چەوساندنەوە و ستەم و دیکتاتۆرەکانی (عێراق و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان )و چەندین ناوچە و وڵاتی تر، کەدان نانێن بەمافی مرۆڤ بەڵکو سێدارە بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەخەن و لە گرتوخانەکاندا توندیان دەکەن. دیمەنی کردنەوەی ئەم شانۆگەرییە، دووبارە گەورەیی و بەهێزی ئەم هونەرە شانۆییە دەردەخات لەگەڵ کاریگەری قوڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر بینەران، ئاریان منوشکین لەم شانۆگەرییەدا هێندە ئەفراندن و دانایی و ووردبینی خۆی نیشان داوە لە بونیادنانی دیمەنەکانی شانۆییەکە و لە

**شێوازی هاتنەناوەوە و چونە دەرەوەی ئەكتەرەكان بەوپەڕی سیستماتكراو و تەنانەت لە خێرایی گۆڕینی دیمەنەكان و خێرایی هاتنە ناوەوە و چونە دەرەوەی ئەكتەرەكان لەسەر شانۆ و بەهۆی ئەو ڕیتمە شانۆییەوە بینەر واخۆی دێتە بەرچاوو كەلە هۆڵێكی نمایشكردندا دانیشتووە و سەیری فیلمێكی سینەمایی دەكات نەك شانۆگەریی.**

**فیلمێك لەڕێی دیمەن و گرتەكانییەوە بە نێو ئۆردووگای پەنابەرەكاندا هاتوچۆمان پێدەكات تاوەكو لە نزیكەوە هەوڵی هەڵهاتنی بەكۆمەڵی پەنابەران ببینین لە ژێر ڕەوڕەوەی ئەو شەمەندۆفەرانەی كەبەرەو لەندەن دەچن كە پڕاوپڕە لە مەترسی و ڕووداوی ترسناك و دواتر دەمانباتەوە لای پەنابەرانێك كە باس لە بارودۆخ و ژیانی ئاڵۆزی خۆیان دەكەن لە ئەفغانستان و لەژێر دەسەڵاتی حوكمی تاڵیبانی تیرۆریست و لە ئێراندا لەژێر حوكمی مەلا توندڕەوەكان و غیابی دیموكراتیەت و ئازادی بیروڕا و لەناوبردنی خۆپیشاندانەكان و دەستبەسەركردنی خوێندكاران و خۆپیشاندەرانی وڵات. فیلمێك ئەو هۆكارانەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە پاڵی بەو پەنابەرانەوە ناوە عێراق و خاكەكانی خۆیان و نیشتمان بەجێ بهێڵن و لەهەمان كاتیشدا نامۆبوونیان لەناوخودی وڵاتەكەی خۆشیاندا ڕون دەكاتەوە تەنانەت لە ناوخودی خۆشیاندا. وەك ڕونكردنەوەی ئەوەی كە چۆن ڕووبەڕووی سەرجەمی جۆرەكانی چەوساندنەوە دەبنەوە لەو ئۆردوگا كاتییانەی كە لەنێو دوورگەی تەلبەندكراودا بۆیان دروست دەكرێت.**

**شانۆگەری (دواهەمین كاروان سەرا) ی ئاریان منوشكین داستانێكی شانۆیی گەورەیە چونكە لەسەر میتۆدێكی هونەری ئەوتۆ بونیادنراوە كەلە**

www.pertwk.com

موعجیزه دەچێت: میتۆدی گۆڕینی شانۆ یاخود بەرهەمە شانۆییەکان بۆ شیعرێکی بێگەرد، شیعرێك بە واقیعیەتی خۆی و لە دڵی ئێستادا و بە دژ و ستەمەکانی بەریەککەوتمان پێ دەکات.

### سەرچاوە:

ماڵپەڕی رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی.

## بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ:

*بیبلیۆگرافیای چوارساڵەی گۆڤاری ئاینده،ژماره"1-48"بەهاوبەشی کامەران سوبحان –لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم –2004–.

* جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمەدەکرێت – کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕدراو دەربارەی توندوتیژیی – لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان –2005.

* سامۆئیل بیکیت –کۆمەڵە وتارێکی وەرگێردڕاو – لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم –کتێبی گیرفان –2005.

* ئەزمونگەری و داهێنان – دیدارێکی بەرفراوان لەگەڵ دانا رەئوف – بەهاوبەشی "کامەران سوبحان – لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – 2005.

* دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن – دیدارێکی هەمەلایەن لەگەڵ "د. فازڵ جاف "بەهاوبەشی "کامەران سوبحان "لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – 2005– چاپی یەکەم.

*بیبلیۆگرافیای ساڵێکی گۆڤاری ئاینده –ژمارە"48–58"–بەهاوبەشی کامەران سوبحان– لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم –2005– .

* دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن – دیدارێکی هەمەلایەن لەگەڵ "د. فازڵ جاف "بەهاوبەشی "کامەران سوبحان "لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – 2006– چاپی دووەم.

www.pertwk.com